تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5943) یەک شەممە 1ی ئادار 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم سەنتەرێکی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر دەکاتەوە

داوا لە هاوواڵاتیان دەکەم ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکەن



ڕۆژی پێنجشەممە 2020/2/27 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی تایبەت بە ئامادەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنای لە شاری هەولێر بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



لە 41 ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی نەمردا

دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی کوردستان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر و خوێنی شەهیدان و خەباتی پێشمەرگەیە

میللەتی کورد تەسلیمی ئیرادەی ناحەزانی کورد نابێت

فازڵ میرانی: عەللاوی دەیەوێت کودەتای پێنجەم لە بەرگی سیاسیدا بکات



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە مەرج و داواکاری کورد بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقی و بژاردەکانی بەردەم کورد دەکات، میرانی دەڵێ نەک هەر ئێمە، بەڵکوو تەواوی هێزەکانی عێراق لە شێوازی مامەڵەی عەللاوی ڕازی نین. فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: من وەک پارتییەک قسە ناکەم، بەڵکوو وەکو کوردستانییەک قسە دەکەم، عەللاوی وا دەزانێت لە مەریخەوە هاتووە و نازانێت ئەسڵەن عێراق وڵاتێکە لە ساڵی 1958وە لەسەر سێ کوچکەکەی سوننە و شیعە و کورد دروست بووە، کە عەبدەولکەریم قاسم هاتووە سەر حوکم، محەمەد نەجیب ڕوبەیعی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، سوننی بووە، محەمەد مەهدی کوبە شیعە بوو، خالید بن نەقشەبەندی کورد بووە.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

وەزیری تەندروستی:

هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە

د.سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی ڕایدەگەیەنێت تا ئێستا لە هەرێم لە 21 شوێن کەرانتینەیان داناوە و هەزار و 850 کەس تێیدا چاودێری دەکرێن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

فارس عیسا:

لەگەڵ لایەنە سوننەکان و زۆرینەی شیعەش لێکتێگەیشتنمان هەیە

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا ڕایگەیاند: بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی دایڕشتووە لە پێکهێنانی کابینەکەیدا سەرکەوتوو نابێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ..

پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی دەکاتەوە

دوای مانگێک لە پشووی زستانە، ئەمڕۆ یەکشەممە، پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی دەکاتەوە و خوێندنەوەی دووەمیش بۆ ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای بەقاچاغبردنی نەوت دەکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرپەرشتیاری دەروازەی باشماخ: هیچ هاوڵاتییەک بەبێ پشکنینی تەندروستی ناگەڕێتەوە کوردستان

سەرپەشتیاری دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ ڕایدەگەیەنێت هیچ مەرزێک ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی کار بکات و سەرجەم دەروازە نێودەوڵەتییەکان یەک فەرمان جێبەجێ دەکەن کە ئەویش لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەردەچێت. بەپێی ئامارەی دەروازە نێودەوڵەتییەکە لە 1ی1ی 2020ەوە تا 20ی 2 زیاتر لە 35 هەزار هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە کۆماری ئیسلامی ئێران.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



ئاسایشی یۆنان ڕێگری لە لێشاوی کۆچبەرانی نایاسایی دەکات

ئەوەی حکوومەتی تورکیا سنووری ئاوی و وشکاییەکانی وڵاتەکەی بەڕووی کۆچبەرانی سووریا بۆ وڵاتانی ئەوروپا کردەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەری سووری لە تورکیاوە هەوڵی چوونەناوەوەی یۆنان دەدەن و لەسەر سنووری نێوان تورکیا و یۆنانیش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سنووری یۆنانەوە بە گازی فرمێسکڕێژ و بۆمبی دەنگی هەوڵی بلاوەپێکردنی کۆچبەران دەدرێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



ئەمەریکا و تاڵیبان ڕێککەوتنی ئاشتیبان لە ئەفغانستان واژوو کرد

دوای نزیکەی دوو ساڵ لە کۆبوونەوە و دانوستان، دواجار ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان دوێنێ لە دۆحەی پایتەختی قەتەر ڕێککەوتنی هێنانی ئاشتی بۆ ئەفغانستانیان واژوو کرد.
(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

حکوومەتی ناحزبی

سەلام عەبدوڵلا

ئەمە تێزی موحەمەد تۆفیق عەلاوییە کە دەیەوێ سواری شەپۆلی خۆپیشاندەران و ناڕەزایی گۆڕەپانەکانی بەغدا و شارەکانی خواروو عێراق بێت (کە زۆربەی شیعە مەزهەبن).

بەڵام ئایا لە سەرانسەری جیهاندا حکوومەتێک هەیە وەک عەللاوی و نارازییەکان داوا دەکەن کە هەر هەمووی ناحزبی بێت؟ لە وڵاتانی دیموکراتیدا ڕەنگە لە دامەزراندنی حکوومەتێکدا کەسێک یان کەسانێک بەشداری حکوومەتیان پێ بکرێ، ئەگەرچی ناحزبیش بن، ئەویش لەبەر لێوەشاوەیی و شارەزاییان لە بوارێکدا کە ڕەنگە لەنێو سیاسیەکاندا پەیدا نەبێت بەو توانا و شارەزاییەی کەسانی پسپۆڕ، بۆیە زۆر ئاساییە و گەلێک جاریش ڕوویداوە کەسانی سەربەخۆ و ناحزبی لە وڵاتانی دیموکراتیدا بەشداری حکومەتیان پێ بکرێ و سەرکەوتوش بن، بەڵام بتەوێت هەموو بەشداربووانی حکوومەت، کەسانی سەربەخۆ و ناحزبی بن تائێستا نموونەی لەو جۆرە نەبووە.

ڕاستە حزبە سیاسیەکانی عێراق، دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی عێراق، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا کە قۆناغێکی نوێ، پاش ساڵانی دروودرێژی دیکتاتۆریەت بێتە ئاراوە، کە خزمەتی گەلانی عێراق بکات و دۆخێکی ئاوا بێنێتە کایەوە کە سەرجەم پێکهاتەکانی نێو عێراق سوودمەندبن و لاپەڕەیەکی نوێی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و خۆشگوزەرانی پێکەوە لەبن سێبەری سیستەمێکی دیموکراتی و فەریی و فیدرالیدا هەڵبدەنەوە و کۆمەڵگەیەکی نموونەیی بنیات بنێن.

بەڵام مەخابن، ئەو حزبانەی کە ساڵانێکی دوورو درێژ، دژایەتی دیکتاتۆریەت و ڕژێمی عەسکەرتاریەتیان دەکرد، ئەوانیش ورده ورده بەرەو بنیاتنانی سیستمێکی نادیموکراتی و مەزهەبی هەنگاویان نا کە عێراقی نوقمی گەندەڵی کرد، بە ئاستێک عێراقیی ئەمڕۆ لە پێشەنگی دەوڵەتە هەرە گەندەڵەکانی جیهاندایە، ئەگەرچی خاوەن سەروەت و سامانێکی ئەوتۆشە کە دەکرا وڵاتێکی خۆشگوزەران و خزمەتگوزارییەکی بەرفراوان و سیستەمێکی پێشکەوتوو و مرۆڤدۆستانەی تێدا بنیات بنرێت کە نەنرا.

عێراق کە وڵاتێکی فرە پێکهاتە و فرەئایین و مەزهەبە، لەسەر بنەمای تەوافوق و شەراکەت و هاوسەنگی بنیاتنرایەوە، دوای چەندین ساڵ لە دیکتاتۆریەت و تاکە حزب، بۆیە ئەمڕۆ ئاسان نییە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگیرێ و ئەو بنەمایانە کە گەرەنتی ئارامی و پێکەوەژیان و حوکمڕانی دەکرد، پێشێل بکرێ و بە ئارەزووی تاکە کەسێک کە خۆشی دەستنیشاندەری چەند لایەنێکی سیاسییە، ئەمڕۆ ئاوا نادیدە بگیرێ کە سەراپای پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا دەگێڕێتەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم، کە لە زیان زیاتر هیچی دیکەی لێ دەستەبەر نابێت.

بۆیە ئەم هەوڵەی عەللاوی سەرکەوتوو نابێت و ئەمڕۆ یان سبەی لە پەرلەمانی بەغدا ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبێتەوە. حکومڕانی لە عێراقدا بە حوکمی پێکهاتەکانی، هەر دەبێت لەسەر بنەمای تەوافوق و شەراکەت و هاوسەنگی بێت، دەنا ئەم عێراقە بەزۆر پێکەوەلکێنراوە، لەوە زیاتر بڕ ناکات و هەرەس دەهێنێت.



سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە ئیبراهیم برۆ دەکات

سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا هاوخەمی خۆی ئاڕاستەی ئیبراهیم برۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی یەکێتیی کوردستانی سووریا دەکات بە بۆنەی کۆچی دوایی خاتوو ئەستێرە خوشکی بەڕێزیان، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

.

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێز ئیبراهیم برۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی یەکێتیی کوردستانی سووریا

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو ئەستێرە خوشکی بەڕێزتانمان پێ گەییشت.

سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و خانەوادە و کەسوکارتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
27ی 2ی 2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم سەنتەرێکی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی پایرۆسی کۆرۆنا بەسەر دەکاتەوە

مەسرور بارزانی: داوا لە هاوواڵاتیان دەکەم ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکەن

داوا لە بازرگان و دووکانداران دەکەم بە هەستێکی باڵای بەرپرسیارێتی ڕەفتار بکەن



ڕۆژی پێنجشەمە 2020/2/27 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی تایبەت بە ئامادەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنای لە شاری هەولێر بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن و ڕووبەڕووبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا بوو.

دەربارەی ئامادەکارییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەت لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: مەبەست لە سەردانەکەمان بۆ دڵنیابوونی ئامادەکارییەکان بوو بۆ هەر حاڵەتێکی نەخوازراو کە لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کراون و چەندین کۆبوونەوەشمان لە ئەنجوومەنی وەزیران و لەسەر ئاستی پارێزگاکان کردووە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە. هیوادارین لەکاتێکی نزیکدا چارەسەریی بۆ ئەو نەخۆشییە بدۆزرێتەوە. داوا لە هەموو هاوواڵاتیان دەکەم ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان و کەسوکاریان بپارێزن. خۆشبەختانە بە پێی زانیارییەکان تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە قایرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە، بەڵام وەک دەزانن چەندین حاڵەت لە خوارووی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە تۆمار کراون. سەرۆکی حکومەت گوتیشی: ئامادەکارییەکان لە هەرێمی کوردستان لەوانەیە لە پێشەوەی زۆر لە وڵاتانی ناوچەکەدا بێت، ئەوەش جێگەی دەستخۆشییە، داواش لە هاوواڵاتیان دەکەم هاوکاری ستافی پزیشکی بن و خۆشیان بپارێزن. هەروەها داوا لە بازرگان و دووکاندار دەکەم بە هەستێکی باڵای بەرپرسیارێتی ڕەفتار بکەن و خۆیان لە گرانکردنی نرخی کەلوپەل و پێداویستیی ڕۆژانەی خەڵک بە دوور بگرن. هیوادارم هەموومان بە یەکەوە بتوانین ڕووبەڕووی ئەم پەتایە ببینەوە، پشت بە خوا هیچ شتێکی ناخۆش ڕوونادات و خەڵکی هەرێمی کوردستان سەلامەت دەبن.

وەزیری تەندروستی: هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە



وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت تا ئێستا لە هەرێم لە 21شوێن کەرانتینەیان داناوە و هەزار و 850 کەس تێیدا چاودێری دەکرێن. وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی ئامادەکارییەکان بۆ بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا سەردانی شاری سلێمانی کرد و دوای بەسەرکردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت بە پشکنین و چارەسەریی نەخۆشی کۆرۆنا، لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا.

لە لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەیدا، سامان بەرزنجی ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێم تۆمارنەکراوە و هەموو ئەو پشکنینانەی کراون، نێگەتیڤ دەرچوون و پاک بوون.

وەزیری تەندروستی ڕاشیگەیاند: سەردانی شاری سلێمانیمان کردووە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری دۆخی پشکنین و وردەکاری ئامادەکارییەکان بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەو نەخۆشخانەیەی لە سەرچنار دانراوە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەر نەخۆشێک و وەک پلانی دووەمیش ئامادەکاری بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی دیکە دەکرێت، بۆ ئەوەی تایبەت بکرێت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، سامان بەرزنجی ئاماژەی بەوەشدا کە تا ئێستا لە 21 شوێن کەرانتینایان داناوە و هەزار و 850 کەس تێیدا چاودێری دەکرێن و گوتی: هەموو دەروازە سنوورییەکان کاری باشیان تێدا کراوە و لە 16شوێن خاڵی پشکنین بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا دانراوە. وەزیری تەندروستی ئاشکرای کرد کە 12حاڵەتی گوماناویی لە هەرێمی کوردستان پشکنینیان بۆ کراوە، کە نۆ کەسیان پشکنینەکانیان نێگەتیڤ بووە، واتە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا نین، ئەوانی دیکەش لەم یەک دوو ڕۆژەدا ئەنجامی پشکنینەکەیان دەردەچێت.

خوێندنەوەی دووەم بۆ ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای بەقاچاغبردنی نەوت دەکرێت

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی دەکاتەوە

دوای مانگێک لە پشووی زستانە، ئەمڕۆ یەکشەمە، پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی دەکاتەوە و خوێندنەوەی دووەمیش بۆ ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای بەقاچاغبردنی نەوت دەکرێت.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی سەرجەم ئەندامان دەکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 11ی پێشینەڕۆژی ئەمڕۆ یەکشەمە 2020/3/1ئەمەش دوای مانگێک لە پشووی زستانە دێت. پێشتریش ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندبوو کە ئەوان کار بۆ پێشکەشکردنی چەندین فایەق لە ڕاگەیەندراوێکدا بانگهێشتی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکات بۆ دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر 11ی پێشینەڕۆژی ئەمڕۆ یەکشەمە 2020/3/1ئەمەش دوای مانگێک لە پشووی زستانە دێت. پێشتریش ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندبوو کە ئەوان کار بۆ پێشکەشکردنی چەندین پڕۆژەی باش و گرنگ دەکەن بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکەن.

گولیزار سندی جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای بەقاچاغبردنی نەوت پێشتر ئامادە کراوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بڕیارە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانیشدا خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و پەرلەمانتاران بۆچوونی خۆیانی لەسەر دەربڕن. جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان دەشڵێت: یاسای مامەڵەکردن بە نەوت بە شێوەی قاچاغ، پێشتر لە ساڵی 2008 لە عێراق دەرچووە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەو بابەتە نەبووە، بەڵکوو ئەگەر پێشتر بابەتی بەقاچاغبردنی نەوت هەبووبێت بەپێی یاسای گومرگی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە یاساکە هەموو کەلوپەلێک دەگرێتەوە، بەڵام ئێستا کەرتی نەوت جیا کراوەتەوە. سندی جەختی کردەوە دوای پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکە، مامەڵەکردن بە کەرتی نەوت ڕێک دەخرێت و ڕێگە نادرێت بە شێوەی قاچاغ مامەڵەی پێوە بکرێت، لە هەرێمی کوردستانیش بەقاچاغبردنی نەوت بۆ دەرەوە کەمترە لەوەی ناوخۆ، چونکە زۆر جار لە ناوخۆ مامەڵەی پێوە دەکرێت بە بێ هەبوونی مۆڵەت، بەڵام بە یاسا ڕێک دەخرێت و ڕێگری دەکرێت لەوەی بە قاچاغ مامەڵە بە نەوتەوە بکرێت.

سەرجەم فەرمان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی وەکو خۆی جێبەجێ دەکەین

سەرپەرشتیاری دەروازەی باشماخ: هیچ هاوواڵاتییەک بەبێ پشکنینی تەندروستی ناگەڕێتەوە کوردستان

خەبات: عەلی بانیشاری

سەرپەشتیاری دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ ڕایدەگەیەنێت هیچ مەرزێک ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی کار بکات و سەرجەم دەروازە نێودەوڵەتییەکان یەک فەرمان جێبەجێ دەکەن کە ئەویش لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەردەچێت. بەپێی ئامارەی دەروازە نێودەوڵەتییەکە لە 1ی1ی 2020ەوە تا 20ی 2 زیاتر لە35 هەزار هاوواڵاتی لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە کۆماری ئیسلامی ئێران.



لیوا مەریوان شێخ کەمال قەرەداغی، سەرپەرشتیاری کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: بۆ خۆپاراستن و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی و سەرپەرشتی د.هەڤاڵ ئەبووبەکر ڕۆووی عەمەلیات بۆ بەرژەوەندیی گشتی دروستکراوە و لایەنە پەیوەندارەکانیش تێیدا ئەندامن. دەشڵێت: هیچ هاونیشتیمانییەک ناتوانێت سەفەری ئێران بکات و هاوواڵاتیانی ئێرانیش ناتوانن داخڵی هەرێمی کوردستان بن.

ئاماژەی بەوەشدا ئەو هاوواڵاتیانی پێش بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ چوونەتە ئێران، بەڵام 39هەزار کەسەی کە زیادن هی پێش ئەمساڵە. ئەوەشی گوت: ئێستا ڕۆژانە خەڵک لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان. لیوا مەریوان شێخ کەمال قەرەداغی هەروەها دەشڵێت: دەروازە نێودەوڵەتییەکان هەموو وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی وەکو خۆی جێبەجێ دەکەن.

سەبارەت بە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران؟ سەرپەرشتیاری کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ گوتی: لە ئێستادا ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتنی شتومەک و کاڵا و سووتەمەنی لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان ئاساییە. زیاتر گوتی: ئەو شۆفێرە ئێرانییانەی کە دێنە دەروازەکە پێش هەموو شتێک پشکنینیان بۆ دەکرێت، پاشان کۆ دەکرێنەوە تا دەبنە 50شۆفێر، دواتر ئاسایش و هاتووچۆ لە پێش و پاش شۆفێرەکانەوە دەڕۆن تا دەگەنە سلێمانی، لەوێش پشکنینی تەندروستییان بۆ دەکرێت و بارەکانیان بەتاڵ دەکرێت و بەهەمان شێوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئێران. ئەوەشی گوت: شوفێرەی تانکەرە ئێرانییەکان بۆیان نییە لە ڕێگەدا لابدەن و بەتەنها بن. وەکو لیوا مەریوان شێخ کەمال قەرەداغی دەڵێت: هەمان ڕێکارە بۆ بارە ترانزێتەکانیش دەگیرێتە بەر.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/3/1 ژمارە (5943)

عێراق لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە

فازڵ میرانی: ئەوەی حیسابمان بۆ نەکات ئێمەش حیسابی بۆ ناکەین

میللەتی کورد تەسلیمی ئیرادەی ناحەزانی کورد نابێت



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە مەرج و داواکاری کورد بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقی و بژاردەکانی بەردەم کورد دەکات، میرانی دەڵێ نەک هەر ئێمە، بەڵکوو تەواوی هێزەکانی عێراق لە شێوازی مامەڵەی عەللاوی رازی نین.

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا رایگەیاندووە: من وەک پارتییەک قسە ناکەم، بەڵکوو وەکو کوردستانییەک قسە دەکەم، عەللاوی وا دەزانێت لە مەریخەوە هاتووە و نازانێت ئەسڵەن عێراق وڵاتێکە لە ساڵی 1958وە لەسەر سێ کوچکەکەی سوننە و شیعە و کورد دروست بووە، کە عەبدەولکەریم قاسم هاتووە سەر حوکم، محەمەد نەجیب روبەیعی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، سوننی بووە، محەمەد مەهدی کوبە شیعە بوو، خالید بن نەقشەبەندی کورد بووە. ئەم هەموو حزبانە خەباتیان کردووە بە تایبەتی ئێمەی کورد شۆڕشمان کردووە و دنیایەک شەهیدمان داوە، دەکرێ ئەمڕۆ حەقی ئەوەمان نەبێ وەکو کیانێکی فیدراڵی کاندیدی خۆمان دابنێین کە نوێنەرایەتیمان بکات لە عێراق؟! لەبەر ئەوە ئەمە ڕەتکراوەیە لای نەک هەر ئێمە، بەڵکوو لای تەواوی هێزەکانی عێراق لە شێوازی مامەڵەی عەللاوی ڕازی نین، هەندێکیان بێ دەنگن، هەندێکیان قسە دەکەن، هەندێکیان لەوانەیە ڕازی بن، بەڵام لەڕاستیدا، ئەو ئەگەر ئەمەمان بۆ قبوڵ نەکات، لە بەرانبەریشدا ئێمەش ئەومان (عەللاوی) قبوڵ نییە.

ئەمەی عەللاوی دەیکات کودەتای پێنجەمە

سەبارەت بەوەی ئەگەر کورد بەشداری حکوومەتی عێراقی نەکات چی دەکات؟ فازڵ میرانی دەڵێت: زۆر شت دەتوانین بکەین، ئەوە نەبێت کە کورد بێ دەسەڵات بێت هەتا ئێستا چوار کودەتای سەربازی لە عێراقدا کراوە، ئەمەی عەللاوی دەیکات کودەتای پێنجەمە، بەڵام بەرگرێکی سیاسی لەبەرکردووە، لەبەر ئەوە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئەرمەنەوە چیتر ڕازی نین حوکمێکی شمولی جا قەومی بێ یان تائیفی بێ هەرچییەک بێت قبوڵ بکرێت، گەلی عێراق چیتر ناچێتەبەر حوکمێکی شمولی و ئەمەمان قبوڵ نییە. میرانی ئاماژەی بەوەشکرد لە بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان و هێزەکانی ئەمەریکا تەنها دەنگی شیعە بوو، کورد و سوننە و پێکهاتەکانی تر بەشدار نەبوون، بەڵام ئەوەتا بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا، حکوومەتی بەتەنها شیعەش هەروای لێدێت.

دەتوانین لەم حکوومەتە بەشدار نەبین

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کورد دەتوانێت چی بکات ئەگەر بەشداری حکوومەتی نوێی عێراقی نەکرد، بژاردەکانی بەردەمی چین؟ فازڵ میرانی دەڵێت: دەتوانین لەم حکوومەتە بەشدار نەبین، بەڵام ئێمە داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی لێ دەکەین، ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە و ئەوانەی خۆپێشاندانیان کوشتووە بیگرن و بیدەن بەدادگا، دنیایەیەک بەڵێنی لەسەرخۆی داناوە، لەلایەکی تردەوە مومکین نییە لەم وڵاتە حوکمی یەک قەومی یەک تایفی بەڕێوە بچێت لە عێراق. کورد میللەتی دووەمە لە عێراقدا و ئێمە فیدراڵییەکی دەستووریمان هەیە، هەروەها سوننە پێکهاتەیەکی سەرەکییە، تورکمان و ئاشووری پێکهێنەرێکن ناکرێ حوکمەت سەرکەوتوو بێت، بەڕێوە بچێت بەبێ ئەم پێکهاتانە.

بژاردەکانی بەردەم کورد

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی فازڵ میرانی ڕوونیکردەوە: بژاردەکانی بەردەم کورد یەکێکیان ئەوەیە ئێمە داوای مافە دەستوورییەکانی خۆمان دەکەین، دووەمیان، وەکو عێراقی ئێمە بەشداری لەگەڵ هێزە عێراقییەکان دەکەین داوای ئاسایش و سەقامگیری و بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەکەین، ئەم حوکمەتە2003 وە هیچی نەکردووە بەسەدان ملیار دۆلاری عێراق سەرف بووە. عەلاوی خۆی کاندیدی دوو حزبە و دەڵێ نوێنەری حزبەکان قبوڵ ناکەم، خۆی کاندیدی لیستی فەتح و سائیرونە. ئێمە کاندیدی خۆمان بەناوی کاندیدانی هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکەین، ئێمە هەرێمیکین فیدراڵین، ئێمە حزبێک نین لە بەغدا دانیشتبین، یەکەم ئێمە میللەتێکین نەتەوەی دووەمین لە عێراق. دووەم ئێمە فیدراڵییەکی دەستوورییەن، ئەوەی حیسابمان بۆ نەکات، ئێمەش نە هاوکاری دەبین و نە حسابی بۆ دەکەین. ئێمە نابینە ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئێمە شەریکی ئەم وڵاتەین، بەشێکین لە عێراق و ئێمە فیدراڵیمان هەیە، ئێمە داوای مافە دەستوورییەکانی خۆمان دەکەین، ئێمە حزبێک نین بەڵکو ئێمە کیانێکی دەستوورین و ئێمە میللەتێکین کورد یەک دەستە و یەک ڕایە، هەم ئەو وەفدەی چووە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕاوە و وەزعی عێراق گۆڕاوە، هەم جوگرافی و هەم سیاسی. ئێمە دوا بڕیارمان نەداوە، بەڵام یەک هەرێمی کوردستان مافی دەستوری خۆی دەوێت. دووەم ئەو شێوەی عەللاوی دەستی پێ کردووە، نەک هەرێم بە سوننە و شیعە و کوردەوە پێ ی ڕازی نین.لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەمە بگونجێین، عێراق لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە بۆ ئەوەی ئەمن و ئیستقرار هەبێ.

وەفدێکی نوێ دەنێرینەوە بۆ بەغدا

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد ئێمە وەک لایەنە کوردستانییەکان وەفدێکی تازە دەنێرینەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ ئەم پێکهێنەرانەی تری عێراق قسە بکەنەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لایەنە بتوانێ کاندیدەکانی خۆی دەستنیشان بکات بۆ بەشداری لە حکوومەت. ئێمە نابینە ئۆپۆزسیۆن، مامەڵە لەگەڵ ئەو کوردانە ناکەین کە ئەوان لە جیاتی ئێمە دایان بنێین، ئەوانە ناتوانن نوێنەری کورد بن.

فازڵ میرانی ڕەتیکردەوە کورد ببیتە ئۆپۆزسیۆن لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقی و گوتی: ئێمە مافی دەستووریمان هەیە، بەڵام ئێمە نابینە ئۆپۆزسیسیۆن، مامەڵە جیاوازی هەیە لەگەڵ دانپێدانان، دەبێت ئەم پرسیارە لە عێراق بکەین ئایا هاوڵاتی هەرێمی کوردستان عێراقین یان نا ؟ ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو کوردانە ناکەین کە ئەوان لە جیاتی ئێمە دایان بنێین، ئەوانە ناتوانن نوێنەری کورد بن. ئەوانە دەتوانن بۆ خۆیان فەرمانبەر بن، بەڵام بە نوێنەری ئێمە قبوڵیان ناکەین.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختیکردەوە، هەر کوردێک لە کابینەکەی عەللاوی بێتە وەزیر بێ ئەوەی لایەنە کوردییەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا مۆتسا بەبێ مووچە وانەی گوتەوە و هەموو فەرمانبەران دەوامی خۆیان کرد، تەنانەت خراپتر لە تەها مەحیدین سەیری بکەین. میرانی گوتیشی: عێراق ئەو عێراقە نییە بتوانێت بە ئارەزووی خۆی هەرچی بیەوێ بیکات، نە لەڕووی ئابوورییەوە نە لەڕووی ئەمنییەوە، ئەمڕۆ عێراق ئەندامە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەموویان چاویان لەسەر عێراقە، لەبەر ئەوە عێراق ناتوانێت بە جۆرێکی ناتەندروست مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بکات.

سەبارەت بەوەی ئەگەر کورد بەشداری حکوومەتی عێراقی نەکات، چەندە کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی موچەبڕینی فەرمانبەران و بەشەبودجەی هەرێمە؟ فازڵ میرانی بەمجۆرە وەڵامی دایەوە و گوتی: ئایا ئێمە شۆڕشمان کردووە و یەک دنیا شەهیدمان داوە بۆ مووچە یان بۆ مەسەلەیەکی نەتەوەیی؟! بۆ کیانێکی قەومی خەڵک ڕێگای خۆی دەگرێتەبەر، مالیکیش مووچەی بڕی وای بیرەدکردەوە کە میللەتی ئێمە دژی ئێمە هەڵدەستن ؟بە پێچەوانەوە مامۆستا بەبێ مووچە وانەی گوتەوە و هەموو فەرمانبەران دەوامی خۆیان کرد، تەنانەت پێشمەرگە بەبێ مووچە لە ئەرکی خۆیاندابووون. لەبەر ئەوە ناتوانێت هەڕەشەی ئابووری لە ئێمە بکات، ئێمە فێربووین و میللەتێکی ئازایە و میللەتێکی خۆڕاگرە و ناخۆشییەک کە مرۆڤ لەگەڵی ڕاهات مەسەلەکە تەنها ئیرادەیە، بەرگری دەکەین و دەبێت ئەوان بزانن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ئاسایش و پرەنسیبی دەستوردانی مرۆیی لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە، چیتر ئەوە بۆ هیچ حوکمەتێک ناچێتەسەر وا بەسەر میللەتی خۆی بهێنێت. دوو شت هەن هێزی لۆژیکی و لۆژیکی هێز، لۆژیکی هێز ئەوانەن کە دەسەڵات بەکار دەهێن، هێزی لۆژیکیش ئێمەین کە میللەتێکین حەقمان هەیە داوای مافی خۆمان بکەین تا بکرێت بە ئاشتی، هەڕەشەمان لێکراوە بەرگریش مافی ڕەوای خۆمانە.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دەشڵێت: ئاگامان لە خەڵکی خۆمان هەیە، تەجربەی ڕابردووی بێ مووچەییمان بینی، خەڵکی ئێمە لە ئێمە هەڵنەستاوە، ئێستاش ئەگەر بێ مووچەیی بمێنین، حکوومەتی عێراق بە ئەنقەست وا بکات، من وای بۆ ناچم ناکەم میللەتی کورد تەسلیمی ئیرادەی ناحەزانی کورد بێت.

ئەگەر پارتی و یەکێتی نەبێت نە ئێوە مووچە وەردەگرن و نەکەسیش ڕێزتان لێ دەگرێت

فازڵ میرانی لە کۆتایی گفتوگۆکەیدا ڕەخنەی لەو پەرلەمانتارە کوردانەی دەرەوەی پارتی و یەکێتی دەگرێت کە پارتی و یەکێتی بەوە تۆمەتبار دەکەن جەخت لەسەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەت دەکەنەوە، گوتی: من لەکۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان لە سەرۆکایەتیی هەرێم باسی ئەو بابەتەم کرد و گوتم بەداخەوە هەندێک لە نوێنەری حزبەکان دەڵێن ئێمە لە بەغدا مووچە و بودجەمان دابینکردووە، پارتی و یەکێتیش ماون لەپێناو دابینکردنی پۆستی وەزارەت بۆ خۆیان. گوتم ئەگەر پارتی و یەکێتی نەبێت نە ئێوە مووچە وەردەگرن و نەکەسیش ڕێزتان لێ دەگرێت.

فارس عیسا:

لەگەڵ لایەنە سوننەکان و زۆرینەی شیعەش لێکتێگەیشتنمان هەیە

ئەو میکانزمەی محەمەد عەللاوی دیاریکردووە خزمەتی شەراکەت و چارەسەری کێشەکان ناکات



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا ڕایگەیاند: بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی دایڕشتووە لە پێکهێنانی کابینەکەیدا سەرکەوتوو نابێت.

فارس عیسا گوتی: ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی وەکو کەس، کەسێکی باشە، بەڵام وەکو ئەوەی کە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاسپێردراوە، پێمان وایە ئەو کەسە نییە کە بتوانێت بەو بەرنامەی کە هەیەتی تیایدا سەرکەوتوببێت. نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا لەبارەی قسەکردن لەسەر داواکارییەکانی کورد، بە تایبەتی بابەتی بوودجە و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گوتی: ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق بەرنامەی خۆی بە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕاگەیاند و دواتر لیژنەیەک دامەزرێنرا بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە بەرنامەکەدا بکات، ئەندامانی لیژنەکە ڕازی نەبوون باسی موازەنە و شایستە دارایییەکانی هەرێم و هێزی پێشمەرگە بکەن و ئەوان پێیان وابوو کە ئەم بابەتە بۆ حکوومەتی داهاتووبێت، ئێمەش پێمان وایە ئەمە فێڵکردنە و بەم جۆرە ڕازی نەبووین.

فارس عیسا گوتیشی: ئێمە پێمان وایە کە ئەم حکوومەتە دەبێت بەهێز بێت بۆ ئەوەی لەم دۆخە دەربازی بێت، هەروەها پێمان وایە کە بەبێ تەوافق و شەراکەتی هەموولایەنەکان، سەرکەوتوو نابێت. فارس عیسا لەبارەی پلانی دووەمی کورد لە ئەگەری بەشدارینەکردن لە کابینەکەی عەللاویدا، گوتی: لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەت شیعەکان دەبێت بڕیار بدەن و کەسێک دابنێن، ئەمە نەک هەر مالی عێراقی تێکداوە، ڕەنگە کاریگەری لەسەر ناو مالی شیعەش هەبێت، بۆیە ئێمە پێشنیاز دەکەین کەسێک دەست نیشان بکرێت کە ناو مالی عێراق یەکبخاتەوە. نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا سەبارەت بە هەڵوێستی شیعەکان و سوننەکان لەسەر بەشدارینەکردنی کورد لە کابینەکەدا، گوتی: لەگەڵ لایەنە سوننەکان و زۆرینەی شیعەش لێکتێگەیشتنمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم وڵاتە بونیاد بنێین، بەم عەقڵییەتەی ئێستا و ئەو میکانزمەی کە ئەو بەڕێزە دیاریکردووە، نە خزمەتی عێراق دەکات و نە خزمەتی شەراکەت دەکات و نە خزمەتی چارەسەری کێشەکانیش دەکات، ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەیە.

ئەحمەد سەفار:

سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان سەرنجیان لەسەر کارنامەی کابینەکەی عەللاوی هەیە



ئەحمەد سەفار بڕیارەدەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: لە کارنامەی کابینەکەی محەمەد تۆفیق عەللاوی دا، بە هیچ شێوەیەک باسی شایستە دارایییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەکراوە، بۆیە ئەوان وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان تێبینیان لەسەر کابینەکەی و خودی عەللاوی هەیە و دەنگ بە کابینەکەی نادەن. ئەحمەد سەفار بۆ کوردستان 24 ڕوونیکردەوە: لە کارنامەکەدا نە باسی شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، نە وەک وەک هەرێمێکی فیدراڵ باسی کراوە، ئەوەش وایکردووە ئێمە دەنگ بەو کابینە نەدەین.

چی لە چین دەگوزەرێ..؟!

تائێستا نەمانبیستووە ئۆپۆزیسیۆنی چین ئەم پەتایە هەڵبقۆزێتەوە بۆ هاتوهاوار و هاندانی دانیشتووان

نووسینی: ئەندازیار ئیخلاص تۆفیق
وەرگێڕانی: سەردار حوسێن

پەتای کۆرۆنا لە چین سەریهەڵدا، حکوومەتی ئەو وڵاتەش بە چەند هەنگاوێک توانی کۆنترۆڵی باری دەروونی ملیارێک و نیو لە هاونیشتمانییانی وڵاتەکەی بکات و جارێکی دیکەش هەموو جیهانی تووشی سەرسوڕمان کرد، بەوەی کە باوەڕی بە هەمووان هێنا، بڕوا بە زانست و هەوڵەکانی حکوومەت بکەن.

گەلی چین گەلێکی هێمن و خۆڕاگرە بە تۆڕێنەوەی زانستی و گەڕان بەدوای چارەسەردا ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە، نەک بەهاوارکردن و وتار و پڕۆگرام و هاشوهوشی کەنالە ئاسمانییە فەوزەوییەکان، کە تەنیا ترس و تۆقاندنیان لە جیهاندا بڵاوکردۆتەوە، بەبێ هیچ سوودگەیاندنێک.

هاتوچۆ لە ژمارەیەک شاری چین قەدەغە کرا، کە بچووکترین شاریان 12ملیۆن کەسی تێدا دەژی، هەر بەپەلەش چینییەکان پابەندی بڕیارەکە بوون و فڕۆکەخانەکانیان داخست و ئۆتۆمبێلەکانیان ڕاگرت، لە بااڵخانەکانیان دەرگا و پەنجەرەیان داخست و تەنیا بەشی دوو حەفتە خواردنیان بردە ماڵەوە.

تائێستا نەمانبیستووە ئۆپۆزیسیۆنی چین ئەم پەتایە هەڵبقۆزێتەوە بۆ هاتوهاوار و هاندانی دانیشتووان، کە قەدەغەی هاتوچۆ بشکێنن.

لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا چینییەکان نەخۆشخانەیەکیان لە دووری 9کلیۆمەتر لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک دروستکرد و پزیشک و تاقیگە و تیمی پزیشکی و دەرمان و کەلوپەلی پێویستییان تێدا ئامادە کرد .

زانا چینییەکان بەپەلە کەوتنەخۆ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و چاوەڕوانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییان نەکرد، تا دەرمان و چارەسەریان بۆ بنێرێت.

حکوومەتی چین ڕاستگۆ بوو لەگەڵ هاونیشتمانییەکانی، بەڵۆژیکی نهێنی سەربازی مامەڵەی لەگەڵ پێشهاتەکان نەکرد، تەواوی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش گەواهی ئەوەیاندا، کە چین حکوومەت و گەلێکی ڕاستگۆی هەیە، کارەسات و هەڵوێستە مرۆییەکان تێکەڵ بە یەکتر ناکەن، وەک چۆن کۆشکی سپی دەیکات.

شار و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون دابەشبوونە سەر چەند یەکە و گەڕەکێک، دانیشتووانی هەر یەکەیەکی ئیداری یان گەڕەکێک چەند ملیۆنێک هاونیشتمانی دەبن و بەرپرسێکی ڕاستەوخۆیان هەیە، کە هەموویان دەتوانن 24کاتژمێری ڕۆژانە پەیوەندی بە نووسینگەی بەرپرسەکەیانەوە بکەن و داوای خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانیان بکەن، بەبێ ئەوەی هاونیشتمانی ناچاربێت واستە بکات، یان بڵێت من فلان کەسم یان خزمی فلانم یان لە فلان حزبم، ئەو بەرپرسەش پابەندکراوە بەوەی دریخی نەکات و لە حاڵەتی سەرپێچی و دریخیکردنیشدا دەدرێتە دادگا و سزاکەی تا لەسێدارەدان دەڕوات.

ئەوەی خواردنی نەبێت لە مااڵکەی پەیوەندی بە نووسینگەی گەڕەکەکەی دەکات و کۆمپانیای حکومی تایبەت بەگەیاندنی خواردن و خواردنەوە هەیە و بەشی دوو حەفتە خۆراک دەگەیەنێتە هەر خێزانێک، کارمەندانی کۆمپانیاکەش تەنیا زەنگی دەرگای ئەو ماڵە لێدەدەن، کە داوای خۆراکی کردووە، بەبێ وەستان لەبەر دەرگا و ڕوونکردنەوەیەک ماڵەکە جێدەهێڵن و خێزانەکە خۆراکی خۆیان دەست دەکەوێ، پێویست بەوەش ناکات سەرۆکی خێزانەکە سەد سوێند بخوات کە خۆراک لە ماڵەکەی نەبووە.

بنەما لە چین بریتییە لە ڕاستگۆیی، هەر کەسێک کارێکی پێچەوانەی ئەوە بکات، سزا دەدرێت و چاوپۆشی لە کەس ناکرێت.

خاوەنی پاس و ئۆتۆمبێلی نێوان شارەکان لە چین هەوڵنادەن قەدەغەی هاتوچۆ بشکێنن و بە ڕێگەی قاچاغ خۆیان بگەێنە ئەو شوێنەی مەبەستیانە.

لە ئێستادا شەقامەکانی چین تەنیا ئەو خۆبەخشانەی تێدا بەدی دەکرێت، کە قووربانی بە ڕۆحی خۆیان دەدەن بۆ فریاکەوتنی کۆمەڵگەکەیان، پزیشک و پەرستار و تۆێژەرەکان داوای مۆڵەت لە لیژنەی گەڕەک دەکەن، بۆ ئەوەی ڕێگەیان بدات لە ماڵ دەربچن و خۆبەخشانە گەل و نیشتمانەکەیان دەرباز بکەن.

لە چین هیچ کەسێک گومانی لە ڕاگەیاندراوە فەرمییەکانی حکوومەت نییە، هەموویان بەوپەڕی متمانەوە گوێڕایەڵی ڕێنماییە پزیشکییەکانن. لە چین هیچ کەس ناچێتە کەنالێکی ئاسمانی و چیرۆکێکی جیاواز بگێڕێتەوە، بەڵکو میدیای چینی وەک شانەی هەنگ لەپێناوی ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان دێن و دەچن و ڕێنمایی پێویست دەدەن بە بینەر و گوێگر و خوێنەرانیان.

چین وەک دەوڵەت و گەل و حکوومەت و لیژنەی گەڕەک و هاونیشتمانی هەر هەموویان هەماهەنگن بۆ یەک مەبەست، ئەویش ڕاگرتنی پەتایەکە و دەربازکردنی ڕۆحی مرۆڤەکانە.

ئەو وڵاتە لەخۆبایینەی خۆیان بە باشتر لە چین دەزانن، کاتێک داوای چۆڵکردنی ئەو وڵاتەیان لە هاووڵاتی و نێردە دیپلۆماسییەکانی خۆیان کرد، چین وەها لەم داواکارییەی نەڕوانی، کە سەروەری پێشێلکراوە و وڵاتەکەی پێ لاواز دەبێت، بەڵکو بەپەلە بەدەنگ داواکاری ئەو وڵاتانە هات و بیانییەکانی لە وڵاتەکەی خۆی ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان کردەوە.

لەبری ئەوەی ئەمەریکا پەلە بکات لە ناردنی زانا و پزیشک و تۆێژەرەکانی خۆی بۆ چین، داوای گەڕانەوەی دەیان دیپلۆماتکاری ئەمریکی کرد لە چین، ئەوەش هەنگاوێکی دیکەی شێتانەبوون کە ئەگەری هەیە لەم ڕێگەیەوە ڤایرۆسەکە بگوازرێتەوە بۆ سەرجەم کێشوەری ئەمەریکا.

چین سەدان کەسی لەدەستدا، سەدان ملیار دۆلاریشی لەم کارەساتە لەدەست چوو، بەاڵم گوێمان لە سەرۆکی چین و دەزگای هەواڵگری و سوپا و ئاسایشی ئەو وڵاتە نەبوو بڵێن: ئەو کارەساتە پیالنگێڕییە، تەنانەت لەبارەی ئەو ڕاپۆرتە نهێنییانەی کە باس لەوە دەکەن چین بە ئامانج گیراوە (ئەگەریش هەیە وابێت)، بینیمان چینییەکان گوێیان بەو شتانە نەدا و بەپەلە کەوتنەخۆ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پەتاکە.

لە کۆتاییدا دووسەد ملیۆن قوتابی چینی گەڕانەوە نێو پڕۆسەی خوێندن، بەاڵم لە قوتابخانەکان نا، بەڵکو لەڕێگەی مۆبایل و تابلێت و کۆمپیوتەرەکانیان، هەر لە ماڵەوە وانەکانیان پێدەگات و لە ڕێگەی ئینتەرنێتیشەوە دەخوێنن، تاوەکو بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنن زانست و فێربوون ئەوەندە گرنگە، ناتوانین لە هیچ بارودۆخێکدا دەستی لێ هەڵبگرین.



ئاسایشی یۆنان ڕێگری لە لێشاوی کۆچبەرانی نایاسایی دەکات



دوای ئەوەی حکوومەتی تورکیا سنوورە ئاوی و وشکاییەکانی وڵاتەکەی بەڕووی کۆچبەرانی سووریا بۆ وڵاتانی ئەورووپا کردەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەری سووری لە تورکیاوە هەوڵی چوونەناوەوەی یۆنان دەدەن و لەسەر سنووری نێوان تورکیا و یۆنانیش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سنووری یۆنانەوە بە گازی فرمێسکڕێژ و بۆمبی دەنگی هەوڵی بااڵوەپێکردنی کۆچبەران دەدرێت.

دوێنێ نیوەڕۆ گرووپێکی کۆچبەران کە نزیکەی100 کەس دەبوون و دەیانویست لە ڕێگەیەکی الوەکییەوە خۆیان بگەیەننە ئەورووپا، چووبوونە ڕێگای نێوان دەروازەی سنووری پازارکولەی تورکیا و دەروازەی کاستانییەسی یۆنان. بۆ ڕێگریکردن لە پێشڕەوی زیاتر هێزەکانی ئاسایشی سنووری یۆنان بە گازی فرمێسکڕێژ و بۆمبی دەنگی هەوڵی بااڵوەپێکردنی کۆچبەرەکانیان دا، دواتر کۆچبەرەکان بەرەو دارستانێکی سنووری نێوان هەردوو وڵات هەڵهاتن.

ئەمەش لەکاتێکدایە سەرۆکوەزیرانی یۆنان ڕایگەیاند ئەوان پێشوازیی لە کۆچبەرانی نایاسایی ناکەن و بە هیچ شێوەیەکیش ڕێگە بە کۆچبەران نادەن بچنە ناو خاکی یۆنانەوە، ڕاشیگەیاند: یۆنان بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە لێشاوی کۆچبەران دەکات بیانەوێ بەهۆی بڕیارەکەی تورکیاوە بچنە ئەو وڵاتەوە.

وەزیری شارەوانی و شاندێکی زانکۆی دهۆک و ئاژانسی GIZی ئەڵمانی بەدواداچوون بۆ خزمەتگوزارییەکانی دهۆک دەکەن



ڕۆژی پێنجشەممە 27ی شوباتی 2020 لە دیوانی وەزارەت، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی هەماهەنگی و بەدواداچوون و تاوتوێکردنی پڕۆژەکانی ئاو و خزمەتگوزاری و چەند بواریکی دیکەی پەیوەست بە کاری شارەوانییەکان، پێشوازیی لە دکتۆر نەسرین بەرواری مامۆستای زانکۆی دهۆک و خاتوو سیپەل لە GIZی ئەڵمانی کرد.

لە دیدارێکدا بە وردی گفتوگۆ و بەدواداچوون لەبارەی پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆی سنووری دهۆک و دەوروبەری کرا، بە تایبەتی پڕۆژەی ئاوی شارۆچکەی فەیدیێ و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی دیکەی سنووری دهۆک و نێوان زانکۆی دهۆک و فەرمانگە شارەوانییەکانی سنووریکە و وەزارەت بە تایبەتی لە بواری کاری شارەوانییەکان. لەمبارەیەوە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ساسان عەونی پەرەپێدانی هەماهەنگییەکانی لەگەڵ زانکۆکان و ئاژانسی GIZی ئەڵمانی و هەر دامەزراوەیەکی دیکە لەپێناو خزمەتکردنی هاوواڵتیان لە کەرتە جیاوازەکاندا بە پێویستزانی و ئامادەیی هەر جۆرە هاوکاری و پشتگیری و هەماهەنگییەکیشی دەربڕی لەگەڵ شاندی میوان.

تورکیا ژمارەیەک سەربازی سووریای لە ئیدلب کوشت

وەزارەتی بەرگریی تورکیا کوژرانی زیاتر لە50 سەربازی ڕژێمی سووریای لە ئیدلب ڕاگەیاند، ئەمەش دوای هێرشەکەی سووریا و کوژرانی زیاتر لە 30سەربازی تورکیا لە ئیدلب دێت.

وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەاڵیەتیی تویتەر ڕاگەیەنراوێکی بااڵوکردەوە و لە بەشێکی ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی بەرگریی تورکیادا هاتووە: بەپێی ئەو زانیارییانەی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە لە ناوچەکەدا بەدەستکەوتوون، هەشت تانک، چوار ئۆتۆمبێلی زرێپۆش، پێنج تۆپهاوێژ، دوو موشەکهاوێژی سووریا تێکشکێندراون و 56سەربازی ڕژێمی سووریاش لە چالاکی خراون. هاوکات ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە لە دوای هێرشەکەی سووریا بۆ سەر سەربازانی تورکیا، لێرە و لەوێ بۆردوومانی تورکیا لە ئیدلب بنکە سەربازییەکانی سووریا دەکاتە ئامانج.

ڕووسیا و تورکیا گەیشتنە لێکتێگەیشتن بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکان لە ئیدلب



وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند هەردوو شاندی تورکیا و ڕووسیا گەیشتنە لێکتێگەیشتن لەبارەی هێورکردنەوەی گرژییەکان لە ناوچەی ئیدلب لە سووریا.

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لەبارەی دانوستاندنەکانی هەردوو شاندی تورکیا و ڕووسیا لە ئەنقەرە لەبارەی ڕەوشی ناوچەی ئیدلب ڕایگەیاند هەردوو شاند وەک پابەندبوونی تەواوەتی بە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە ڕێککەوتی 4ی ئایاری 2017و 17ی ئەیلوولی 2018تاوتوێی هەنگاوی کردەییان کرد بۆ جێگیرکردنی تەواوەتی هێورکردنەوەی گرژییەکان لە ناوچەی ئیدلب.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هەردوولا جگە لەوەی بەردەوام دەبن لە شەڕکردن لەگەڵ ئەو گرووپانەی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە تیرۆریست لەقەڵەم دراون، هەروەها گەیشتنە لێکتێگەیشتن بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکان لە گۆڕەپانەکە، پاراستنی هاووڵاتییانی مەدەنی لە ناوە و دەرەوەی ناوچەی هێورکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بەپەلە بە لێقەوماوان.

ئەمەش دوای ئەوەهات لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە هێرشێکی سوپای سووریا لە ئیدلب بۆ سەر کاروانێکی سەربازی سوپای تورکیا، ژمارەیەک سەربازی تورکیا کوژران و بەهۆیەوە ڕەوشی ئیدلیب زیاتر ئاڵۆزتر بوو بەوەی تورکیا دەستیکرد بە هەڕەشەکردن و تۆمەتبارکردنی ڕووسیا بە پاڵپشتیکردنی سوپای سووریا، دواتر ڕاگەیەندرا ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی فلادیمیر پووتین و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەکرێ بۆ تاوتوێکردنی گرژییەکانی ئیدلیب.

رۆژنامەی برایەتی...

53 ساڵ تەمەن و 36 ساڵ وەک یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی



ساسان دەروێش/ هۆڵەندا



ڕۆژانەوەیەکی سەربەرزانە لە ڕۆژێکی پیرۆزدا

بۆچی ڕێزگاش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی کۆمەڵەی ئاشووری ی.د.ک.ت کرد

پەیامی برایەتی

پیرۆزبایی ڕێکخراوی وەزەی ئەتۆمی ڕوسیا دەکەنەوە

کۆڵ سەردانی کوردستانی باشوور دەکات

زریبەی خەڵکی عیراق لەبەر گرانی ناتوانن پێداویستی ژیان تەنافی بەدەست بهێنن

چاپی دەرەوەی برایەتی و خەبات ئەزموونێکی نوێ

ڕۆژنامەنووس بورهان جاف کەسایەتێکی ڕۆشنبیر کە یەکێک بوو لە هاوکارانی پرۆژەی چاپی دەرەوەی ڕۆژنامەکانی برایەتی و خەبات باس لەوە دەکات چۆن بیر لەم کارە کرایەوە دەڵێت: ئەمە پێویستییەکی گەورە بوو، چونکە کورد بەگشتی و لایەنگرانی پارتی، خۆزگەی ئەوەیان دەخواست لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان بن، بە تایبەتی هەڵوێستی پارتی دەرهەق بەم ڕووداوانە و سەرجەم بزاڤەکانی دیکە، بۆیە زیاتر لە جارێک پێشنیارم کرد کارێکی ئەوتۆ بکرێت، ڕۆژنامەکان وەکو چاپی هەندەران بگاتە خەڵکی ئەو کوردانەی لە ئەوروپا پەرتبوونە، ئەوەبوو لە بەهاری 1995 ئەم ئاواتەم هاتەدی و ژمارە (سفر) ی بلاوکرایەوە .

سەرئەنجام

لە دوای چەندین ساڵی خەبات و تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسان لە هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات لە قۆناغەکانیان میژوویێکی پڕشنگداریان هەیە لە کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی و پێشخستنی ئەم کاروانە و گونجاندن لەگەڵ ڕەوتی سەردەمیانە و مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم و دانانیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و لە چاپ دانەوەیان لە هەندەران بۆ یەکەمجار بە وەرچەرخانێکی میژوویی هەژمار دەکرێ و لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی ئازادی و لە دوای ڕاپەڕینی 1991و هەنگاونانی دیموکراسی و بیروڕای ئازاد و لە کۆڵنانی خەمی خەڵک و بەدواداچوون بۆ پەیامەکانیان و برایەتی و خەبات بەخۆزانن بە بەرچاویانەوە بۆیەکەمجار ڕۆژنامە بسووتێنرێت و سووکایەتی بە ڕۆژنامەنووسەکانیەوە بکرێ و مال و بارگایان تالان بکرێ و ئاوارە بکرێن لە باجی دەستخۆشی و سەکەوتنەکانیان کە خۆم و هەموو کاوکارانم هەریەکە پشکی شێرمان بەرکەوت، بەڵام هیوا و ئاواتمان بۆ خزمەتکردنی کوردستان و سەرخستنی ئەزموونەکەی بەردەوام بووین تاکو ئێستا، بەڵام بەداخەوە کە یادی 53ساڵەوەگەری یەکەم ژمارەی برایەتی دەکەینەوە لە دوای 36ساڵ بەردەوامی بە قۆناغە جیاوازەکانی ئەمڕۆ لەناومان ون بوو، بەڵام کاریگەری هەر لە ناوماندا زیندووە.

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 سەرەتایەکی زێڕین بوو بۆ سەرلەنوێ دەرچوونەوەی ڕۆژنامەکانی شاخ بە ئاشکرا لە باشووری کوردستان لە سایەی ئازادی، یەکێک لەوانەش شانازییەکی گەورەی ڕۆژنامەگەری کوردییە ، ڕۆژنامەی برایەتی بوو، لە خولی چوارەم لە1/3/1993بە مانشێتێکی گەورە لەسەرەوەی (گەڕانەوەیەکی سەربەرزانە لە ڕۆژێکی پیرۆزدا) هاتەوە نێو ئامێزی گەرمی خوێنەرانی، دەکرێ پارتی دیموکراتی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی شانازی بکات کە لە نێو کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە میدیای کوردایدا و جێگە دەستی دیار بووە چ بە نهێنی بوونیێت لە شاخ یاخود لە شار لە دانوستان و ئارامی لە بلاوکراوەکانی کە چاپ و بلاوی کردوونەتەوە لەنێویاندا وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە بڵێت خاوەنی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردیم کە یەکەم ژمارەی لە 6/5/1967 بلاوکراوەتەوە، برایەتی وەک پێشەنگ بناسێنێت، کە 53ساڵ تەمەن و 36 ساڵ بەردەوام بوو وەک یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی، ئەمەش لە دوای1/1/1974بۆ یەکەمینجار بوو ڕۆژنامەیەکی کوردی ڕۆژانە لە بەغدا دەربچێت بە ناوی برایەتی ، لە گۆڕەپانی سیاسی ئەوکاتەدا سەنگ و قورسایی خۆی هەبوو لە پەیام و دەربڕینەکانی، مەخابن لە دوای مانگێک لە بەردەوامی و بلاوبوونەوەی بە ڕۆژانە لە 8ی شوباتی 1974 فەرمانی ڕاستەوخۆی سەددام حوسێنی گۆڕبەگۆ سەرۆککۆماری ئەوکاتەی عێراق لەدوای 27ژمارە ڕاگیرا، دیارە لەو ڕۆژگارەی دەستبەکاربوون و بلاوکردنەوەی لەکاتی شۆڕش و ڕێزیمی بەعس بەدەرنەبووە ، لە ئاستەنگی گەورە و بەربەست و گیرگرفت لە وەستان و بەردەوامبوونەوەی کە لە میژووی خۆیدا بەچەند خولێک میژووی خۆیی تۆمار کردووە، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیری کورد فەرهاد عەونی زۆرباش ماندوونەناسانە لە هەوڵ و بەردەوامێکی زۆری چڕوپڕدا توانیویەتی هەموو خولەکانی برایی و برایەتی ساغبکاتەوە بۆ میژووی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی وەک گەنجینەیەک و سامانێکی نیشتمانی کە ئەو ڕۆژگارانەی تێدا تۆمار کراوە بە لەبەرچاوگرتنی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە بااڵکانی گەلی کورد و گەیاندنی دەنگی شۆڕش و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی و ئینتیمابوون بۆ خۆشەویستی خاک و ئایندەی کوردستان بەردەوم بوو .

ساغکردنەوەی میژووی خولەکانی برایەتی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی میژووی خولەکانی برایەتی بەمشێوەیە بۆ پۆلێنکردووین، خولی یەکەم: 6/5/ 1967 تا 9/11/1968 خولی دووەم: 1/6/1970 تا 12/ /28 1973 خولی سێیەم: 1/1/1974 تا 7/2/1974ڕۆژانە ،1974 16/2/ تا 2/3/ 1974 هەفتانە، خولی چوارەم قۆناغی یەکەم: 2/3/1993 تا 31/ 12/ 1994خولی چوارەم قۆناغی دووەم: 17/2/ 1995تا 12/10/ 1996خولی چوارەم قۆناغی سێیەم: 13/10/ 1996تا لەگەڵ نەمەشدا ناوی سەرنووسەرەکانی برایەتیشی بۆ خستووینەتەڕوو ، یەکەم: شەهید سالح یوسفی 6/5/ 1967تا19/11/ 1968دووەم: عەلی عەبدوڵا 1/6/ 1970تا 4/4/1971 سێیەم : شەهید دارا تۆفیق 5/4/ 1971تا11/ 3/1974چوارەم: حەبیب مەحمەد کەریم 1/3/ 1993تا25/10/1993 بەڵام ناویان تا 6/2/1994 مایەوە، پێنجەم : فەرهاد عەونی 26/10/ 1993 تا 7/3/2000شەشەم: زاهیر ڕۆژبەیانی 8/3/2000 تا4/12/ 2001ئاریان فەرەج 5/12/2001 تا 2004 /25 بەردەوام بوو ، لەگەڵ ئەم میژووەی مامۆستا فەرهاد عەونی ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمیش لە دوای ساڵی 1991 ناماژەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی خستە بەردەم خوێندەواران و باس لەوە 28 ژمارەیەی ڕۆژانەی برایەتی دەکات، بەداخەوە لە بڕیارێکدا کۆتاییهات بە بلاونەکردنەوەی ڕۆژنامەی برایەتی لە دوای پڕۆسەی ڕزگارکردنی عێراق لە ئالۆگۆڕکردنێکدا برایەتی دەبێتەوە بە (التاخی) و بە عەرەبی بلاوبێتەوە و خەبات لە عەرەبیەوە دەبێتەوە بە کوردی لە3/5/ 2003 بە ژمارە 1128 کە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە و ئەمساڵ 61 ساڵی لە تەمەنی بە ئاشکرا دەڕچوونی پیرۆز دەکات.

پێشنیاری من بوو برایی بوو بە برایەتی

ڕۆژنامەی برایی پاشان برایەتی کە لە خولی یەکەمدا لە 6/5/1967یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەتەوە کە میژوویەکی پرشنگداری هەیە لە نێو کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی کە گوزارشت لە خەمی خەڵک و دەنگی شۆڕش بکات لە کات و ساتەکانی خۆیدا، مامۆستا سەعید ناکام ڕۆژنامەنووس و نووسەر لە دیمانەیەکدا لە ساڵی 1997بۆ برایەتی دەڵێت: من یەکێک بووم لە خوێندەواە بە پەرۆشەکانی برایەتی و چەندان وتارم بەناوی خۆم و یاخود بەبێ ناو لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردۆتەوە، هەر منیش بووم پێسنیاری ئەوەم کرد کە برایی بکرێت بە برایەتی، چونکە لە ڕووی ڕێزمانەوە ناوی برایی لەنگییەکی تێدا هەبوو، چونکە کورد نائێ خزمایی، دۆستایی، هاوڕییەتی برایەتی، ئەوە بوو پێشنیارەکەم پەسەند کراو برایی بوو برایەتی .

ئەزموونی خۆم لە هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات


ڕاپەڕینی ساڵی 1991بۆ منی تامەزرۆی نووسین و بلاوکردنەوەی بابەتەکانم دەرگایەک بوو بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی برایەتی و خەبات خەونی منااڵی و عەشقم بۆ نووسین بێتەدی، وێرای بوونم پێشمەرگە لە لقی چوار وەک کوردی شەهید بەڕێرسیاریێتی مەشجەبی لق سپێرداره بە من، بەسەرپەرشتی خوالێخۆشبێت لەتیف حاجی فەرەج، دواتر وەک ئەندامی بەشی ڕاگەیاندنی لق کارم کرد، لەدوای گەڕانەوەمان لە چوارتا بۆ ناوشارەکان، کە ئەوکاتە لە نەخۆشخانەکە خۆبەخشانە کارم دەکرد، کاتێک یەکەم ژمارەی خەبات گەیشتە سلێمانی و لق لەدوای هاتنی سەرۆک بارزانی بۆ سلێمانی و بلاوکردنەوەی کە دواتر ناوبەناوبلاو دەکرایەوە بە کوردی و عەرەبی لە ڕێگای هۆشیار کوردی شەهید عەریف کەریم خۆبەخۆ بێ ئەوەی بزانم کێ سەپەرشتی دەکات بابەتم دەنارد بۆ شەقڵاوە تا خوالێخۆشبێت زاهیر ڕۆژبەیانی لە ڕێگای بێتەلی لق داوای کردم بۆ شەقڵاوە کە بە فەرمی هاوکاریان بکەم، لەگەڵ هۆشیار لە سلێمانی تا ئەوکاتەی دەزگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات هاتە هەولێر و دامەزراندنی نووسینگەکانی شارە گەورەکان دامەزرا من و هۆشیار خراینە سەر نووسینگەی سلێمانی و کارمان کرد تا ئەوکاتەی شەڕی شومی نێتۆخۆ بووە هۆی نەمانی بارەگا و تاڵانکردن و خۆشاردنەوەمان تا 13ی حوزەیران و کارەساتەکەی بەرەو پیرمام من و هۆشیار هەنگاومان بڕی بۆ ئاوارەیی و کاری سەختی ترمان بۆ ڕۆژنامەی برایەتی و تا ئەوکاتەی جەولەی یەکەی شەڕ ڕاگیرا و گەڕاینەوە شارەکەی خۆمان تا هەڵگیرسانەوەی جەولەی دووەم و جارێکی تر هەڵهاتنمان بۆ هەڵەبجە و دواتر بۆ پیرمام سەرلەنوێ لەگەڵ ستافێکی تر کارمان کرد لە ژیانێکی زۆر سەخت تا ئەوکاتەی بڕیاری چوونە دەرەوەمدا ساڵی 1996لە دوای ئەوە ناو بەناو لە تاراوگە وێڕای قورسی ناردنی هەواڵ و زانیاری پەیداکردن کارم کرد تا ساڵی 1999بەنامەیەکی فەرمی لەلایەن بورهان جاف و شێرکۆ حەبیب دەستبەکاربووم لەگەڵیان دواتر لەدوای گۆڕانکاری و نەمانی برایەتی و بوونەوەی خەبات بە کورتی ناوبەناو بابەتم بۆ نارد هەتاکو جارێکی تر لەگەڵ بوونی مامۆستا سەلام عەبدوڵا بە سەرنووسەر لە 5/6/ 2012 جارێکی تر بەفەرمی بوومە بەرپرسی نووسینگەی هۆڵەندا و تاراوگە، تائێستاش بە بەردەوام کار دەکەم کە بەشێکی ژیانم پێشکەشی عەشق و خۆشەویستی خەونی منداڵیم کرد و ئەو شانازییەشم پێ بڕا کە لە یادی 60 ساڵەی دەرچوونی بە ئاشکرای ڕۆژنامەی خەبات لە کوردستان بەشداری مەراسیمی یادکردنەوەکەم کرد.

سەختی ناردنی هەواڵ لە تاراوگەوە بۆ کوردستان

هەر وەک ئامازەم پێدا لە ناردنی هەواڵ و سەختی زانیاری کۆکردنەوە کە منێش پەناهەندە بووم و تێچووی ناردنی بە فاکس بۆ من گران بوو، بۆیە دەکرێ لێرەوە سوپاسی ئازاد میرانی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای ئەوکاتە بکرێ کە خۆنەویستانە بۆ سەرخستنی کارەکانمان هاوکاری برایەتی و خەباتی دەکرد بە ناردنی هەواڵ و بابەتەکانم بۆ کاک شێرکۆ و کوردستان، ئەمەش تەنها لە ڕوانگەی خۆشەویستی بۆ ڕۆژنامەکانی پارتی و بە گرنگی زانین لە گەیاندنی دەنگی کوردانی تاراوگە بە کوردستان کە لەوکاتەدا تاکە سەرچاوە بوون بۆ بلاوکراوەکان .

چاپی دەرەوەی برایەتی و خەبات و خستنە سەر تۆڕی ئینتەرنێت

ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب یەکێک لە ماندوونەناس و دڵسۆزەکانی برایەتی و خەبات کە جێگا دەستی دیارە لە دروستکردنی پردی تاراوگە بۆ کوردستان لە ڕێگای دانانی ڕۆژنامەکانی برایەتی و خەبات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و دووبارە لە چاپ دانەوەیان لە دەرەوە کە جێگای دەستخۆشی بوون، لە دیمانەیەکی پێشوویدا ئاماژەی بەناوی منیش کردووە لەو میژووەدا هاوکاریان بووم وەک پەیامنێری برایەتی لە هۆڵەندا دریژە بەکارەکانم بدەم بە فەرمی لەم بارەیەوە گوتی: بیرۆکەی دەرچوونی برایەتی و خەبات دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارەتی بەگەیاندنی دەنگی کورد بە جیهانی دەرەوە، ڕاستە ئەوروپا نە کوردن و نە عەرەب، بەڵام ڕەوەندێکی یەکجاری زۆری لەو دوو میللەتە تێدا دەژی، لەگەڵ چەند هەڤاڵێک بیرمان کردەوە کە برایەتی و خەبات چاپی دەرەوەیان هەبێت، لە ناوەڕاستی نەوەتەکان خەبات و برایەتی هەفتانە لە لەندەن دەرچوو کە هەڤاڵان خوالێخۆشبێت فەوزی ئەترووشی و دڵشاد میران و بورهان جاف و بەندە کارمان تێدا کرد، هەر جارەی دوو هەزار دانە چاپ دەکرا و لە لەندەن و وڵاتانی ئەوروپی بەسەر ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دابەشکران، ئەگەر هەڵە نەبم بۆ ماوەی سێ یا شەش مانگ بەردەوام بوو و ڕۆژێکی گرنگی هەبوو بۆ گەیاندنی هەواڵ و بۆچوونەکان و سەرچاوەی هەواڵ



ئەمەریکا و تاڵیبان ڕێککەوتنی ئاشتییان لە ئەفغانستان واژوو کرد

لە ماوەی 14مانگدا ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی تەواوی هێزەکانیان لە ئەفغانستان دەکێشنەوە

دوای نزیکەی دوو ساڵ لە کۆبوونەوە و دانوستان، دواجار ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان دوێنێ لە دۆحەی پایتەختی قەتەر ڕێککەوتنی هێنانی ئاشتی بۆ ئەفغانستانیان واژوو کرد. نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد وەک نوێنەر واشنتۆن و مەلا عەبدولغەنی بەرادەر وەک نوێنەری تاڵیبان واژوویان لەسەر ڕێککەوتنەکە کرد. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە کە ئەمانجی کۆتاییهێنانە بە 19ساڵەی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان، ئەمەریکا لە ماوەی 135ڕۆژدا ژمارەی سەربازەکانی لەو وڵاتە بۆ هەشت هەزارو 600 سەرباز کەم دەکاتەوە، ئەگەر تاڵیبان پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکەوە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ماوەی 14مانگدا تەواوی هێزەکانیان لە ئەفغانستان دەکێشنەوە.

ژمارەیەک لیژنە بۆ تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆ پێکدێن

بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا پڕۆسەی تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان بچێتە بواری جێبەجێکردن و بڕیارەدەری لیژنەی شارەوانییەکانیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، وەزارەتی ناوخۆ و شارەوانی، لیژنە بۆ دەستپێکردنی پڕۆسەکە پێک دێنن. نزار مەلا غەفار، بڕیارەدەری لیژنەی شارەوانییەکان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: یاسای ژمارەی 3ی ساڵی 2019 سەبارەت بە تاپۆکردنی ئەو خانوانەی لەسەر زەویی زێدەڕۆ دروستکراون، تەنها لەسەر هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی شارەوانی و ناوخۆ ماوە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە و پارێزگاکان ژمارەیەک لیژنە پێکبێن تا دەست بە وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان بکرێت بۆ بەخاوەنکردنی خانووەکانیان. بڕیارەدەری لیژنەی شارەوانییەکان گوتیشی: بەگوێرەی ماددەی 12ی یاساکە، ئەو یاسایە بۆ ماوەی سێ ساڵ کاری پێدەکرێت و دوای سێ ساڵ کاری پێ ناکرێت و هیچ خانوویەک تاپۆ ناکرێت، کە بەزێدەڕۆ دروست کرابێت. پەیوەست بە ژمارەی ئەو خانوانەی سوودمەند دەبن لە جێبەجێکردنی یاساکە، نزار مەلا غەفار، جەختی کردەوە: تا ئێستا ئاماری فەرمی لەبارەی ژمارەی خانووە زێدەڕۆکان لەبەردەستدا نییە، بەڵام مەزندە دەکرێت ژمارەیان لەنێوان 250 تا 300هەزار خانوو بێت و بە تاپۆکردنیان خەڵکێکی زۆر سوودمەند دەبێت.

بەرپرسی لقی 16: لاوان ڕۆڵی گرنگ لە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی شارستانی دەبینن



بەئامادەبوونی بەڕێز نیسماعیل بەرپرسی لقی 16 و خدر مەنتک و کوردۆ ئەحمەد و سامیە شێروانی کارگێڕانی لق و بەرپرسی لیژنە ناوچەی کەسنەزان و کارگێڕانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی سنوورەکەو ژمارەیەکی زۆر لەلاوانی سنوورەکە ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی کەسنەزان لەچالاکیەکی هونەریدا پێشانگایەکی شێوەکاری و کاری دەستی بۆ چەند لاوێکی بەهرەمەندی سنوورەکە کردەوە کە چەندین کاری جوان و ناوازەی تیادا نمایش کرا. لەدوای مەراسیمی کردنەوەی پێشانگاکەدا بەرپرسی لقی 16دەستخۆشی لە ڕێکخەرانی مەراسیمەکەو بەشداربوونی پێشانگاکە کرد و ڕایگەیاند: کە داهاتووی هەر نەتەوەیەک بەندە بە ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتنی لاوەکانییەوە بۆیە جێگەی دڵخۆشیمانە کە دەبینین لاوەکانمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرە بەتواناکانیان دەدەن. دواتر کارەکانی پێشانگاکەی بەسەر کردەوەو سەرنج و تێبینیەکانی خۆی خستنەڕوو هیوای سەرکەوتنی بۆ سەرجەم لاوانی سنوورەکە خواست.

وەزارەتی ناوخۆی هەرێم چەند داواکارییەکی بە ڕێگریکردن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 2020.2.27 وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیانی ژمارە (١٠)ی خۆی تایبەت بە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و چەند داواکارییەکی لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کردووە. لە بەیانەکەی وەزارەتی ناوخۆدا کە واژۆی ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەسەردەویە هاتووە:

یەکەم- داوا لە هاووڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکەین ڕەچاوی ڕێنمایی و بڕیارەکانی حکوومەت بکەن بۆ خۆپاراستن لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا. دووەم- داوا لە هاووڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکەین، هاتوچۆکردن لە نێوان شارەکانی هەرێم کەم بکەنەوە، هەروەها بۆ پارێزگاکانی تری عێراقیش تا دەتوانن هاتوچۆ نەکرێت.

سێیەم- سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارێزگای کەرکوک، داوا لە هەموو هاووڵاتیان دەکەین ڕەچاوی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەن.

ڕێورەسمێن فەشارتنا تەرمێ خودێ ژێ رازی پێشمەرگەهێ دێرین دکتور حەمید ئاکرەیی بڕێڤەچوو



ل ئاکرێ ب ئاماددەبوونا عبدالمهمین بارزانی نوێنەرێ جەنابێ سەروک بارزانی و فازل میرانی سکرتێرێ مەکتەبا سیاسی و ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتامە و جەماوەرەکێ زورێ دەڤەرێ، ڕێوڕەسمێن فەشارتنا تەرمێ خودێ ژێ رازی پێشمەرگەهێ دێرین دکتور حەمید ئاکرەیی بڕێڤەچوو. دڤێ ڕێوڕەسمێ دا سەباح بەیتوڵا بەرپرسێ لقا نێ پەیڤەک پێشکێشکر و ڕاگەهاند: ئێک ژ کادرێن سەرەکی یێ ڕاگەهاندنا پارتامە مە ژ دەستدا، د.حەمید ئاکرەیی خو دناف ڕێبازا پارتی و بارزانی دا دیت و ب سەربلندی ژیا و ب سەربلندی ژی سەرێ خو داناڤە. ل دویڤدا ژی ڕێزدار فازل میرانی سکرتێرێ مەکتەبا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان پەیڤەک پێشکێشکر و ڕاگەهاند: ئاکرێ و بارزان دیرۆکەک دگەڵ ئێک هەیە و دکتورحمید ئاکرەیی بەردەوامبونا دیرۆکەکێ یە دڤێ ڕێبازێ دا و ژ دەستدانا دکتور حەمید ئاکرەیی ژ دەستدانا قەڵەمەکێیە و ژدەستدانا هزرەکێیە و جهێ دەستێ وی یێ دیارە و ئەف مروڤێ خزمەتا مللەتێ خو بکەت مللەت ژی دێ بڤی ڕەنگی پێشوازیێ لێکەت و دیسان ب دویر و درێژی بەحسێ دیرۆکا ئاکرێ و خەباتا خەلکێ ئاکرێ و دکتور حمید ئاکرەیی کر.

وەزیری ئەوقاف: کوردستان جوانترین نمونەی پێکەوەژیانی نیشانی ناوچەکەو جیهانداوە



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەئایینەکان کۆبوەوە. لە دیدارێکدا تەئکیدی لەکاری هاوبەش و پێکەوەیی و گیانی لێبووردەیی پێکهاتەکان کردەوەو ڕایگەیاند: کوردستان جوانترین نمونەیی پێکەوەیی نیشانی ناوچەکەو جیهانداوە بۆ پاراستنی تەبایی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێویستە هەمووان پارێزەری ئاشتی و خۆشەویستی بین، چونکە ئەم وڵاتە هی هەموانەو پاراستنیشی ئەرکی سەرشانی هەموولایەکە. دواتر پێکهاتەکان سوپاسی خۆیان ئاراستەی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد کە توانیویەتی ببێتە هۆکاری هاندان و پەرە پێدانی گیانی پێکەوەیی و نێوان ئایین و پێکهاتەکانی کوردستان و تەئکیدیان لەکاری هاوبەش و پێکەوەیی گیانی لێبووردەیی کردەوە.

پارێزگەها دهۆکێ بریار و پێرابوون بۆ بەرهەنگاربوونا ڤایروسێ کۆرونا دەرکرن



دوهێ، فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ ب ئامادەبونا سەروکێ دادگەها دهۆکێ و سەروکێ زانکۆیا دهۆکێ و سەروکێ جڤاتا پارێزگەهێ وجێگرێن پارێزگەری سەرپەرشتیا کومبونەکا تایبەت دگەل هەموو قایمقام وڕێڤەبەرێن فەرمانگەهێن پەیوەندیدار ل دور چاوانیا بەرهنگاربونا ڤایروسێ کورونا کر. لەبەراهیێ پارێزگەرێ دهۆکێ ئاماژە دا گرنگیا کومبونێ و مەترسیا بەلاڤبونا ڤایروسێ کورونا ل وەلاتێن جیهانێ و پەیدابونا وێ ل هندەک وەلاتێن نێزیک هەرێمێ، هەروەسا گوت: ل کومبونێ هاتنا کرن. ل دوماهیا کومبونێ کونگرەکێ ڕۆژنامەڤانی هاتە ئەنجامدان ولبەراهیێ پارێزگەرێ دهۆکێ گوت: جهێ خوشحالیێ یە چ حالەتێن کرونا ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ نەهاتینە تومارکرن پاش بریار وپێرابونێن کومبونێ بەرچاڤکرن ژوانا پەیرەوکرنا بریارا جڤاتا وەزیران ل دور ڕاگرتنا دەوامێ ل قوتابخانا ولزانکویان هەتا ڕۆژا 24-3-2020هەروەسا بریار هاتە دان کو هەر لایەنەک یان کەسەک کەل وپەلێن تەندورستی یان خارنێ وێڕا نە ئیحتیکارەت ئەو بهێتە ستاندن. هەروەسا تەکەزکر کو هەر بریارەکا ژ ساخلەمیێ دەرکەڤیت سازیێن پارێزگەهێ دێ دەم ل دەست بجهئینن بو پاراستنا ساخلەمیا گشتی. هەروەسا نارگیل ل کافێیان وجهێن دی هاتینە قەدەغەکرن و هەموو جهێن مەساجێ هاتینە گرتن و بەهی بو ماوێ هەیڤەکێ هاتنە ڕاگرتن ومامۆستایێن ئاینی یێن هەموو ئولا پتر رولێ خو دڤی بیاڤی دا ببینن ،سەرەدان بو نەخوشخانا ونەخوشان بهێنە ڕێکخستن وکێمکرن وئەو هاولاتیێن ژ وان وەلاتێن گومانلکری ڤەدگەرنە هەرێمێ بو دەمێ 14 ڕوژا دێ ل جهێن باش وگونجای هێنە دانان هەتا باش دهێنە بشکینکرن و گەرنتیکرن هەروەسا خەلکێ بیانی ل پارێزگەهێ دڤێت بشکنینا بوخو بکەت دا پشت راست بیت کو نەهلگرێ ڤایروسیە. ژلایێ خوڤە ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ تەکەزکر کو هەتا نوکەچ حالەتێن پەیدابونا کرونا یێ ل سەر ئاستێ پارێزگەها دهۆکێ نەهاتینە تومارکرن وبتنێ 4حالەتێن گومانلێکرێ هەبوون وپشتی بشکنینا وان هاتیە کرن ئەوژی دەرکەفتن نیگەتڤ ئانکو نە هلگرێن ڤایروسێ کرونایێ بوون.

چەند ئامێرێکی هەڵکەندنی بیری ئاو دەستی بەسەرداگیرا

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: هێزی زێرەڤانی سەر بەلیژنەی زێدەڕۆکانی پارێزگای هەولێر، لەسنووری هەردوو ناحییەی عەنکاوە و کەسنەزان، دەستیان بەسەر چەند ئامێرێکی هەڵکەندنی بیری ئاو داگرت. نەبەزعەبدولحەمید قایمقامی هەولێر بە خەبات ڕایگەیاند: هێزی زێرەڤانی سەر بە لیژنەی نەهێشتنی زێدەڕۆیی پارێزگای هەولێر، لەسنوری هەردوو ناحییەی عەنکاوە و کەسنەزان دەستیان گرتووە بەسەر دوو ئامێری پایل بۆ هەڵکەندنی بیری ئاو، کە بەشێوەیەکی نایاسایی بیری ئاویان لێداوە، دوای دەست بەسەرداگرتنی ئامێرەکانیش ڕاستەوخۆ ئامێرەکانمان داوەتە کارگەی شیشی هەولێر و ئیجرائاتی یاساییش لەبەرامبەر خاوەنەکانیان دەگرینەبەر. قایمقامی هەولێر وتیشی: بەردەوامین لە ڕێگریکردنی لە دیاردەی هەڵکەندنی بیری ئاو، هەڵکەندنی بیری ئاو یەکێکە لەو دیاردانەی مەترسییەکی زۆری هەیە لەسەر کەمبوونەوە و نەمانی ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی.

سوپاس و پێزانین

بە ناوی یەک بە یەکی خانەوادەکەمان سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی تاک بە تاکی هەموو ئەم خەڵکە بە ئەمەکەی کوردستان و هەندەران دەکەین کە بەژداربوون لە بەخاکسپاردن و پرسەی باوکی خوالێخۆشبوومان.

سەرەتا سوپاسی تایبەتیی پەیوەندیی تەلەفۆنیی هاوغەمیی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین. هەروەها سوپاس بۆ هەریەکە لە بەڕێز کاک (علی حسێن) نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندی نیشتیمانی و کوردستانی، نوێنەری جەنابی کاک مەسرور بارزانی و نوێنەری جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی کە بەژداربوون لە پرسەی بەخاک سپاردنی باوکی ڕەحمەتیمان. سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر (فرسەت سۆفی) پارێزگاری هەولێر و بەڕێز جەنابی بەرپرسی لقی 2و بەڕێز جەنابی بەرپرسی لقی 10و بەڕێز جەنابی بەرپرسی لقی 26ی گوڵان و بەڕێز کاک (هەڵگورد) فەرماندەیی لەشکری سەفین و بەڕێز (عەباس غەزالی) و بەڕێز (حسین کەریم دێوانە) و بەڕێز (مامۆستا عبدالرحمن)، هەروەها چەندین بەرپرسی حکومی و ئیداری و ڕێشسپی و پیاوماقوڵانی سنوری پارێزگای هەولێر کە بەژداربوون لە پرسەی بەخاکسپاردن. هەروەها سوپاس بۆ (شێخ عبدالمهیمن بارزانی) نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی و بەڕێز بەرپرسی لقی 16و بەڕێز خاتوو (ڕێواس) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێز (هێمن هەورامی) جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێز جەنابی (سیروان بارزانی) و بەڕێزان (وەزیری ئەوقاف) و (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار) و (وەزیری بازرگانی و پیشەسازی) و بەڕێز جەنابی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێز جەنابی بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بەڕێز کاک (ئومێد خۆشناو) سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیمان و بەڕێز کاک (کاکەمین نەجار) سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێر و بەڕێز کاک (سەفین دزەیی) و بەڕێز کاک (نەوزاد هادی) و بەڕێز کاک (دلشاد شهاب) وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم و بەڕێز کاک (خەسرۆ گۆران) بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیمان و بەڕێزان بەرپرسی لقی زاخۆ و بەرپرسی لقی شنگال و بەرپرسی لقی 23ی مەخمور، بەڕێز کاک (سیامەند عمر) لە پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەڕێز کاک (بەهرام عەریف یاسین) فەرماندەیی لەشکری هەڵگورد و بەڕێز جەنابی جێگری پەرلەمانی عێراق و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و بەڕێز جەنابی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی و چەندان وەزیر و بەرپرسی حکومی و ئیداری کە بەژداربوون لە پرسەی باوکی ڕەحمەتیمان. سوپاسی ئەو بەڕێزانەش دەکەین کە بە ڕێگەی نامە و تەلەفۆن و پەیامەوە بەژداری غەمیان کردووین، جەنابی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، بەڕێز (محمد حاجی محمود) سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز دکتۆر (بەرهەم احمد صالح) سەرۆکی کۆماری عێراق و بەڕێز دکتۆر (فواد معصوم) سەرۆکی پێشووی کۆماری عێراق و مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و مەڵبەندی هەولێری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و مەکتەبی سیاسی پارتیمان. سوپاسی ئەو نوسەر و ڕووناکبیر و کەسایەتیە شۆڕشگێڕانە دەکەین کە هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەیان دەربڕیووە، سوپاس و ڕێزمان هەیە بۆ هاوڕێیان و دۆستان و برادەرانی بنەماڵەکەمان کە لەم ماوەیەدا لەگەڵمان هیلاک و هاوغەم بوون. ئێمە وەک بنەماڵەکەمان ئەو وەفا و شکۆیەی خەڵک و نەتەوەکەمان لەیاد ناکەین و هەمیشە جێگای ستایش و سوپاسگوزاریمانە و لەناو خەڵک و بۆ خەڵک هەمیشە دەمێنێتەوە، ئومێدەوارین کەس کۆستی نەکەوێت و نەخۆش نەکەوێت.

لە کۆتاییدا دووبارە ڕێز و سوپاس و پێزانینمان.
زەردەشت دلاور محمدعلی اغا
لەجیاتی بنەماڵەی خوا لێخۆشبوو / 29/2/2020

هێڵی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێرا

هاوکات وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان ڕادەگەیەنێت، لەکاتی هەستکردن بە هەر حاڵەتێکی گومانماوی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی بکەن.

دیوانی وەزارەتی تەندروستی
07508169991
07714448100
هەولێر
07503987429
سلێمانی
07718204444
07718205555
دهۆک
07514025338
07514342938
هەڵەبجە
07501365007
07731915151
0538852656
گەرمیان
07480207442
ڕاپەڕین
07705694040
07501613933
کۆیە
07501202218
07701414633

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/3/1 ژمارە (5943)

هەولێر.. ئامادەکارییەکانی خۆپارێزی سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا

پێداویستی تەواویان هەیە بۆ پشکنین و ئامێرەکانیش بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانن و کوالێتییان زۆر باشە

موحسین دزەیی: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سێ تاقیگەی باوەڕپێکراوی لە عێراق دەستنیشانکردووە کە یەکێکیان تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێرە



ئامادەکارییەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تەواوکراون، ئەگەرچی خۆشبەختانە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بەو بەتایە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەدی نەکراوە.

خەبات: هەولێر

بەڕێوەبەری تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێر، موحسین دزەیی ڕایگەیاند، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ژمارەیەکی زۆری کیت-ی دابینکردووە، حەفتەی داهاتووش ژمارەیەکی زۆری دیکە دەگات، پێداویستی تەواومان هەیە بۆ پشکنین و ئامێرەکانیشمان بەپێی ستاندارد نێودەوڵەتییەکان و کوالێتییان زۆر باشە.

بەڕێوەبەری تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێر، موحسین دزەیی ڕایگەیاند: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سێ تاقیگەی باوەڕپێکراوی لە عێراق دەستنیشانکردووە کە یەکێکیان تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێرە.

موحسین دزەیی گوتی: وەکو تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێر، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسە لە دەرەوەی ناوچەی ئێمە، ئامادەکاریمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کردووە، پێشتر ئامێرەکامان هەبوو، بەڵم کیتمان نەبوو، دواتر بە هەوڵی وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانرا لە ڕێگای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (کیت)ەکان دابین بکرێت، دوای ئەوە دەستمانکرد بە پشکنین بۆ ئەو کەسانەی کە گومان دەکرێت تووشبووبن.

موحسین دزەیی گوتیشی: تا ئێستا لە کۆی هەموو پشکنینەکان، سەرجەمیان ئەنجامەکەیان نەگێتف دەرچووە، ئەم پشکنینە بۆ هەموو کەسێک ناکرێت مەگەر کەسێک کە گومان بکرێت تووش بووە و ئەویش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، سەرەتا لێی وریا دەبینەوە، دواتر پشکنینی بۆ دەکەین و دەگەین بە ئەنجام و پاشان جۆری نەخۆشییەکە دەدۆزینەوە، هەموو ئەو پرۆسەیەش ماوەی سێ کاتژمێری پێویستە و ئەنجامەکە دەردەچێت.

بەڕێوەبەری تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێر دڵنیایی دەدات بە هاوڵتیان لەبارەی کەلوپەلی تاقیگەکە و ڕاشیدەگەیەنێت کە تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێر یەکێک لەو تاقیگەیانەیە کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە باوەڕپێکراوە و لەمبارەیەوە گوتی: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەڵسا بە دابینکردنی کیت بۆ ئەو ووڵتانەی کە ئەو نەخۆشییەیان لێ بڵوبووەتەوە و لە عێراق سێ تاقیگەیان دەستنیشانکرد، یەکێکیان تاقیگەی گشتی تەندروستی هەولێر، یەکێکی دیکە تاقیگەی گشتیی بەغدا و ئەوەی دیکەشیان لە (نەجەف)ە، ئەنجامی ئەو شوێنانە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی باوەڕپێکراوە بۆ ئەم پشکنینە.

موحسین دزەیی گوتیشی: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ژمارەیەکی زۆری (کیت)ی دابینکردووە، هەفتەی داهاتووش ژمارەیەکی زۆری دیکە دەگات، پێداویستی تەواومان هەیە بۆ پشکنین و ئامێرەکانیشمان بەپێی ستاندارد نێودەوڵەتییەکان کوالێتییان زۆر باشە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە تا ئێستا هەشت حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق تۆمارکراوە و هەرێمی کوردستانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڤایرۆسە سەرجەم ڕێکارە تەندروستییەکانی گرتووەتەبەر و ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی سەنتەری چارەسەرکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە شاری هەولێر بەسەرکردەوە بۆ دڵنیابوون لە کوالیتی و چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لە ئەگەری گومانکردن لە هەبوونی هەر حاڵەتێکی تووشبوون بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.

داوای دابینکردنی خزمەتگوزاری و تاپۆکردنی زەوییەکانیان دەکەن

خاوەن زەوییەکانی قەرەبووی گوندی کۆری: نۆ مانگە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەین کە پێمان درابوو





خەبات/عدلی بانیشاری

پێنجشەمەی ڕابردوو جارێکی دیکە خاوەن زەوییەکانی کەرتی گەزنەی نوێ کە قەرەبووی پرۆژەی گوندی کۆرییە لە بەردەم سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر گردبوونەوەو چەندین دروشمیان بەرزکردەوە. نوێنەری خاوەن زەوییەکان دەڵێت: نۆ مانگە چاوەڕوانی ئەو بەڵێنانە دەکەین کە لە کاتی پێدانی زەوییەکاندا پێمان درابوو. سەرۆکی شارەوانی هەولێریش دەڵێت: چاوەڕوانی پەسەندکردنی نەخشەی زەوییەکان دەکەین.

29ی5ی 2019 لەڕێگەی تیروپشکەوە 4124 پارچە زەوی وەکو قەرەبوو درا بەو کەسانەی کە پێشتر ناویان لە پرۆژەی گوندی کۆری لە شاری هەولێر دەرچوو. خاوەن زەوییەکان بێ لە پێدانی پارچە زەوییەکی 200 مەتر ئەو حەوت هەزار دۆلاریشیان وەرگرتووەتەوە کە پێشتر ڕادەستی حکومەتیان کردبوو. خاوەن زەوییەکانی کەرتی گەزنەی نوێ ئامانژە بۆ ئەوە دەکەن لە مانگی 5ی سالّی ڕابردووەوە چاوەڕوانی دابینکردنی خزمەتگوزاری و تاپۆکردنی زەوییەکانیانن.

خالید تەحسین، نوێنەری 4124خاوەن پارچە زەوییە لە کەرتی گەزنەی نوێ و دەڵێت: پاش 6سالّ لە چاوەڕوانی کە ببینە خاوەن خانوویەک لە پرۆژەی گوندی کۆری، بەڵام سەرئەنجام بە پارچە زەوییەک قەرەبوویان کردینەوە.

گوتیشی: پاش ئەوەی پارچە زەوییەکی 200 مەتری بە هەر سوودمەندبوویەکی پرۆژەی گوندی کۆری درا چاوەڕوانی ئەوە بووین لەسەر پارچە زەوییەکان خانوو دروست بکەین، بەڵام نەبوونی خزمەتگوزاری و تاپۆ هەموو شتێکی وەستاندووە.

ئەو دەشڵێت: نۆ مانگە ئێمە تەنها ژمارەی پارچە زەوییەکەمان وەرگرتووە و نازانین زەوییەکانمان بە دیاریکراوی کەوتووەتە چ شوێنێک.

خالید تەحسین بۆ (خەبات) ئەوەشی گوت: بڕیار بوو زەوییەکان تاپۆ بکرێن، بەڵام ئێستا ڕێگەپێدانیشی نییە. هەروەها ناوبراو گوتیشی: چەندین جار بۆ ئەم مەبەستە خاوەن زەوییەکان گردبوونەتەوە، بەڵام بێ ئەنجام بووە.

عەبدولواحید ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی هەولێر لەبارەی کێشەی ئەو هاوڵاتیانەوە بۆ (خەبات)ی گوت: بەهۆی ئەوەی نەخشەی زەوییەکان لە ڕابردوودا پەلەی تێدا کراوە، هەندێک تێبینی لەسەری هەیە، بۆ نمونە هەندێک لە پارچە زەوییەکان کە دابەشکراون لەسەر نەخشە ئاساییە، بەڵام لە واقیعدا کەوتوونەتە (کەند)ەوە بۆیە ناتوانرێت خانووی لەسەر دروست بکرێت. گوتیشی: ئێستا نەخشەکە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان لە وەزارەتی شارەوانی کراوە، ئەگەر هیچ کێشەیەک نەبێت ئەوە پەسەند دەکرێت.

سەرۆکی شارەوانی دەشڵێت: پاش پەسەندکردن، نەخشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە، ئێمەش بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی بۆ دەردەکەین و ڕەوانەی تاپۆی دەکەین. ئەوەشی گوت: لەو قۆناغەی کە کارەکان دەگاتە تاپۆ ڕەنگە لە ماوەی دوو مانگدا 2200پارچە زەوی تاپۆیان بدرێتەوە دەست ئێمە، ئێمەش مامەڵەی هاوڵاتیانی پێ ڕادەپەڕێنین.

دەشڵێت: ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە نەخشەکە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانەوە پەسەند بکرێت.

عەبدولواحید ئەحمەد ئامانژە بۆ ئەوەشدەکات بەشێکی تری زەوییەکانی قەرەبووی گوندی کۆری کە نزیکەی 2000 پارچە زەوییە قەرەبووی جووتیاری پێویستە، چونکە زەوییەکان لە بنەڕەتدا هی جووتیارانی سنوورەکەیە.

ئەو دەڵێت: ئێستا قەرەبووی لە 3%ی جووتیار لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەستاوە و دەبێت بڕیارەکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی شارەوانی بتوانێت کارەکانی ئەوانیش کە خۆی لە پرۆسەی تاپۆکردنکردن دەبینێتەوە ئامادە بکات.

سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەڵێت: کێشەی ئەو زەوییانە پەیوەستە بە وەزارەتەکانی دارایی و کشتوکاڵ و داد و شارەوانی و پرۆسەیەکی وەها ئاسان نییە کە خەڵک باسی دەکات.

عەبدولواحید ئەحمەد هەروەها گوتیشی: ئێمە لەلایەن خزمەتگوزارییەوە هیچ کەموکوڕییەکمان لەو بابەتەدا نەبووە و وەزارەتەکانی دیکەش بەهەمان شێوەیە. خەجتی لەسەر ئەوەشکردووە پێیان خۆشە لە زووترین کاتدا ئەو بابەتە چارەسەر بکرێت و خاوەن زەوییەکیان تاپۆیان بۆ دەربچێت.

مەلا مستەفا بارزانی روحی بەرخودان و تێکۆشانی گەلی کوردستانە



وەیسی سەعید وەیسی

هەموو ساڵێ لە1-3 گەلی کوردستان یادی یەکێ لە ڕۆژە خەمناکەکان دەکاتەوەکە لە ڕۆژێکی هاوشێوەی دا لە سالی 1979دیارترین سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان (مەلا مستەفا بارزانی) مالئاوایی یەکجارەکی کرد.



لە دەست دانیدا لەکات وساتی ئەوکاتدا گەورەترین زیان بەرگەلی کوردستان کەوت چونکە کورد ڕێبەرێکی مەزنی لەدەستدا کە هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی بەخت کرد تاهاوشانی گەلانی تری دونیا بەسەر فرازی لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان بژین و هیچ کات ژێر دەستە وبێ خاوەن نەبێت بۆیە میژووی گەلەکەمان بەبێ ناو و یادی بارزانی هیچ نرخێکی نییە کەپتر لەنیوسەدە یە بژافی نیشتمانی هاوشانە لەگەل ناوی بارزانی و ڕای ئەوەی لەناسکترین و دژوارترین قۆناغ دا ڕێبەرایەتی گەورەترین شۆرشی کرد و هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆیەک ئامانج ومەبەست کۆکردنەوە کەسەرەنجام دووژمنانی ناچارکرد کەدان بەمافی گەلەکەمان دابنێن وڕێکەوتنامەیکی میژوویشیان لەگەل مۆرکرد هەموو ئەمانەش وای کرد بارزانی نەمر بۆ هەتا هەتایە ببێتە سیمبولی خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان لەپێناوئازادی کوردستان بۆیەش هەموو دەم دوژمنان لە هەوڵی پیلان گێری دابوون بۆ لەناوبردنی کەرووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی لەڕێکەوتی 1970-9-29 لەڕێگای چەندکەسێکی بەکرێگیراو بەجل وبەرگی مەلایەتی بەڵگەی ئەم ڕاستییەیەکە سوپاس بۆ خوای گەورە بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر ڕزگاری بو،و بەڵام هەموو ئەمانەش نەبوونە بەربەست تا لە داوا کردنی مافی ڕەوای گەلەکەی پاشگەز ببێتەوە کەلەژێر ڕۆشنای ئەم ڕووداوەشدا گەورەیی بارزانی نەمریش بەدەرکەوت کەئامادە نەبوو بەهیچ جۆرێک شەر لەسەرخودی ئەودا بکرێت بەڵکو فەرمانیدا گەرشەڕ بکرێتەوە دەبێت لەسەر کەرکووک وخانەقین وشەنگال بێت کە ئەمەش دیاترین خەسلەتی سەرکردەی کارێزمایە کە هەمیشەئامادەیە لەپێناوئازادی گەلەکەی داخۆی بەخت بکات بۆی گەرهەلوەستەیک بکەین بۆمان دەردەکەوێت دوای 41 سال تێ پەربوون بەسەر کۆچ کردنەکەیدا هێشتا ڕێباز و فەلسەفە و قوتابخانەکەی هەر بە زیندووی مایتەوە وکاریگەری لەسەرهزروبیری کوردستانیان هەیە بەدڵنیایەوە هەر ئەمەش فاکتەری بە نەمر مانەوەی ناوی بارزانی نەمرە بۆیە گەر نەتەوەیەکانی دونیا شانازی بە سەرکردەکانیانەوە بکەن ئەوا گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی هەموو کات شانازی بە مەلا مستەفا بارزانیەوە بکات کە ڕوحی بەرخودان و تێکۆشانی بەهەموو نەتەوە ئایین و ئاینزاکانی کوردستان بەخشی لێرەوە دەگەینە ئەودەرەنجامەی کەگەلی کوردستان سالانە وەفاداری لەبەردەم بە زیندوو هێشتنەوەی یادی نەمران بۆ دووپاتکرنەوەی پەیمان و وەفاداری بۆڕێبازەکەیان بەمەش دەردەکەوێ کە بارزانی نەمر مولکی هەموو خەڵکی کوردستانە چونکە بەبێ ناوی بارزانی نەمر زۆر ئەستەمە باس لە میژوو و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان بکرێت کە تا هەتایە ناوی بارزانی بە نەمری لە دڵ و ویژدانی کوردستانیان دەمێنێتەوە .

لەم یادەدا سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی بارزانی نەمر

سلاو لە قوتابخانە و ڕێباز و ڕێبوارانی ڕێبازی بارزانی

دادپەروەری لەڕێبازی بارزانی نەمردا




سیامند ستێلکی

مخابن تا ئێستا وەکو پێویست نەمانتوانیوە لەڕووی فکری و تیوریەوە پێناسەیەکی ڕاست و واقعی بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر بکەین. هێشتا نەمانتوانیوە بەشێوازێکی ئەکادیمی و زانستی شیکردنەوە بۆ ئەو بنەما فکریانە بکەین کە ڕێبازی بارزانی نەمر وەکو قوتابخانەی ڕاستەقینەی و کوردایەتی لەسەری بنیاتنراوە.

هێشتا نەمانتوانیوە وەکو پێویست لەسەر بنەمای ئارگومێنت و خستنەڕووی بەڵگەی زیندووەوە دونیا بینی مەلا مستەفا بۆ بنیاتنان و بەڕێوەبردنی ژیان ،بخەینە پێش چاوی نەوەی نوێی گەلەکەمان. کەم تەرخەمێن لەوەی کەنەمانتوانیوە وەکو فەلسەفەیەکی سیاسی کار بۆ نوسینەوەو بەدیکومێنتکردنی فەرهەنگ و کەلتووری خەباتگێڕانەی بارزانی نەمر بکەین .تا وەکو سەرچاوەیەکی دەولەمەند لەبواری زانستی و پەروەردەییدا بکەوێتە بەردەستی نەوەی نوێ و سودی لێی ببینن. هەڵبەت تا ئەوە نەکەین ناتوانین لەبواری فکریدا ڕێبوارانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە پەروەردە بکەین و پێ بگەینین. کاتێک پەروەردەش نەبوو ئەستەمە لەئەزمونی حوکمڕانیدا بتوانین پابەندی ئەو بنەما فکریانە بین کەڕێبازی بارزانی نەمر لەسەری ئاڤاکراوە. بێ گومان ئەمە چەند ئەرکێکی پیرۆزە دوو هێندەش کارێکی قورس و گرانە. بۆیە من لەو ئاستەدا نیم کە بتوانم لەم بارەوە پێناسەیەکی ڕاست بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر بکەم یان لەڕووی زانستیەوە شیکردنەوە بۆ بنەما فکریەکانی بکەم، بەڵام وەکو ئەرکێک و لەیادی 41 ساڵەیی وەفاتی بارزانی نەمردا بەپێویستم زانی لەڕێگای گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەدا کە لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا ڕوویداوە . نەوەی نوێی گەلەکەمان بەو ڕۆژیاو دونیابینیە ئاشنا بکەم کە ئەو ڕابەرە مەزنە بۆ بنیاتنان و بەڕێوەبردنی ژیان هەی بوو . هەڵبەت ڕوودواوەکە گوزارشت لەیەکێک لەو بنەمای فکریانە دەکات کە وەکو بنەمایەکی نەگۆڕو چەسپاو لەڕێبازی بارزانی نەمردا جێگیرکراوە. ئەویش دادپەروەری کومەڵایەتیە . بێ گومان کاتێک دەچینە ناو بەسەرهاتەکەو بەوردی لێی دەڕوانین ، ئەوکات گەورەیی و عەزەمەتی مەلا مستەفا بومان دەردەکەوێت و ، هەست بەوە دەکەین کە دونیابینی بارزانی نەمر بۆ بەڕێوەبردنی ژیان بەگشتی دونیابینیەکی کراوەو مودێرن و سەردەمیانە بووە .هەمیشە بەدیدو تێڕوانینێکی مرۆڤ دوستانەو لەسەر بنەمای پاراستنی بەها مرۆڤایەتیەکان مامەڵەو سەردەری لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکاندا کردوە. لێرەدا نیم کە بتوانم لەم بارەوە دەگەڕێینەوە سەر کۆڕێکی باسەکەمان کە دادپەروەریە لەڕێبازی بارزانی نەمردا. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد ، بارزانی نەمر وەکو ڕابەرێکی ئازادیخوازو شۆرشگێر بڕوایەکی تەواوی بەچەسپاندنی عەدالەتی نەمابوو.تەنانەت ماوەیەک بوو چەند پێشمەرگەیەک بەپێخواسی دەگەڕان . باروودوخەکە بەڕادەیەک خراپ بوو ،کەچیتر نەدەکرا تەحەمولی بکەین .بۆیە من وەکو بەڕپرسی ئەو مەفرەزەیە بیرم لەوە کردەوە تا ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ دابینکردنی جل و بەرگ و پێلاو بۆ پێشمەرگەکان .هیچ ڕێگایەکی وام شک نەبرد کەبتوانم جل و بەرگ بۆ پێشمەرگەکان پەیدا بکەین .تاکە ڕێگا ئەوەبوو کە لەڕێگایەکی نادروستەوە ئەو کارە بکەم . ئەمەش زۆر مەترسیدار بوو، چونکە دەم زانی ئەگەر مەلا مستەفا لێی ئاگادار بکرێتەوە، ئەوە بەتوندترین شێوە سزامان دەدات، دوو ئەسپی هاوولاتییەکم فرۆشت، دوای فرۆشتنیان پارەکەیان بۆ هێنامەوە .بەو پارەیە جل و بەرگ و پێلاوم بۆ بیست پێشمەرگە دابینکرد. دوای چەند ڕۆژێک لەپڕ مەلا مستەفا سەردانی کردین. بینیم جل و بەرگ و پێلاوی مەلا مستەفاو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدان، هێشتا ئەو پێلاو جل و بەرگانەبوون کە پێش دوو سال لەبەریاندابوو، باروودوخیان زۆر لەو باروودوخە خراپتر بوو کە بەر لەفڕۆشتنی ئەسپەکان ئێمە هەمان بوو .مەلا مستەفا بەر لەوەی بۆ حەسانەوە دابنیشێت بەوردی لەهەموومانی ڕوانی. بینی هەموومان جل و بەرگ و پێلاوی نوێمان هەیە. ئەمە بۆ مەلا مستەفا جێگای گۆمان بوو. بۆیە ڕووی لەمن کردو فەرمووی: خێرە ئەم جل و بەرگە نوێیەتان لەکوێ هێناوە؟! منیش گوتم ئەزبەنی جارێ دانیشە ئیسراحەتێک بکە ئینجا پێتان دەڵێم .مەلامستەفا بەو وەلامەی من گومانێکی زیاتری بۆ دروست بوو .بۆیە فەرمووی: دانانیشم تا ڕاستیەکەم پێ نەڵێی .من زانیم قەوماو ناتوانم ڕاستیەکە نەبێژم . بۆیە گوتم ئەزبەنی جل و بەرگی ئێمەش وەکو جل و بەرگی جەنابتان و ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵتانن کەلکی لەبەرکردن و لەپێکردنیان نەمابوو .بۆیە بەناچاری کەگوتم بەناچاری یەکسەر گڕپالەکەی بەرز کردەوەو ویستی لێم بدات .باش بوو پێشمەرگەیەک بەتەنیشتیەوە بوو نەی هێشت لێم بدات و پێی گوت ئەزبەنی تکایە ڕێگای پێ بدە با قسەکانی تەواو بکات .ئەوەبوو مەلا مستەفا فەرموی: قسەکانت تەواو بکە .منیش بەسەرهاتەکەم وەکو خۆی بوی گێڕایەوە .دواتر مەلا مستەفا فەرموی : من لەئازارو مەینەتیەکانی ئێوەو هەموو پێشمەرگە تێ دەگەم و ،دەزانم لەناچاری ئەو کارەتان کردوە .بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن ئێمە کە ئەم چەکەمان کردوتە شان بۆ ئەوەنیە کە زوڵم و زۆرداری لەخەڵکی خۆمان بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە تا زوڵم و زۆرداری لەسەر گەلی کورد لابەرین ،تا لەوڵاتی خۆیدا بەئازادی و سەربەرزی بژیت.

لەبەر ئەوە ئەم ڕێگایەی ئێمە گرتوومانتەبەر ڕێگایەکی پیرۆزە .بەڵام سەخت و دژوارە .بۆیە تکایەکی برایانەتان لێ دەکەم ئەوەی ناتوانێت تەحەمولی باری گرانی پێشمەرگایەتی بکات ،با بگەڕێتەوە ناو مال و خێزانەکەی .چونکە ئەگەر لەبرسانیش بمرن من ڕێگا نادەم نانێکیش بەزۆری لەخەڵک بستێنن. ئێستاش بڕوون خاوەنی ئەسپەکان ببینەوەو بێنن لام تا داوای لێبوردنی لێ بکەم . لێرە ناڕووم تا نەی هێنن لام.

ئێمە بێ دواکەوتن لەسەر ئەمری مەلا مستەفا چوینە لا خاوەنی ئەسپەکان و هێنامانە لای بارزانی، مەلا مستەفا زۆر ڕێزی لێگرت و دواتر ڕووداوەکەی وەکو خۆی بوی باسکردو فەرموی : ئەو ئەسپانەیان بۆ من هێناوە .بۆیە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم . ئێستا هیچیم نیە پێتان بدەم بەڵام بەلێنتان پێ دەدەم هەر کاتێک پارەم هاتە دەست لەجیاتی ئەو دوو ئەسپە پارەی چوار ئەسپتان بۆ دەنێرم. خاوەنی ئەسپەکان کەسێکی کوردپەروەرو دلسۆز بوو .گوتی: ئەزبەنی من نگەرانی ئەوە بووم پێم وابوو کەسێکی خراپکارو نامستەحەق ئەسپەکانی بردووە، بەڵام تازە کە زانیم بۆ پێشمەرگە بووە لەدڵەوە هەست بەخوشحالی دەکەم و هیچیشم ناوێ . مادام پێشمەرگە لەپێناو ئێمەدا شەڕ دەکات، ئەرکی ئێمەیە پێداویستیەکانیان دابین بکەین. بۆیە ئێستا دەچمەوە ماڵەوەو ئەو مەڕومالاتەی کە هەمانە نێوەیان بۆ پێشمەرگە دێنم . مەلا مستەفا لەوەڵامدا فەرموی: زۆر سوپاستان دەکەین. هیچمان ناوێ تەنها داوای ئێمە ئەوەیە بەگەورەیی خوتان بمان بوورن کە ئەو غەدرەمان لەئێوە کردووە. لەزووترین کاتیشدا پارەی چوار ئەسپتان بۆ دەنێرین. لەمبەدواوەش ئەگەر کەسێک غەدرو زوڵمی لەئێوەو خەڵکی ناوچەکە کرد بەزووترین کات ئاگادارم بکەنەوە. دوای ئەمە مەلا مستەفا خودا حافیزی لەئێمەو خاوەنی ئەسپەکان کردو گەڕایەوەدەڤەری باڵەکایەتی .پاش سێ مانگ پارەی چوار ئەسپی باشی بۆ



سوورە مەرگەیی

پەیامێک بۆ پەیامەکەی بارەگای بارزانی

بارەگای بارزانی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بۆ سەلامەتی خەڵک داوا دەکات ئەمساڵ بە بۆنەی وەفات و لە دایکبوونی بارزانی نەمر ڕێوڕەسمی جەماوەری بۆ سەر مەزاری نەمران ساز نەکرێ. دیارە ڕۆژی لە دایکبوونی بارزانی نەمر لە ١٤ی ئازاری ساڵی ١٩٠٣و وەفاتی لە ١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٩ دەکەونە مانگی ئازارەوە، ئەو مانگە بۆ کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەم ئازارە و هەم ئازارشکێنە کە ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی نەمر و بیری نەتەوەیی و هەڵوێستی شۆڕشگێڕی و بەرگری لە کوردستان و ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی بوو، چونکە بەر لەو لە دایکبوونە کورد پەرتەوازە و بێ ڕابەر بوو، بەو لە دایکبوونە کورد توانی بکەوێتەوە سەر ڕێڕەوەی کوردایەتی کە تا ئەوکات دوژمنان توانیبوویان بە لاڕێیدا بەرن. ڕۆژی وەفاتیشی ڕۆژێکی بە ئازارە، چونکە لەو ڕۆژەدا گەورەترین ڕابەر و پێشەوای کوردایەتی مالئاوایی لە چیا و لە سەنگەرەکانی بەرگری لە کورد و لە تەواوی شۆڕشگێڕان و سەربەخۆخوازانی کوردستان کرد، ئەو وەفاتە لە کاتێکدا بوو کورد نەک هەر لە باشوور، بەڵکو لە بەشەکانی تریش پێویستییان بە ڕابەر و پێشەوایەکی ئەزموونديدەی وەک بارزانی نەمر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێباز و کەلتوورێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی وای بۆ جێهێشتووین کە پابەندبوون پێیەوە وەک ئەوە وایە بارزانی نەمر لە ژیاندابێ و وەفاتی نەکردبێ. وەک لە پەیامەکەی بارەگای بارزانیدا هاتووە لەم باروودۆخەی ئێستادا ئەنجام نەدانی ڕێوڕەسم بۆ سەر مەزاری نەمران ئامانج لێی سەلامەتی گیانی هاوولاتیانە، ئەوەی منیش دەمەوێ لە پەیامەکەمدا بیلێیم: هاوڕا و پابەند دەبین بە بڕیاری بارەگای بارزانی، ئەوەی گرنگە هەر کورد‌پەروەرێک لە ڕۆژی وەفات و ڕۆژی لە دایکبوونی پەیامی تایبەتی خۆی هەیە و پەیامەکەش پابەندبوونە بە ڕێبازەکەیەوە، وەک پێشتر گوتم ڕۆژی لە دایکبوونی بارزانی نەمر ڕۆژی لە دایکبوونی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی و هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتیمانییە، گرنگە لەو ڕۆژەدا هەر یەکە و لە شوێنی خۆمانەوە بەڵێنی کوردایەتی بدەین و سوربین لەسەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان و بەدیهێنانی سەربەخۆیی کە ئامانجی بارزانی نەمر بوو، ڕۆژی وەفاتیشی بەڵێندان و پابەندبوونمانە بە ڕێبازە پیرۆزەکەی، گرنگە ئەو بەڵێنە بەرینە سەر و پابەند بین بەو ڕێبازەوە کە هەموو هیوا و ئاواتەکانی کوردی لە خۆیدا کۆ کردوونەوە.



سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە خزمەت بارزانیی نەمردا

لە 41 ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی نەمردا

سەلیم ئەسعەد خۆشەوی: دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی کوردستان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمر و خوێنی شەهیدان و خەباتی پێشمەرگەیە

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژلاوکی/ پیرمام

لەجیهاندا تەنها چەند جەنگاوەرێک هەن کە تەواوی ژیانی خۆیان و خانەوادەکەیان خستبێتەبەر خزمەتی مللەتی خۆیان، تەنها چەند سەرکردەیەک هەن کە بەدرێژایی تەمەنی خۆیان بەردەوام لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان بوونە لە پێناو خاک و خەڵک و نیشتیمانی خۆیان، لەجیهاندا تەنها چەند ڕابەرێک هەن کە تەنها لەبەرژەوەندی میللەتەکەیدا فیداکار و شۆڕش گێربووە. ئێمەی خەڵکی کوردستانیش بە هەموو نەتەوە و ئایینز اکانمانەوە شەرەفی ئەوەمان هەیە و شانازی بەوە دەکەین کە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ئەو جەنگاوەرە و سەرکردە و ڕابەرەیە کە بوون و مانی خەڵک و خاکی کوردستانی بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە و بەدرێژایی ژیانی خۆی خەبات و تێکۆشان و شۆڕشگێر بووە لەپێناو دەستەبەرکردنی شوناسی کورد و تەواوی خەڵکی کوردستان وەکو میللەتێکی سەربەخۆی خاوەن خاک.

بۆیە ئەمڕۆ لە **41** ساڵیادی کۆچی دوایی جەنەڕال مستەفا بارزانی، بەپێویستمان زانی سەردانی پێشمەرگە و فەرماندەی هەردوو شۆڕشی ئەلوول و گوڵان بکەین، بۆئەوەی هەندێک لە یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ جەنەڕال مستەفابارزانی بە خوێنەران ئاشنابکات.

سەلیم ئەسعەد خۆشەوی کوڕی شەهیدی فەرماندە (ئەسعەد خۆشەوی سێلکی)یە کە وەکو فەرماندەی قارەمان بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردووە و هەڵۆ و هاوڕێ بارزانیی بوو لەچوونی بارزانی و پێشمەرگەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران. هەروەها (ئەسعەد خۆشەوی) یەرمانەیەکی نزیک و جێگای متمانەی بارزانیی نەمر بووە و لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا سەرلشکری **1**ی دەڤەری بادینان بووە و ورۆلێکی یەکجار مەزنی هەبووە و لە شۆڕشی گوڵان. فەرماندە (ئەسعەد خۆشەوی) لە **5/13/ 1977** لە ئێران کۆچی دوایی کردووە و گەیشتە کاروانی نەمران.

فەرماندە و خەباتکار سەلیم ئەسعەد خۆشەوی پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە، هەروەها یەکێک بووە لە پاسەوانە تایبەتییەکانی بارزانیی نەمر. دواتر ساڵی **1964**بەفەرمانی بارزانیی نەمر کراوە بە فەرماندەی هێزی ئامێدی و دوای ڕێکەتنامەی **11**ی ئادار **1970**کراوە بە فەرماندەی فەوجی سنوور، دوا نسکۆی شۆڕش سەلیم ئەسعەد خۆشەوی و خانەوادەکەی لەگەڵ شۆڕشگێڕان ئاوارەی ئێران بوون.

(لەقۆناغی دووەمی شۆڕشی ئەیلوول) واتا هەر لەدەسپێکی شۆڕشی گوڵان، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی وەک فەرماندەیەکی خەباتکار و شۆڕگێڕێکی بەئەزموون بەشداری لە شۆڕشی گوڵان کردووە و بووەتە فەرماندەی هێزی خەبات. فەرماندە سەلیم ئەسعەد خۆشەوەی کەسێکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە و بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری **1991** کردووە و ئێستا لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەکانی بارزانە. لە کۆنگرەی **13**ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر خەباتی دوورودرێژی و چالاکییەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لەلایەن جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییەوە مەدالیای بارزانیی نەمر پێی بەخشراوە. بە **41** سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە **41** ساڵیادی کۆچی دوایی جەنەڕال مستەفا بارزانی بەم شێوەی خوارەوە باس لە هەندێک بیرەوەییەکانی خۆی دەکات لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ ڕابەری کورد بارزانی نەمر.

لە بارەی خەباتی بنەماڵەی شۆڕشگێر و نیشتیمان پەروەر و خاوەن شەهیدی خۆیان، مام (سەلیم ئەسعەد خۆشەوی سێلکی) گوتی: شانازی بەخەباتی پێشمەرگایەتی خۆم دەکەم کەلە پێناو ڕێبازی نەمر خزمەتم کردووە، بنەماڵەی ئێمە هەر وەکو مرید و دڵسۆزی شێخانی بارزان پابەندی کردار و گوفتاری شێخانی بارزان بووین. هەمیشە بنەماڵەمان ئامادەی قوربانیدان بوونە لەپێناو ئەم ڕێبازە. هەروەها بنەماڵەکەمان بە پشتیوانی خەڵکی دەڤەری مزووری بالا سەربە دەڤەری بارزان هەمیشە بەشێکی گرنگ بوون لە شۆڕشەکانی بارزان و کۆماری کوردستان لەمەهاباد و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان بەڕابەرایەتی بارزانیی نەمر. ئەو فەرماندانەی بنەماڵەی ئێمە کەلە خزمەتی ڕێبازی بارزانیدا شەهید بوونە بریتین لە (خەلیل خۆشەوی و سەلیم خۆشەوی و ئەسعەد خۆشەوی باوک ، عیسا سوار و محەمەد عیسا و عەلی خەلیل خۆشەوی)، هەروەها فەرماندە سەعید خەلیل خۆشەوی کە ئێستا لەژیان ماوە، ئەمانە ئەو شەهید و قارەمانانەن کە بە پشتیوانی خەڵکی سەربەرزی دەڤەرەکەمان پێشمەرگەی بەوەفا و ئەمەکداری ڕێبازی بارزانی نەمربوون بەدرێژایی بزوتنەوە رزگاری خوازی گەلی کوردستان بەرێبەرایەتی مستەفا بارزانی، ئەگەر ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕەی دەڤەرەکەمان لەگەڵ ئێمەدا نەبوونا ، ئێمەش نەماندەتوانی ئەو ورۆلە قارەمانییە لە پێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر و ئازادی ئەمرۆی کورستان تۆمار بکەین. بێگومان دەستکەوتەکانی ئەمرۆی کوردستان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمر و خوێنی شەهیدان و خەباتی پێشمەرگەیە.

پرسیارەمان لە مام سەلیم ئەسعەد خۆشەوی کرد کە چۆن لە تەمەنی لاوێتیدا بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و یەکێک بووە لە پاسەوانە تایبەتەکانی بارزانیی نەمر دابووید؟. بەڕێزیان گوتی:

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، شۆڕشێکی گیانفیدای و بەرخودان و سەرفرازی بوو بەسەرۆکایەتی ڕابەری نەتەوەی کورد بارزانیی نەمرلە پێناو ماف و شوناسی خەڵک و خاکی کوردستان بوو، بۆیە بە شانازیەوە من لە تەمەنی لاوێتی بوومە پێشمەرگە. لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول من یەکێک بووم لە پاسەوانەکانی بارزانیی نەمر و چەکم لە شان کرد و زۆرم پێ خۆش بوو کەلە خزمەتی ئەو ڕابەرە مەزنەدابووم. باوکم شەهیدی فەرماندە (ئەسعەد خۆشەوی سێلکی) کەسێکی نزیکی بارزانیی نەمر بووە، باوکم هەموو کاتێک بەئێمەی دەگوت کە تەنها دەبێ خزمەت بە ڕێبازی بارزانی بکەین چونکە ڕێبازێکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمان پەروەرە. من بۆ ماوەی **4** ساڵ پاسەوانی نزیکی بارزانیی نەمر بووم و لەگەڵی دابووم کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان خەڵک بەدڵ و گیان خۆیان دەگەیاندە بارزانیی نەمر وپەیوەندییان بە شۆڕشی بارزانییەوە دەکرد.

مام (سەلیم ئەسعەد خۆشەوی) لە یاد و بیرەوەرییەکانی دا باس لە ڕۆڵی بارزانی نەمر دەکات لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا و گوتی: لەسەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چارەنووسی خۆمان بەستەوە بە چارەنووسی بارزانیی نەمر و بڕیاری سۆز و وەفاداریمان بەبارزانیدا، پێش چوونمان بۆ بادینان بارزانیی نەمر ئێمەی کۆکردەوە وە فەرمووی: "لەم سەفەرەدا هەرکەسێک لەگەڵمدا بێت دەبێ بزانێ ڕێگای مان و نەمانمان لە پێشە و ئەمە ڕێگای ئێمە... دەچین نازانم دەگەڕێنەوە یانا.... دەبێ تەحمولی هەر بەسەرهاتێک بکەن.. لەوانەیە تووشی برسیەتی و شەڕی قورس دەبین..."، ئێمەش بەدڵێکی پڕخۆشەویستی بۆ بارزانی نەمر گوتەکانی بارزانیمان قبوڵ کرد. هەروەها بەرلەچوونمان بۆ بادینانی بارزانی نەمر چەند ڕێنماییەکی بەپێشمەرگەدا کە بوون بە یاساییێک لە هزری ئێمەدا کە بریتی بوون لە: (نابێ بچینە ناو گوندەکان چونکە لەوانەیە فرۆکەکانی ڕژێمی بەعس بە بیانۆی ئێمەی پێشمەرگەوە گوندەکە بۆمباران بکات. هەروەها دەبێ پێشمەرگەکان لە ژێر فەرمانی سەرقۆڵەکان دابن گوێرایەڵی ئەرک و فرمانەکان بن). دوای ئێمەی پێشمەرگە دابەشکراین بەرسەر قۆڵ و مەفرەزە و بەتالیۆنی جودا جودا و و من یەکێک بووم لە و پێشمەرگەکانەی کە ئەرکمان پارێزگاری کردن بوو لەژیانی بارزانیی نەمر. هەر لەدەسپێکی شۆڕشی ئەیلوول لەشکری بارزانیی نەمر سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بەدەست دەهێنا.

لە درێژەی قسەکانی دا مام (سەلیم ئەسعەد خۆشەوی) گوتی: بارزانیی نەمر هەردەم دەیگوت: "من پێشمەرگە و خزمەتکاری خەڵکی کوردستانم"، بێشک گفتار و ڕەفتارەکانی بارزانی یەک بوو، بۆیە ڕابەری کورد بارزانیی نەمر چوو ناو دڵی خەڵکەوە و شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش گەورەترین سەرکەوتنی بە دەستهێنا. خەڵکی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین هەموویان هیواو ئاواتی ڕزگاربوونیان بە بارزانی نەمربوو چونکە دەیانزانی بارزانیی نەمر بەرگری لە حەق و مافەکانی کوردستان دەکات و دەنگ و دۆزی کوردی گەیاندۆتە جیهان. من **4** ساڵ پاسەوانی هەموو ڕوویەکەوە شارەزای تەواوی هەبوو ، لەکاتی شەڕەکان لە پێشەوەی شەڕدا بووە و گەورەترین نەخشە و پلانی پارتیزانی دادەڕشت و گورزی کەمەرشکێنی لە دوژمن دەدا. بارزانیی نەمر بە ئیماندارو پشتبەستوو بوو بە خوای گەورە. مرۆڤێکی نەتەوە پەروەرو کوردستانپەروەر بوو، هەموو کاتێک بارزانیی نەمر دیفەرموو: "دەبێ ڕەخت و فیشەکمان لەشان بێت و خۆمان بە خزمەتکاری میللەتەکەمان بزانین و دەبێ ڕاستگۆ و دڵسۆز بین بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و لە هەموو زروفێکدا دەبێ هەوڵ بدەین خزمەت بە ڕۆڵەکانی کوردستان بکەن و دەبێ بە دڵسۆزی خزمەتی خاکی خۆمان بکەین".

بارزانیی نەمر توانی متمانەی تەواوی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت، شەو ڕۆژ بە پا پیادە لەگەڵ پێشمەرگەدابوو و لەسەر زەوی و چیا و ئەشکەوتان دەنوست و خوا پشت و پەنای بووە، زۆر سادە و خاکی بوو، نانی لەگەڵ ئێمەی پێشمەرگە دەخوارد و هەموو کاتێک دیفەرموو: "هەرچێ هەبێت پێکەوە دەخوێن". بارزانیی نەمر لە ڕووی جلوبەرگ وەک ئێمە بووە و هەموو کاتێک دیفەرموو: "دەبێ ڕێز لە مرۆڤ بگرین و نابێ هیچ کاتێک هەستی شوانێک یان گەنجێک یان هەر کەسێک بە تاکە وشەکیش بریندار بکەین،چونکە ئەوکات دەبینە دوژمنی خۆمان، بۆیە ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵ ئێمە دا بێت دوژمن هەزارجار لە ئێستا بە هێزتر بێت پشت بەخوای گەورە ئەو دوژمنە شکست دەخوات".

لە یادەمە چەندەها جار ڕۆژنامەنووسی بیانی دەهاتنە لای بارزانیی نەمر و ناویان بە (جەنەڕاڵ) دەهێنا ، بارزانیی نەمر دیفەرموو: "من (جەنەڕاڵ) نیم، من تەنیا پێشمەرگەیەکم و بایەخ بە نازناوی نادەم ، من هیچ کەسێکی لە بیر نەدەکرد. لە یادمە هەموو کاتێک بارزانیی نەمر چاوی بەئەو دڵسۆز و خەڵکانە دەکەوت کە خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگەیان دەکرد و دانوستانی لەگەڵدا دەکرد و هەندێکجار لەگەڵ تێکۆشەرەکان یان خەڵکانی نیشتمانپەروە دادەنیشت و قسەی بۆ دەکرد، لە یادمە بە دەستی خۆی سیگاری بۆ دەپێچانەوە و هەموکاتێک دەستخۆشی لەو دڵسۆزانە دەکرد کە خزمەتیان بە شۆڕش دەکرد. هەمیشە پشت و پەنای هەژاران بووە،بارزانیی نەمر ئێمەی فێر کرد کە نابی خیانەت لە نیشتمان بکەین و دەبێ هەردەم ڕاستگۆیانە و بە دڵسۆزی خزمەت بکەین. بارزانیی نەمر ئێمەی فێری ئەوەکرد کەژیانی خۆمان بۆ ئازادی کوردستان تەرخان بکەین. بارزانیی نەمر هەمیشە دیفەرموو: "ئێمە وێوە پێشمەرگە دەبێ هەمیشە چاومان لە خەڵک بێت، نەک خەڵک چاوی لە ئێمە بێت و دەبێ ئەم میللەتە لە ستەم ڕزگاربکەین و دەبێ خۆمان بە خزمەتکاری کورد دەزانین. ، هەموو کاتێک کەسەیری وێنەکانی بارزانی نەمر دەکەم یادی ئەو ڕۆژگارە دەکەم کە بارزانیی نەمر ئاواتخوازی ئەوە بوو کە گەلی کورد ڕۆژێک بگاتە ئامانجەکانی خۆی، چ ئەمڕۆ یان سبەی. بۆیە هەرگیز ئەو ڕابەرە لە یاد ناکەم، چونکە لەئەو فێرە خۆشەویستی نیشتمان و کوردایەتی و مەردایەتی بووم و فێری ئەوەبووم کە خۆمان بەسەرکەس فەرز نەکەین و هەردەم خۆمان بە خزمەتکاری میللەتی خۆمان بزانین.

بۆ یادی 41 ساڵەی وەفاتی بارزانیی نەمر دا مام(سەلیم ئەسعەد خۆشەوی) گوتی: کە ئەمڕۆ یادی وەفاتی ڕابەرمان بارزانیی نەمرە دەکەین، دڵنیاین کە ڕێبازی ئەو بەردەوامە و کوڕی ڕابەرمان سەرۆک مەسعود بارزانی



پەیامنێری «خەبات» لەگەڵ سەلیم ئەسعەد خۆشەوی

هێزی دیکەش هەبوون وەکو شەهیدی فەرماندە عیسا سوار سێلکی لە زاخۆ کە جێگری شەهیدی فەرماندە عەلی هالۆ بوو، حەسۆ میرخان دۆڵەمەرێ لە شێخان، عەلی خەلیل لە دهۆک کە هەر یەک لە ئێمە لە ژێر ئیدارەی لەشکری بادینان بووین کە باوکم (ئەسعەد خۆشەوی) فەرماندەی ئەم ئیدارەیەبوو.

ئەسعەد خۆشەوی باس لە هەندێک خەسڵەت و بیرەوەرییەکانی بارزانی نەمر دەکات و گوتی: بارزانیی نەمر مرۆڤێکی عەدالەتخواز بوو، هەردەم لەگەڵ حەق دابوو، زۆر بەوەفا و ئەمەکداربوو، هەموو جار دەیفەرموو "نابێ چاکەی خەڵک لە یاد بکەین، چونکە ئەوان بە نان و چەک و گیانی خۆیان هاوکاری ئێمەیان کردووە". بارزانیی نەمر لە خزمەتکاری میللەتی کوردستانم". بارزانیی نەمر هەموو کاتێک خاوەن بەڵێنی خۆی بوو و تەنانەت نەیارانیش دەیانزانی کە بارزانی چەند خاوەن بەڵێنە. بارزانیی نەمر ئومیدی هەموو خەڵکی کوردستان بوو، بارزانی بە بێ جیاوازی هەموو کوردی کردە یەک.

(سەلیم ئەسعەد خۆشەوی) یەکێک لەوێنەکانی خۆی پێشان دام کە لەگوندێکی کوردستان لە لە خزمەتی ڕابەری کورد(بارزانیی نەمر) دابووە و زۆر شانازی بەو وێنەیە دەکات و گوتی: ئەگەر سەیری وێنەکانی بارزانیی نەمربکەین دەبینین کە لایەنی خواردن و جلو بەرگ هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئێمەی پێشمەرگەیەکم و هەروەها بارزانیی نەمر چاکە و خزمەتی هەڵگری پەیامی باوکییە و دڕێژەپێدەری ڕێبازەکەیتی. زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ ئەم ئەزموونەی لە کوردستان هەیە بەرهەمی خەباتی بارزانی نەمر و پێشمەرگە و خوێنی شەهیدانە ، دەبێ قەدری هەموو ئەو شتانە بزانین کە لە سایەی ئەو ئەزموونە خاوەن حکومەت و پەرلمان و ئالای کوردستانین کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی وەکو باوکی هەمان ڕێباز پەیڕەو دەکات بۆ گەیاندنی کوردستان بە کەناریکی ئارام و سەربەخو. هەتا دەمرم بەشانازییەوە هەر خۆم بە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر دەزانم هەر شکۆدار بێت یادی کۆچی دوایی باوکی کورد بارزانی نەمر و کاک ئیدرسی جوانەمەرگ و سلاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.

دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ١١ / ش / ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ منیر عباس صبحي
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (نهایە دوش جاسم) داوای ژمارە (١١ / ش / ٢٠٢٠) لەسەرت تۆمارکردبوو کە تێدا داوای (جیابوونەوە/ تفریق للهجر) کردبوو ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٦ بڕیاری کۆتایی بەپاشملە دەرکرد بە (جیابوونەوە) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گوندی لوبنانی) بۆیە دادگا بڕیاریدا پێڕاگەیاندنت بە بڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ظاهر محمد مصطفى

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢٦

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (مهدی فاخر عباس) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:
١- هەباشەی سپی کردن و هاڕین بێ ژمارە دروستکراوی هیندی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥.
٢- غەربیلی هەزازی جیاکردنەوە بێ ژمارە دروستکراوی خۆماڵی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢٦

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (نریمان محمد شریف) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای قوشتەپە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:
١- تێکردنی زاهی و پاککەرەوە ژمارە/ LF٠٠١٩٩٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ حەوت دانە خەلاتی تێکەل کردنی مواد.
٢- لێدانی لەزگە لە بتل ژمارە/ LF٠٠١٩٩٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M٢٥
٣- لەزگە لێدان لەبتل بوخاری ژمارە/ LF٠٠١٩٩٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
٤- لێدانی قەپاغ لە بتل ژمارە/ LF٠٠١٩٩٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
٥- دروستکردنی بتلی جۆراوجۆری پاککەرەوە ژمارە/ LF٠٠١٩٩٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠ قالبی جۆراوجۆر.
٦- مکسەری تێکەلکردنی جەلی ژمارە/ LF٠٠١٩٩٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ چواردانە خەلاتی تێکەلکردن.
٧- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ LF٠٠١٩٩٨ دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٧٠.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردن لە سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردن لە کە لا ر
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە: ٣١١
بەروار: ٢٤ / ٢ / ٢٠٢٠
ئاگاداری

بۆپێداویستی دۆسیەی جێ بەجێکردن ژمارە (٦٠٠ / ت د / ٢٠١٩) تایبەت بەخاوەن قەرز (فاطمە ابراهیم محمد) وقەرزدار (علی ابراهیم مردان)، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەسێت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبیلی ژمارە (٢٦٧٧٠٥- سلێمانی) جۆری دوج جار جر – ڕەنگی سور مۆدێل (٢٠١٧) کامل مواصفات – کەدەرگای لای سەکن جامەلغی سەکن و بۆنیدی ئۆتۆمبیلەکە بیاخ کراوە تەوە ، بەپیچی مادەی (٥٥) لە یاسای جێ بەجێکردن ، بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا نرخی خەملێنراوی (٢٥،٠٠٠،٠٠٠) بیستو پێنج ملیۆن دینار هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با بارمتەی (١٠٪) نرخی خەملێنراو و پێنتسی باری شارستانی پێ بێ و ئامادەبێت لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی دوای حەوت ڕۆژ لە بڵاوبونەوەی ئەم ئاگاداریە کاتژمێر (١٢)

جێ بەجێکاری داد/ سۆران احمد محمد
٢٠٢٠ / ٢ / ٢٤

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٦١/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٢/٢٥
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ حازم سیف الدین سلیم/ یێ ناڤێ دەیکا وی (عیشی یونس)

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٦١/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن ئەتروش ب هژمار ٢٠٢٠/٣٨ ل سەر ماددێ ٤٠٦ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدیا روژا ٢٠٢٠/٥/٢٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٥١٩/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٢/١٧
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (علی اسماعیل معروف)

ڤێ دادگەهێ بڕیار ل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویف ماددێ ١/٤٥٢ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٥١٩/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن سەرهلدان ب ژمارە ٢٠١٨/٣١٢ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و هەوە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەیە ل سەر بڕیارا بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخو و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیارا حازربونێ بیت.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوك/١

* * *

دادگای کەتنی دهوك
ژمارە:٥٨٧/ج٢٠٢٠/٢
ڕێکەفتی:٢٠٢٠/٢/٢٥
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (فراس عدنان یوسف)
ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٥٨٧/ج٢٠٢٠/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل ڕێڤەبەریا بەرهەنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتا/ نڤیسینگەها دهوك) ل سەر ماددێ (٢/یاسا بەرهەنگاربوونا توندوتیژیا دژی ئافرەتا) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێ ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/٨ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ شکر سلطان عدو

* * *

دادگای کەتنی دهوك
ژمارە:٥٦٦/ج٢٠٢٠/٢
ڕێکەفتی:٢٠٢٠/٢/٢٥
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (دلبرین صباح ابراهیم)
ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٥٦٦/ ج٢٠٢٠/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهێ پولیسێن نوروز ل سەر ماددێ (٤٥٦/یاسا سزای) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێ ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/٨ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ شکر سلطان عدو

* * *

دادگای کەتنی دهوك
ژمارە:٥٦٠/ج٢٠٢٠/٢
ڕێکەفتی:٢٠٢٠/٢/٢٥
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (ویسام مصطفی محمد)
ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٥٦٠/ ج٢٠٢٠/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهێ پولیسێن مالتا ل سەر ماددێ (٤٥٣/یاسا سزای) ژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/٩ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ شکر سلطان عدو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٥/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٢/٢٤
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (علاءالدین خلیل محمد علی)

ڤێ دادگەهێ بڕیار ل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سال ل دویف ماددێ ٤٦٠ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٢٥/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نەهێلانا گونەهباریا مالتا ب ژمارە ٢٠١٨/١٣٥ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و هەوە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەیە ل سەر بڕیارا بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخو و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیارا حازربونێ بیت.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوك/١

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٧٤١/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٥
ئاگاداری
داواکار: باقی نامق قادر
داوالەسەرکراو: بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای یادۆ سەرەرای کارەکانی

دادگا لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٩ بڕیاری حوکمی دەرکرد بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو سەرەرای کارەکەی بە گێرانەوەی بڕی (٦٦٠٠٠٠٠) شەش ملیون و شەش سەد هەزار دینار بۆ داواکار و سەرجەم تێچوونەکانی داواکە دەکەوێتە ئەستۆی داوالەسەرکراو بە ئەرکانەی پارێزەرێتی بریکاری داواکار وە بەبڕی ٦٦٠٠٠٠ شەش سەدو شەست هەزار دینار.. وە لەبەر ئەوەی ئێستا ڕێ و شوێنی نیشتەجێی داوالەسەرکراو نادیارە ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەدو ڕۆژنامەی ناوخۆ ئاگاداری ناوبراوان بکەنەوە بۆ ئەوەی لەماوەی یاساییدا ڕەخنە و پێداچوونەوە لەبڕیارەکەدا بکرێت بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ سۆران عمر محوی

* * *

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٧/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/٢٧
ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (کابینەکا گەروك یا تەزیاتیا) ب رووبەرێ (٢٤) م٢ ل سەر پارچە زەڤییا ژمارە (٢١٦/٦) کەرتی ١٠٢ زاویتە بو ماوێ ١ ئێك سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاویتە بکەت د ماوێ ٣٠ سیه روژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا زاویتە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٤٨/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/٢٧
جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر موڵکی ژمارە ٢٥٥/٤٣٧ کە کەوتوتە کەرتی ٥ عنکاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار میراتگرانی کوچ کردوو/ کمال طاهر محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی شیرین ابراهیم سعید بەبڕی/ ١٩٢,٣٦٣,٥١٦ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٥٥/٤٣٧ ك ٥ عنکاوە
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خانوویەکی ٢ طابق- یەکەم لە هول و استقبال و ٢ ژوور مطبخ و مرافق و حمام دووەم لە ٣ ژوورو حمام و مرافق
٥ – ڕووبەرەکەی/٣٧٩,٩١ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کرێچی بەناوی عمر عبداللە داوای کرد وەك کرێچی بمێنێتەوە
٨ – نرخی قرساو/ ٢٦٢,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٣٧٠٩
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/٢٧
جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار مولکی ژمارە ٣٦٥/١ کە کەوتوتە خانقاە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار لقمان بلال عزیز کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی مازن بلال عزیز بەبڕی/ ٣٨١,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٣٦٥ ك خانقاە
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەبینایەکی یەك نهۆم ١٠٢ سەدو دوو دوکان پێك دێت
٥ – ڕووبەرەکەی/٣١٥٨ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کرێچیەکانی قەرزاری تێدایە.
٨ – نرخی قرساو/ ١,٠٢٦,٣٦٤,٥٠٠ ملیار دینار.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هەولێر)
ئاگاداری
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٦

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای وردە کازان) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / عبداللە احمد مصطفى

ئامێرەکان:
١- ئامێری بالۆن پرێس بۆ کەپس کردن ژمارە/ ١٣٨٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٤ بەدوو ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٣٧,٠٠٠,٠٠٠.
٢- ئامێری کەپس کردنی لێواری دار ژمارە/ ٠٢٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١١ بە پانزە ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ١٠,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێری تۆرنە CNC بۆ دەرهێنانی دیکۆر ژمارە/ ٣٥-٠٨٩١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢١ بە پێنج ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٢٠,٠٠٠,٠٠٠.
٤- ئامێری تۆرنە CNC بۆ دەرهێنانی دیکۆر ژمارە/ CA٢٠١٩٠٨٠٧Y٣ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٤ بە چواردە ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٩,٠٠٠,٠٠٠.
٥- دوودانە ئامێری ڕەندە بۆ بڕین بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣ بە سێ ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٥٠٠,٠٠٠.
٦- ئامێری فرێزە بۆ دەرهێنانی شوێنی کیلۆن ژمارە/ D٠٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦ بە پێنج ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٣,٠٠٠,٠٠٠.
٧- ئامێری تۆرنە CNC بۆ دەرهێنانی دیکۆر لەسەر پەنەل ژمارە/ ٥٥٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢ بە چوار ماتۆری کارەبایی کاردەکات هاوپێچ هەوا کێش بۆ ڕاکێشانی وردەدار نرخی/ ٣٦,٠٠٠,٠٠٠.
٨- دوودانە ئامێری کەتەر بۆ بڕینی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦ بە دوو ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٢,٠٠٠,٠٠٠.
٩- ئامێری بڕینی دار دەرهێنانی عەفر ژمارە/ ١٧٠٧٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بە دوو ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ١,٠٠٠,٠٠٠.
١٠- ئامێری ڕەندە بۆ ساف کردن و بڕین ژمارە/ ٢٠١٩١٠٨٣٣٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣ بە دوو ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٦,٠٠٠٠٠.
١١- ئامێری بڕینی دار ژمارە/ ٢٠١٩١٠٨٣٣٧ دروستکراوی هندی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بە یەك ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٦,٠٠,٠٠٠.
١٢- ئامێری سافکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی هندی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بە چوار ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٦,٠٠٠,٠٠٠.
١٣- ئامێری بڕینی دار ژمارە/ U-١٩٠٣٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ بە دوو ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ٣,٥٠٠,٠٠٠.
١٤- ئامێری بڕینی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ بە دوو ماتۆری کارەبایی کاردەکات نرخی/ ١,٠٠٠,٠٠٠.
١٥- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا ژمارە/ ٠٤٢٠٩٤٢٨R دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A١٢٠ بە گاز و تەولیدی میکانیکی کاردەکات نرخی/ ٧,٠٠٠,٠٠٠.

* * *

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٩/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠ /٢/١٨
ب/ ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : لاوین علی شاهین

ل دیف داخوازا داواکار(کاژین محمود محمد) وکێشا ژمارە (١٩/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٣٨٥) ل (٢٠٢٠/١/٢٢) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخا (ڕکاڤا) ئەڤجا بڕیار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٣/٤) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٠/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠ /٢/١٨
ب/ ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراوی : لاوین علی شاهین .

ل دیف داخوازا داواکارێ (کاژین محمود محمد) وکێشا ژمارە (٢٠/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پیگیریا تە بو دانا خەرجی بوری بو خو هەر ژ روژا (٢٠١٧/٩/١) تا روژا (٢٠٢٠/١/٩) و هەروەسا داخوازا خەرجی بەردەوام بو خو ژتە دکت هەر ژ روژا (٢٠٢٠/١/٩) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٨٢٤) ل (٢٠٢٠/٢/١٠) ونڤیسارا هەلبژارێ تاخا (رکاڤا) ئەڤجا بڕیار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٣/٤) ل دەمژمێر (٩) سپێدێ یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٢٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (تراب الریف)
بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (تراب الریف) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/٥) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بیستون قاسم اسماعیل) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/٨

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر


ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تراب الریف) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

لەپەروەردەی دەشتی هەولێر بەڕێوەچوو

(پەروەردە بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر) دوو دامەزراوەی حکومی و ناحکومی کۆدەکاتەوە



خەبات /ڕۆشنا عەلی

کۆنفرانسی پەروەردە بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر بەڕێوەچوو، کۆنفرانسەکە بە هاوبەشی لە نێوان پەروەردەی ناوبراو دامەزراوەی ژیاری پەروەردەیی ئامادەکاری بۆ کرابوو، ژمارەیەکی زۆر لە پەروەردەکاران لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بانگهێشتکرابوون ، ئامانج لێی باسکردنی دوو تەوەری سەرەکی بو تەوەری یەکەم لەڕێر ناوی (سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی) لەلایەن جەلال هەمزە کاکە شین بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پێشکەشکرا و تەوەری دووەم بەناوی (ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قوتابخانە) لەلایەن مامۆستا صابرحمد کانبی بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرەوە پێشکەش کرا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە وتەی بەخێرهێنان و سرودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد و دواتر وتاری بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر لەلایەن سابیر نانەکەلی بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوبراو خوێندکارێک بە ناوی: لە ناو پرۆسەی پەروەردە کەسانی شارەزاو کارامە زۆرن و کەسانیکیش هەن کە دڵسۆزن بۆ پرۆسەی پەروەردە بۆیە پێویستە ماوە ماوە لە کۆنفرانسێکی وەهادا هەردوولا کۆبکرێنەوە راو بۆچوون و سەرنجەکان یەکبخرێن بۆ ئەوەی بۆشاییەکی پێ پڕبکەینەوە، ئەنجامدانی ئەو کۆنفرانسەش بۆ ئەوەیە پەنجە بخەینە سەر برینەکان و ساڕێژییان بکەین بۆ ئەوەی دیدێکی ڕونتر لەبواری پەروەردە بێتەدی، لە لیدوانێکیشدا بۆ لاپەڕەی پەروەردە وتی:دوو تەوەرمان هەڵبژاردووە کەیەکەمیان سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیە دەمانەوێت پەنجە بخەینە سەر ئەو گرفتانەی کە لەم بوارەدا هەیەو بە هەمووان چارەسەری بۆ بدۆزینەوە ئەمەش لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکی نوێیە لایەنە باش و خراپەکانی دیاربکەین لەبارەی ئەوەشی کە ئایا وەک بەڕێوەبەرێکی پەروەردەو ئەزموونی ئەمسالی گۆڕانکارییەکە خراپترین خاڵی تەوەری سەرپەرشتیکردن لە چیدا دەبینیەوە ؟ بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر لەمبارەیەوە وتی : نەبوونی پسپۆڕی یەکێکە لە کێشەکان کە دەکرێت لێرەوە قسەی لەسەر بکرێت .

دواتریش وتاری وەزیری پەروەردە لەلایەن بورهان ئەرگوشی نوێنەری وەزیری پەروەردە خوێندنی پانێڵەکان، دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئامانجی ئەوان لەم هاوکاریکردنەی کەرتی دامەزراوەکەشمان بەشدارە لە پێشکەشکردنی پانێڵەکان، دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئامانجی ئەو کۆنفرانسانەی ئێمەهاوبەشین هەم لەلایەنی حکومی چییە ئایا خۆتان ئەمەتان ئەوێ یان بەرژەوەندیتان وەک دامەزراوەیەکی ناحکومی وادەخوازێ؟ لەمبارەیەوە مامۆستا ئازاد وتی: نەخێر ئێمە پێمان وایە پەروەردە سێکتەرێکی زۆر گرنگە پێمان وایە کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لەهەر شوێنێک و کایەو لەسەر دراوە ، بەڵام هەر بڕیارێک بەردەوام پێویستی بە پێداچوونەوەو باشترکردن و بەهێزکردن و پرکردنەوەی کەلێنەکان هەیە بۆیە لەم کۆنفرانسە دووریەکان کەمدەکاتەوە لە نێوان بڕیاردەرو جێبەجێکار و جومگەکان زیاتر تێکەڵ دەبن.

وتاری دامەزراوەی ژیار لەلایەن ئازاد حەمە نوێنەری دامەزراوەی ژیار خوێندنەوە و لە لیدوانێکیشدا بۆ لاپەڕەی پەروەردەی ڕۆژنامەی خەبات مامۆستا ئازاد دەربارەی کۆنفرانسەکە وتی: ئەوە یەکێکە لەو کۆنفرانسانەی ئێمەهاوبەشین هەم لەلایەنی مامۆستا ئازاد وتی: نەخێر ئێمە پێمان وایە پەروەردە سێکتەرێکی زۆر گرنگە پێمان وایە کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لەهەر شوێنێک و کایەو





بورهان ئەرگوشی: ئەو وەرچەرخانەی لەبابەتی کاری سەرپەرشتیاریدا هاتۆتە کایەوە بۆتە جێگای گفتوگۆو سۆشیال میدیاشی پێوە سەرقاڵ بووە پێویستی بە پرکردنەوەی کەلێنەکانی هەیە



سابیر حەمەد کانەبی: کێشەی سەرەکی سەپەرشتیکردنی پەروەردەیی نەبوونی پسپۆڕییە کە دەکرێت لەم کۆنفرانسە قسەی لەسەر بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە




بەشدار عەبدولخالق: ئەم پرۆژە نوێیە وایکردووە مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانەکان زیاتر پەرە بە خۆیان بدەن لە قوتابخانەکان بۆژاندنەوە هەیە لە داهاتووش ئەنجامەکانی دەبینین



ئازاد حەمەد: تا ئێستا دە قوتابخانەمان لەسەر ئەرکی خۆمان بۆ حکومەت نۆژەنکردۆتەوە، خۆمان بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە دەزانین


مادی کە نۆژەنکردنەوەی ئەم قوتابخانەیەو دروستکردنی ئەم هۆڵەیە کە کۆنفرانسەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت هەم لەلایەنی مەعنەوی و ستافی پەروەردەو ئەزموونی ئەمسالی گۆڕانکارییەکە خراپترین خاڵی تەوەری سەرپەرشتیکردن لە چیدا دەبینیەوە ؟ بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر لەمبارەیەوە وتی : نەبوونی پسپۆڕی یەکێکە لە کێشەکان کە دەکرێت لێرەوە قسەی لەسەر بکرێت .

دواتریش وتاری وەزیری پەروەردە لەلایەن بورهان ئەرگوشی نوێنەری وەزیری پەروەردە خوێندنی پانێڵەکان، دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئامانجی ئەوان لەم هاوکاریکردنەی کەرتی ئێمەهاوبەشین هەم لەلایەنی مامۆستا ئازاد وتی: نەخێر ئێمە پێمان وایە پەروەردە سێکتەرێکی زۆر گرنگە پێمان وایە کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لەهەر شوێنێک و کایەو



بەشدار عەبدولخالق: ئەم پرۆژە نوێیە وایکردووە مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانەکان زیاتر پەرە بە خۆیان بدەن لە قوتابخانەکان بۆژاندنەوە هەیە لە داهاتووش ئەنجامەکانی دەبینین

ئازاد حەمەد: تا ئێستا دە قوتابخانەمان لەسەر ئەرکی خۆمان بۆ حکومەت نۆژەنکردۆتەوە، خۆمان بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە دەزانین



حسن هاشم باڵەکی

شکستەکانم دەکەم بە پلیکانە بۆ سەرکەوتن!

هێنری فۆرد دەڵێت: شکست لە ڕاستیدا واتە بوونی فرسەتێکی تر بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لەسەرەتاوە دەست پێبکەیتەوە، بەڵام ئەمجارە بە زیرەکییەکی زیاترا

ئەوەی مەبەستمە و دەمەوێ بیڕژێمە سەری شکستی قوتابی و سوود وەرگرتن لە شکستەکەیەتی بۆ سەرکەوتن بە بەهێزی و وردیەکی بەرزتر زیرەکیەکی زیاتر، ئێمە سااڵنە دەبینین ڕێژەیەکی بەرچاو لە قوتابیان لە وەرزی یەکەم خولی یەکەم دەرناچن یاخود لە کۆتایی ساڵ و وەرزی دووەم دەمێننەوە لە هەمان پۆل کە لێی بووە، بەشێکی زۆر لەو قوتابیانە دەروونیەن شکست دەخۆن و تونای دووبارە هەڵسانەوەیان نیە و توانایان نیە ئەو شکستە بکەن بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی بە وزە و وردیەکی بەهێزەوە بڕۆن بۆ پڵەی زیاتر و سەربکەون، کەچی لەهەمانکاتدا قوتابی هەیە سااڵنە دواتر بە نمرەیەکی زۆر بەرز و بە حەز و خۆشەویستیەکی زۆرەوە دەچێتەوە خوێندن زۆرجار بینیومانن کە ئەو قوتابیەی سااڵنێک شکستی هێناوە سەرجەم سااڵنی دواتری بە ئاستی یەکەم و دووەم و سێیەم یاخود بە نمرەی زۆر بەرزەوە دەرچوونە و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، کەواتە هەندێجار بۆ قوتابی ئاست نزم و ئەو قوتابیەی ناخوێنێ سااڵنێک کەوتن و مانەوە دەبێتە هاندەر و پاڵنەرێکی زۆر بەهێز بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە خوێندنەکەی بدات .

بێگومان دووبارە هەڵسانەوە و سەرکەوتنی قوتابی دوای شکست پەیوەستە بە چەند هەنگاوێک لەوانە: پێویستە خودی قوتابی هەوڵبدات وەرە و وزە و هێز بدات بەخۆی بۆ ئەوەی حەز و خۆشەویستی بۆ خوێندن زیاتر بێت و بتوانێت سااڵنی ئایندە بە نمرەیەکی بەرز و بە توانایەکی بەرز بەسەر بکستەکەیدا زاڵ بێت، نەوەک وەری خۆی بروخێنێت و قسە و توانجی دەوروبەر و خەڵک کاری تێبکات و واز لەخوێندن بهێنێت کە ئەمە چارەسەر نییە. هەروەها پشتگیری دایک و باوک بۆ هاندانی منداڵەکەیان بۆ ئەوەی دووبارە هەڵسێتەوە و بتوانێ بەزیرەکیەکی زیاتر وهێز و پاڵنەرێکی بەهێزتر سەرکەوتوو ببێت، نەهێڵن منداڵەکەیان واز لەخوێندن بهێنێت، نابێ دایک و باوک هەمیشە سەرکۆنەی منداڵەکەیان بکەن و قسەی پێ بڵێن و ئیهانەی بکەن منداڵەکە بە یەکجاری بروخێت و حەز وئارەزووی خوێندنیشی لەدەست بدات، بەڵکو دەبێ بەن بە پاڵپشت وقەڵغانێکی بەهێز لەپاڵ منداڵەکەیاندا. پێویستە لە قوتابخانە مامۆستایان بەچاوێکیتر و بە هەڵسوکەوتێکیتر سەیری ئەو قوتابیە نەکەن کە لە سااڵنێک شکستی هێناوە لە خوێندن، بەڵکو دەبێ زیاتر گرنگی پێ بدرێت و هان بدرێت و ئامۆژگاری بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو قوتابیە لە شکستەوە ببرێتە بۆ سەرکەوتن، بۆ ئەوەی هەست بە کەم و کوری و شکستی خۆی نەکات لەناو قوتابیان، بێگومان گەر قوتابی خودی خۆی و دایک و باوک و مامۆستاکانی هاوکار و پاڵپشت بوون قوتابیەکە دەتوانێت بە هێز و وزە و نمرەیەکی زۆر بەرزەوە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.


چۆن منداڵەکانمان پەروەردە بکەین؟



بارزان محەمەد سوورە

پێویستە ، نەرمونیان بین، تورەوتوشاڵ نەبین، نایێت جیاوازی لە نێوان منداڵدا بکەین بەتایبەت لە ڕەگەز دا. چونکە کاریگەری نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە. بە تەنها دەکەوێتە بیرکردنەوە. هەست کردن بە جیاوازیەکان بەرەو شێرەزەیی و دوودڵی دەبات و ئەگەری خراپی لێ چاوڕێ دەکرێت. یان لە ناوەخۆی منداڵەکەدا لێکدانەوەی زۆر ڕوودەدات ودەبێتە داچۆرانی منداڵەکە. پێویستە بە دوای پرسیارەکانی کەویت و خواستەکانی لە بەر جاوبگریت و ببیتە جێگای متمانەی بۆ ئەوەی متمانە بەوێ بدات. هاندان و نەشکاندنەوەی منداڵ کاریگەری ئەرێنی لە سەر دروست دەکات و پەروەردە دەبێت کە خۆشی هەمان هەڵیست بنوێنێت. زۆرگرنگی دان بەو بەڵێنانەی پێیدەدەیت، چونکە منداڵ شت لە بیرناکات، بەتایبەت ئەوشتانەی بەڵێنی پێدەدەیت و بۆی نابەیتە سەر، تائەبەت لەبیری ناکەی، من خۆم لەساڵی 90 بەڵێنی یەک شتم پێدرا، بەڵام بۆ منیان نەکرد، بۆ براگەورەکەم وهاوڕێکانیشمان کردیان. ئێستاش لە دوای 30 ساڵ لە بیرم دەرناکرێت بەردەوام دێتەوە یادم. منداڵ ئارەزووی لە پرسیارە، مێشکی لەگەشەدایە، بۆیە پێویستە ، لەگەڵ گەشەی بڕۆیت، پشتگوێی نەخەی، چونکە پشتگوێت خست ئەوە خانەکانی گەشەی مێشکی ئەم منداڵەت کوشت .

پێویستە فێری پاراستنی کەل و پەلی مااڵ دەرەوەی بکەیت، هەست بکات بەر پرسیارە، چونکە با هەست نەکات بەرپرسیارەتی تەنها مەنسەبوو پلە و پۆست وکورسییە. بەڵکو ئەرکەو بەجێگەیاندنی مافدانە بەگشتی. پاراسەنی ژینگە یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکان، کەچۆن منداڵ فێربکرێت، پاراستنی ژینگە بگرێتە ئەستۆ.چونکەپەروەردەی ژینگەپارێزی دەگەڕێتەوە بۆ ماکی خێزانەکەی. فڕێنەدانی شت بۆ سەر جادەو شەقامەکان و پیس نەکردنی دەوروبەر نەک ماف بەڵکو ئەرکێکی مرۆڤایەتیە، چونکە؛دەبێتە هۆی تەندروستی بۆ هەموان. دانانی کاتێکی تایبەت بۆ منداڵ، بۆ گاڵتەکردن، لەگەڵی. هەستی لادروست بەکەی کەگرنگەلات. هەروەها دیاری کردنی کاتێک بۆ پرسیارو وەاڵم دانەوەی. دیاریکردنی کاتێک بۆ خێزانی بۆ ئەوەی هەست بکات، کە لەناو خێزان دا دەژیت و پێوستە پێکەوەبن و کاتێکی ئارام لەگەڵ یەکتری بەیەکەوە بەڕێبکەن. چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەاڵیەتییە.پێویستی بەتێکەڵ بوونەو گونجانە. پێویستە فێری بەرنامەی بەکەیت بۆ ئەوەی کاتەکانی بەفیڕۆ نەچن و ژیانێکی نموونەی هەبێت.



بڵاوکراوەی پەروەردەیی

پەروەردەی ڕواندز لە دە ساڵەی تەمەنیدا لە ماوەی 10 ساڵدا 12 قوتابخانە دروستکراوە

خەبات/ ڕۆشنا عەلی

سەدیق سەعید ڕەواندزی نوسەری کتێبی (پەروەردەی ڕواندز لە دەساڵەی تەمەنیدا) نامیلکەیەکی نوسیوە و باس لە هەیکەلی کارکردن و ئامارەکانی پەروەردەی ناوبراو دەکات و پوختەیەک لەبارەی پەروەردەکارو چالاکییەکان و ئەو ئامارانەی پەیوەستن بەڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە دەساڵی ڕابردوودا خستوتە ڕوو، ناوبراو وەک بەرپرسی ڕاگەیاندن لەپەروەردەی ناوبراو کاریکردووە ، نوسەر بەشێکی نامیلکەکەی بۆ باسکردنی سەرەتای کردنەوەی پەروەردەکە تەرخانکردووە ئاماژەی بەسنوری پەروەردەکە داوە کە قوتابخانەکانی سەنتەری شارو بێخاڵ کە دوو قوتابخانەی لێیەو قوتابخانەکانی سەنتەری قەزاو گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان بەرزێوەو گوندەکانی دەوروبەری کەبە دۆڵ مەنجەڵ ناسراون دەگرێتەوە، هەروەها گوندەکانی پیر سوان و بەرسیرین و زەرواو قوتابخانەکانی سەنتەری ناحیەی وەرتێ و دۆڵی خانەقا تادەگاتە پردەشاڵ و زار گەلی بۆکریسکان کە دوا قوتابخانەیەو دەکەوێتە بناری قەندیل، هەروەها باسی لە گرفتەکانی پەروەردەی ڕواندز کردووەو ئاماژەی بەوەش داوە کە تا ئێستا سێ بەڕێوەبەری بەخۆوە بینیوە کە هەریەک لە (موزەفەر عومەر حەسەن) و(سەعید شێخ ڕقیب) و (چنوور مەزهەر محەمەد) بوون ئاماری قوتابیانیش لەساڵی خوێندنی 2018-2019 7283 قوتابی بووە و لەماوەی ئەو دەساڵەشدا 12قوتابخانە دروستکراون کە سەرجەمیان شەش پۆلی و 18 پۆلی و 9 پۆلین و ئێستا خوێندنییان تێدا دەکرێت.

مانگی داهاتووش لەپەروەردەی ناوەندی هەولێر کۆنفرانسێکی ترمان هەیە بۆ دوو تەوەری جیاوازتر، دواتریش لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دوای چەند مانگێک کۆنفرانسێکی تر دەبەستین مامۆستا ئازاد وتیشی تا ئێستا نزیکەی دە قوتابخانەمان لەسەر ئەرکی خۆمان نۆژەنکردۆتەوە.

بەشدار عەبدولخالق بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لەلیدوانێکدا بۆ خەبات گوتی: ئامانج لەو کۆنفرانسە دوو تەوەری گرنگ هەڵبژێرابوون سەرپەرشتیاری کە ڕۆژانە باسی لێوە دەکرێت، هەموو گۆڕانکارییەک بەرپەرچدانەوەی دەبێت و ئەوانەی گلەییییان هەبێت مافی خۆیانە لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکە شێوازێکی نوێیە ئەو پرۆسەیەش ماندووبوونی دەوێت، بەاڵم لە هەمانکاتدا وایکردووە مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانەکان زیاتر پەرە بە خۆیان بدەن بۆیە دەبینین لە زۆربەی قوتابخانەکان بۆژاندنەوەو نۆژەنکردنەوە هەیە پێمان باشە ولە داهاتووش ئەنجامەکانی دەبینین.



بۆ مۆسکۆ ئۆباڵی کورۆنا دەخاتە ئەستۆی ئەمەریکا؟

ئا: خالید گەردی

لەگەڵ بەردەوامیی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرونا و گیان لەدەستدانی سەدەها لە تووشبووان بەم فایرۆسە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، هەر لە وڵاتی هیندەوە بگرە تا دەگاتە ئوسترالیا، هۆکاری سەرهەڵدانی بۆ بیرۆکەی پیلانگێڕی بە ئەنقەستە دەگەڕێننەوە. بەڵام هەرچی وڵاتی روسیایە، بە تایبەت دکتۆرو دەزگا راگەیاندنی ئەم وڵاتە، ئەو ترس و دڵەراوکێیەیان قۆستۆتەوە کە بە هۆی ئەو فایرۆسەوە لەنێو خەڵکەکە بڵاوبۆتەوە تا ئۆبالی سەرهەڵدانەکەی بخەنە ئەستۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەم هەڵمەتەی روسیا تەواو ئامانج لە هەڵمەتەکانی روسیا، ئەمەریکی دامەزرێنەری بیل گیتسی ملیادێری شێواندنی وێنەی رۆژئاواو کۆمپانیای زەبەلاحی بێهێزکردنیەتی لەسەر گۆڕەپانی مایکرۆسۆفت بۆ بەرنامەکانی نێودەوڵەتی، روسیا ئەو کۆمپیوتەرو جۆرج سوروسی هەڵمەتەی زۆر لە پێش بزنس مان و وەبەرهێنەری سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکە دەست ئەمریکی کە بە دوژمنی کرملین پێکردووەو بۆ ئەم مەبەستە ناوی دەبەن، بەوە تاوانبار کرملین پەنای بۆ سەرنووسەو کردووە دەستیان لە ئامادەکاری بەرنامەی بڵاوبوونەوەی فایرۆسەکە هەیە. تەلەفزیۆنی و کارمەندانی رەنگە سەیرترینیان، بواری راگەیاندن ئەوانەی بۆچوونەکەی پێشکەشکارە هەوادارو هاوسۆزی دەسەڵاتن بەناوبانگەکەی کەنالی یەکەمی بردووە تا رای گشتی لە دژی رووسیا بێت کە بە پارەی ئەمەریکا بوروژێنن. بە جۆرێک حکومەتی روسیا ئێستا بابەتەکە بۆتە بابەت و بەڕێوەدەچێت، کاتێ گوتی مانشێتی سەرەکیی هەر لە بنەچەی بیرۆکەی ناوی پێگە هەواڵییە بچووکەکانی فایرۆسی کورونا، ئەمەریکییە، نێو تۆزی ئینتەرنێتەوە بگرە تا لەبەر ئەوەی پێش چەندسااڵێک دەگاتە گرنگترین کەنالە دۆنالد ترەمپی سەرۆکی تەلەفزیۆنییەکان لەو کاتانەش ئەمەریکا تاجی (کراون بە بڵاو دەکرێتەوە کە خەڵکێکی ئینگلیزی) لە پێشبڕکێی زۆر تەماشایان دەکەن، کرۆکی شاجواناندا لەسەر شاجوانی نامەکەشیان بۆ بینەران ئەوەیە جیهان دانا، بە زمانی لاتینی فایرۆسی کورونا لە تاج بە واتای (کورونا) دێت، تاقیگەکانی بایلۆجی ئەمەریکا رووئیشە ناوی کۆمەڵەی بەمەستی کۆسپ خستنە بەردەم گەشی خێرای چین، بەرهەم ڤایرۆساتی کورونا لە شێوەی هێنراوە. هەرچی رۆژنامەنووس میکرۆبەکە لەژێر میکرۆسکۆپ و تۆیژەرە ئەمریکییەکانیشن هاتووە لە تاج دەچێت.ئەگەرچی سەرسوڕمانی خۆیان هۆکارەکانی راگەیاندنی روسیا لەبەرامبەر ئەو نووسینانەی لە لەسەر ئەوەی سەرچاوەی رۆژنامەکانی روسیا بە فایرۆسی کورونە ئەمریکایە شێوەیەکی ئەندێشەیی لەسەر کۆکن ، بەڵام لەسەر ئەو ئەم بابەتە بڵاوبۆتەوە، کەسەی کە پێش چەند ساڵێک دەبڕیوە، رووسەکان لە یا دەیەیەک هۆشداریان لە نووسینەکانیاندا هەر یەک لە بڵاوبونەوەی داوە کۆک نین، هەندێ دەڵێن میشێل نوستراداموسی ئەستێرەناسی فەرەنسی یەکەم کەس بووە هۆشداری لە بڵاوبونەوەی ئەو جۆرە ڤایرۆسە داوە، هەندێکی دیکەشیان دەڵێن بابا فانجای فاڵگرەوە کۆتەرەکەی بولگاریا بووە، هەندێکی دیکەش جەخت لەوە دەکەنەوە ستیفن هوکینگی زانای فیزیاو گەردوننناس بەریتانی یەکەم کەس بووە پێشبینی بڵاوکردنەوەی کردووە.



لوولەی تۆپ

دامەزراوەی تۆیژینەوەی راند کە بنکەکەی لە واشنتی پایتەختە، ریکلامە نوێیەکەی روسیا بە لوولە تۆپێک دەشوبهێنێ کە بەبەردەوامی کۆمەڵە بیردۆزەیەک هەندێ جار خەیاڵی، هەندێ جاریش دژبەیەک بهاوێت، مەبەستیان بێزارکردن و تۆقاندنی خەڵکە، بە جۆرێ لە کۆتاییدا گومانیان لەسەر خودی بابەتەکەش لا دروست بێت، ئەو خەڵکەی رووبەڕووی هەڵمەتەکە بوونەتەوە جەماوەری ناوخۆی روسیان، بەڵام هەندێ ڕاپۆرتی دیکە کە هەڵگری پەیامی بیرۆکەی پیلانگێڕین لە هۆکارەکانی راگەیاندنی روسیا، بەزمانی جیاجیا وەک سبوتنیکی روسی بڵاوەدەکرێنەوە.


لەمێک لە راستی

شارەزایانی بواری راگەیاندن پێیانوایە روسیا لە هەڵمەتە چەواشەکارییەکانی سەرەتا پشت بە هەندێ بنەمای راستەقینە دەبەستێت، ئینجا دەست بە گەورەکردن و شێواندنیان دەکات تا کەس نەیناسێتەوە، سۆڤیەتی جاران و روسیای ئێستا باس لەو تاقیکردنەوانەی پێشووی ئەمریکا دەکەن کە لەسااڵنی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو ئەنجامی دابوون دەکەن، وەک تۆیژەرەوان بە رشاندنی شارێک بەمادەی کیمیاوی لەلایەن تۆیژەرەوان، یا هەندێ تۆیژەر جۆرە بەکتریایەکیان لە میترۆ و تونێڵەکانی نیویۆرک بڵاوکردبۆوە یا بە ئەنقەست پێشکەو مێشوولەیان وەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی نەخۆشی بەکار هێنابوو. بەڵام زانیاریی چەواشەکارییەکانی روسیا نەبووە کۆسپ لەبەردەم چۆنیەتی هەڵسوکەوتی روسیا سەبارەت بە تووشبووانی ڤایرۆسەکە لە نێو خودی روسیادا، مەترسیی گەورەو بەردەوامەکە لە ئەگەری نەمانی متمانەیە بەخودی هەقیقەتەکان.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

سااڵی 1919:

شۆڕشێکی سەرتاسەریی لە کۆریا بەرپا بوو.




سااڵی 1941:

لە جەنگی دووەمی جیهاندا هێزەکانی ئەڵمانیای نازی بولگاریایان داگیر کرد.



سااڵی 1947:

دوای بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی دەستی بە کارەکانی کرد.



سااڵی 1966:

بۆ یەکەم جار کەشتی ئاسمانی ڤینۆس 3ی سۆڤیەتی لەسەر هەسارەی زوهرە نیشتەوە.



سااڵی 2009:

دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە لوبنان لە لاهای کۆبووەوە .



سااڵی 2014:

ئەنجوومەنی ئیتیحادی رووسی بە داواکەی پوتن رازی بوو سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز لە ئۆکرانیا.

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/3/1 ژمارە (5943) | خەبات

ئیدلب و وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەورووپا



ئا/عەبدولقادر کەڵهۆر

دوای هێرشی هێزە ئاسمانییەکانی سوریا لە شاری ئیدلب بۆ سەر هێزەکانی سوپای تورکیا و کوژرانی 33سەربازی سوپای تورکیا ، وەک کاردانەوەیەک ،بەرپرسێکی باڵای سەربازی تورکیا گوتی، لە ئێستا بەدواوە تورکیا نابێتە ڕێگر لە بەردەم کۆچی پەنابەران بەرەو وڵاتانی ئەورووپا . هێرشەکەی هێزە ئاسمانییەکانی سوریا وایکرد ژمارەی کوژراوان لە ریزەکانی سوپای تورکیا لە مانگی شوبات – فبرایەر زۆر بەرز بێتەوە، کە ڕەنگە ببێتە مایەی ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا هێرشێکی فراوان لە سنورەکانی باشوری تورکیاوە بۆ سەر هێزەکانی سوپای سوریا دەست پێ بکات ، کە لەلایەن روسیاوە پاڵپشتیی دەکرێن.

بەرپرسە سەربازییەکەی تورکیا گوتیشی، فەرمانمان بە پۆلیسی تورکیا و هێزەکانی ئێشکگریی کەنارەکان و ئاساییشی سنوورەکان کردووە کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە لە پەنابەران نەگرن لە دەریا و وشکانی بۆ کۆچکردنیان بۆ وڵاتانی ئەورووپا. بەرپرسەکە ئاماژەی دا ئیتر لەو ساتەوە کۆچکردنی پەنابەرانی سوریا بەرەو وڵاتانی ئەورووپا پرسێکە تورکیا خۆشحاڵی بۆ دەردەبڕێت.هەر دوای ئەو لێدوانەی بەرپرسە باڵا سەربازییەکەی تورکیا ، میدیاکانی تورکیا ڕاستەوخۆ دیمەنی کۆچبەرانیان بڵاوکردەوە کە بەنێو کیلگە و ڕێگە وشکانی و دەریاییەکانی تورکیا بەرەو سنورەکانی یۆنان و بولگاریاوە بەڕێوەبوون .هەرلەو چوارچێوەیەدا ئاژانسی دمیر کە لایەنگیری حکوومەتی تورکیایە دووپاتی کردەوە کە نزیکەی 300 پەنابەر کە ژن و منداڵیشیان لە نێواندایە بەرەو سنورەکانی باکووری ڕۆژئاوای تورکیا ڕووەو سنورەکانی یۆنان و بولگاریا بەڕێ کەوتوون و بەهیچ شێوەیەکیش هێزەکانی پۆلیس و سوپا و ئاسایشی تورکیا نابنە ڕێگر بۆیان .پێشتریش چەندین جار سەرۆک کۆماری تورکیا هەڕەشەی ئەوەی دەکرد، دەرگا والآ دەکات بۆ کۆچکردنی پەنابەران بەرەو وڵاتانی ئەورووپا ، کەواتە بەو هەنگاوەی تورکیا پەیماننامەی 2016 شکاندووە بەرانبەر بە یەکێتی ئەورووپا ، هەروەها ڕەنگە ئەو ڕەفتارەی تورکیا ببێتە مایەی ئەوەی هێزی سەربازی وڵاتانی ئەورووپا تێوە بگلێنێت لە ململانێکانی ئیدلب.

لەوەتەی کانونی یەکەمی ڕابردووەوە کاتێک هێزەکانی سوپای سوریا بە پاڵپشتی سوپای ڕووسیا توانیویەتی ناوچەیەکی فراوان لە چنگ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا دەربهێنێ کە لەلایەن سوپای تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن. نزیکەی یەک ملیۆن هاوواڵتیی سوریا ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتووە و ڕووەو سنورەکانی وڵاتی تورکیا ڕایانکردووە و بوونەتە پەنابەر لەنێو خاکی تورکیا . بەمەش جەنگی سوریا کە لە ساڵی 2011وە بەرپا بووە گەورەترین و خراپترین تەنگژەی مرۆیی خولقاندووە کە بەهۆیەوە سەدان هەزار کەس کوژراوە و ملیۆنەها کەس بوونەتە پەنابەر لەنێو خاکی وڵاتانی دراوسێ. بۆیە ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنی دیکە داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕ و کوشتاریان کردووە، بەاڵم سێ جەولەی دانوستان لە نێوان نەنقەرە و مۆسکۆ شکستی هێنا و نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک. دوای ئەوە تورکیا بە هەزاران سەربازی تورک و چەک و جبەخانەیەکی زۆری قورس و سوکی نارد ناوچەی سنوورییەکان و ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا هەڕەشەی ئەوەی کرد ، ئەگەر بێتو سوپای سوریا لە ناوچەکانی چاودێری سوپای تورکیا نەکشێتەوە، ئەوا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی گەورە و فراوان بۆ بەرپەرچدانەوەی سوپای سوریا دەستپێدەکات .



بەرپەرچدانەوە

دوای هێرشە ئاسمانییەکەی سوپای سوریا لە ئیدلب، ژمارەی کوژراوان لە ریزەکانی سوپای تورکیا تەنیا لە مانگی شوبات – فبرایەر گەیشتە 54 سەرباز و لەو ڕووەوە حاکمی هەرێمی هەتای سەر سنوری نێوان تورکیا و سوریا گوتی، جگە لەو 54 کوژراوە 32 سەربازی دیکە بریندار بوون . بەمەش لەوەتەی ساڵی 1993وە ئەوە گەورەترین ژمارەی کوژراوانە لە ریزەکانی سوپای تورکیا ، کاتێک لە ناوچەی بینگول 33سەربازی سوپای تورک بەدەستی چەکدارانی پەکەکە کوژران . لەلایەکی دیکەوە فەخرەدین ئاڵتون بەڕێوەبەری گەیاندن و پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی تورکیا گوتی، یەکەکانی پاڵپشتی زەمینی و ئاسمانی سوپای تورکیا تەقە لە هەموو ئامانجەکانی سوپای سوریا دەکات ، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتریشی لەو بارەوە نەدرکاند.لە بەرانبەردا ئاژانسی ڕاگەیاندنی ڕوسیا لە زاری بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری ڕوسیاوە ڕایگەیاند، ئەو سەربازانەی سوپای تورکیا کە بەر هێرشەکە کەوتوون نەدەبوایە لەو شوێنە بن ، لەو بارەوەش پێشتر ئەنقەرە هیچ زانیارییەکی لە هەمبەر شوێنەکەیان بە ڕوسیا ڕانەگەیاندووە.هاوکات ئاژانسی ئینتەرفاکسی هەواڵ لە زاری پەرلەمانتارێکی ڕوسیاوە ئاشکرای کردووە، ئەگەر بێتوو هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی فراوان لە ناوچەکە ئەنجام بدات ، کۆتاییەکی زۆر خراپی بۆ ئەنقەرە دەبێت.

ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی ئەورووپا و تورکیا

نزیکەی 3.7 ملیۆن پەنابەری سوریا لەنێو خاکی تورکیا نیشتەجێن، لەو بارەوە تورکیا چەندین جار دووپاتی کردووەتەوە کە لە توانایدا نییە پەنابەری دیکە لەخۆ بگرێت. بە پێی ڕێککەوتنامەیەک لە ساڵی 2016 یەکێتی ئەورووپا یارمەتی و هاوکاری بەبڕی چەندین ملیار یۆرۆ ڕەوانەی تورکا دەکات لە بڕی ئەوەی ئەنقەرە ڕێگری لە کۆچی پەنابەران بۆ وڵاتانی ئەورووپا بکات. بەرپرسە باڵا سەربازییەکەی تورکیا گوتی، ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران لە توانای هیچ وڵاتێکدا نییە بە تەنیا بەرگەی بگرێت. هاوکات ئاژانسی دەمیر ئۆران لە چەند دیمەنێکدا بڵاویکردەوە کە بە سەدان پەنابەری سوری و عێراق و پاکستانی و مەغریبی ڕوویان کردووەتە سنورەکانی باکوری ڕۆژئاوای تورکیا و ڕووەو یۆنان و بولگاریا بەڕێوەن .بە پێی ڕێککەوتنەکەی ساڵی 2016، یەکێتی ئەورووپا هاوکاری پێکەش بە تورکیا دەکات لە بەرانبەردا تورکیا ڕێگە لە کۆچکردنی پەنابەران بەرەو وڵاتانی ئەورووپا بگرێت، جێی زانینە زۆربەی پەنابەران لە شەڕ و کوشتار و هەژاری لە وڵاتەکانیان لە ئاسیا و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و ئەفریقیا ڕایانکردووە، نزیکەی یەک ملیۆن پەنابەر گەیشتوونەتە وڵاتانی ئەورووپا .

لەگەڵ توندتر بوونی شەڕ و کوشتار لە چەند ناوچەیەکدا ، ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی کرد کە کارەساتی مرۆیی ڕووبدات ، بە شێوەیەک جگە لە کوژرانی سەربازە تورکەکان ، تەنیا لە مانگی شوبات 134 هاوواڵتی سڤیل کوژراون لەنێواندا 44 منداڵی تێدایە جگە لە ڕووخانی قوتابخانە و نەخۆشخانە لە ناوچەکانی شەڕ و کوشتار.جێی باسە چەند مانگێکە سوپای سوریا بە پاڵپشتی سوپای ڕوسیا هەوڵ دەدات فراوانترین ناوچە بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا دابوو.تورکیاش کە ئەندانی پەیمانی ناتۆیە ڕازی نییە و پاڵپشتی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا دەکات. لەلایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە نیگەرانە لەبەرامبەر پێشهاتەکانی ئیدلب و هێرشە ئاسمانییەکەی سوپای سوریا و کوژرانی سەربازە تورکەکان. هاوکات ئەنتۆنیۆ گۆتێرێسی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو پەڕی نیگەرانی نیشاندا لە هەمبەر ئاڵۆزیوونی ڕەوشەکە لە ئیدلب.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
ژمارەی قوربانیانی تووندوتیژیی نێوان موسوڵمان و هیندۆسەکان لە نیودلهی پایتەختی هیند گەیشتە 42کەس .



ئەی ئێف پی:
بەهۆی باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ،ئەمەریکا بڕیاری دواخستنی کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی ئاسیانی دا کە بڕیار وابوو مانگی داهاتوو لە لاس ڤێگاس ئەنجام بدرێ.



ئیلاف:
حکوومەتی کەنەدا ڕایگەیاند کە چیتر ئامادە نابێ بەرپرسیاریەتی پاراستنی هاری و میغانی دۆقەکانی پێشووی ساسکس بگرێتە ئەستۆی خۆی.




ڕۆیتەرز:
مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند لە ماوەی شەش ڕۆژی ڕابردووەدا ئاستی شەڕ و تووندوتیژیی لە ئەفغانستان ڕووی لە دابەزین کردووە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
زانایان بەرزترین ئاستی پلەی گەرمیان لە جەمسەری باشوور تۆمار کرد کە 18.3 پلەی سەدی بوو.




کەنالی ئار تی:
وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا سەبارەت بە هێرشەکەی سوپای ئەسەد بۆ سەر ئیدلب پشتگیریی خۆی بۆ تورکیا دەربڕی.



دکتۆر دەریا عەلی بۆ «خەبات»:

زۆر بەکارهێنانی هێدفۆن بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی نەبیستن

هەموو منداڵێک پێویستە پشکنینی بیستنی بۆ بکرێت



دیمانە: وریشە عومەر

دکتۆرە دەریا عەلی قادر پسپۆڕی نەخۆشییەکانی بیستن و گێژبوون بەکالۆریۆس لە نەشتەرگەری گشتی و هەناویدا و ماستەر لە نەخۆشییەکانی بیستن و گێژ بوونداً، لە دیمانەیەکی تایبەت بە (خەبات) بە وردی وەلامی پرسیارەکانی (خەبات) ی دایەوە ،دەربارەی گێژ بوون و نەبیستن گوتی:

*** هۆکارەکانی پشت نەبیستن، یان کەر بوون چین؟**

ـ هۆکارەکانی کەمبوونی ئاستی بیستن زۆرن دەتوانین دابەشی بکەین بەسەرچەند جۆردا ،بەپێی ئەو هۆکارانەی کە تۆشی بەشەجیاوازاکانی گوێ دەبن

یەکەم: .ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گەیاندنی شەپۆلە دەنگییەکان لە ڕێگای گوێی دەرەوە و ناوەڕاستدا بۆ گوێی ناوەوە.

وەک: هەوکردنی کەناڵی گوێ (گوێی دەرەوە) ، بوونی تەنی نامۆ لە کەناڵی گوێدا، کۆبوونەوەی مۆم لەکەناڵی گوێدا ،هەوکردنی گوێی ناوەڕاست، دڕانی پەردەی گوێ ،لەجێچوونی ئێسکەکانی گوێی ناوەڕاست، بوونی گرێ و چەندین هۆکاری دیکە.

دووەم: .ئەو هۆکارانەی کە تۆشی گوێی لێدەبێت.

*** پشکنینی بیستن لە منداڵاندا چۆن دەکرێت و بۆچ منداڵێک پێویستە بکرێت؟**

پشکنینی بیستن لە منداڵدا بە بەکارهێنانی ئامێری (ئابرو ئاسی) لەگەڵ لە دایکبوونی تا سێ مانگ دەکرێت و بۆ هەموو منداڵێک پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت. کە ئەمە لە زۆربەی ولاتان پەیڕەو دەکرێت،وە ئەو منداڵانەی پشکنینەکانیان باش نابێت دەبێت دووبارە پشکنینیان بۆ بکرێتەوە، ئەگەر لەپشکنینەکە دەرنەچوون دەتواندرێت چارەسەریان بۆ بکرێت لە رێگای دانانی ئامێری بیستن وە یاخود چاندنی قەوقەعە، کە ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵەکە ببیستێت و فێری قسە ببێت. وەکو هەموو منداڵێکی دیکە ،ئەو منداڵانەی کە مەترسییان هەیە بۆ کەم بیستن پێویستە ئەم پشکنینە یان بۆ بکرێت.

*** هۆکارەکانی گێژ بوون چین؟**

باوترین هۆکاری گێژبوون جۆلانی کریستاڵەکانی گوێی ناوەوەیە ،وە هۆکاری دیکەی وەکو هەوکردنی گوێی ناوەوە، دروستبوونی زیاتر شلەی گوێی ناوە وەو بەرزبوونی پەستانی گوێ، شەقیقە ،زیان گەیشتن بە ئێسک و سەر بە هۆی ڕووداوەوە.

*** چۆن خۆمان بپارێزین؟**

لەوکەساندا کە گێژ بوونیان هەیە بەتایبەت ئەو کەسانەی کە تووشی بەرزبوونەوەی پەستانی گوێ دەبن دەبێت دوور بکەونەوە لەخواردنەوەی (چا و قاوە) و زۆر بەکارهێنانی خوێ و جگەرە، کە هۆکارن بۆ خراپتربوونی حاڵەتەکە.وەپێویستە ئەو کەسانە خواردنی تەندروست بەکاربهێنن و دووربکەونەوە لە دڵەڕاوکێ ، وە دووركەوتنەوە لە دەرما ن کە هۆکارن بۆ گێژبوون

*** مەترسییەکانی گێژبوون چین گەر چارەسەر نەکرێت؟**

ئەگەر زوو چارەسەری پێویست نەکرێت دەبێتە هۆی چەندبارەبوونەوەی حاڵەتەکە و ئەو کاتە چارەسەری گرانتر دەبێت، وە ئەو کەسانەی کە تووشی گێژ بوون دەبن ئەگەری کەوتن و بریندار بوون و شکانی بەشەکانی جەستەیان بەن بەهۆی کەوتنیانەوە، بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداری خۆیان بن و لەو کاتانەدا بەتەنیا نەبن

*** ڕێژەی خوێن بە زۆری وکەمی تا چەند هۆکارن بۆ ئەم دیاردەیە؟**

لەڕاستیدا کەم خوێنی هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە کەم خوێن بۆ مێشک بڕوات کە کەسەکە جگەرەکێشن، و یان توشی جەڵدەی مێشک دەبن سستبوونی دەماری بیستن لەم کەسانەدا زۆرترە.

*** ئایا نەبیستن بۆ ماوەیەیە یاخود کتوپڕ دێتە پێش؟**

ئەگرێت بۆماوەیی ڕووبدات، و دەگرێت کتوپڕ ڕووبدات

*** لەمنداڵدا هەستی بیستن لەگەڵ لە دایکبووندا هەیە؟**

بەڵێ منداڵ هەر لە ناوسکی دایکیەوە هەستی بیستنی هەیە، وە لە تەمەنی (3-6) مانگی تەمەنی منداڵەکەدا منداڵ بە تەنیشتدا ئاوڕ ئەداتەوە بە هەر دەنگێک کە گوێی لێیبێت، وە لەگەڵ گەورە بوونی تەمەنیدا هەموو (3) مانگ ئەتوانێت ئاوڕ بداتەوە بۆ ئەو دەنگانەی لەتەنیشت و سەرووی خۆی یان خواروی خۆی گوێی هەست بە سەر ئێشە و بێ هێزی دەکات ئەمە بە گێژبوون دانانرێت بەڵکو گێژبوون (هەستکردنی کەسەکە یە بە سوڕانەوەی خۆی یاخود دەوروبەری) ئەم حاڵەتە بە هەڵە لە لایەن کەسەکەوە بە گێژبوون پێناسە دەکرێت، وە بە هەمانشێوە ئەو کەسانەی خوێنیان زۆرە هەست بە سەر ئێشەو چالاکی و سەر قورسی دەکەن دوبارە ئەمەش گێژبوون نییە.

تا چەند دەرمان هۆکارە بۆ حاڵەتی گێژبوون؟

هەندێک دەرمان دەبنە هۆی گێژبوون وەک دەرمانی ئازارشکێن و دەرمانی دژە بەکتریا و ئەو دەرمانانەی دژی گەشکە بەکار دەهێنرێت، و دەرمانی دژە مەلاریا و دژە ڤایرۆسەکان و هەندێ دەرمان کە بۆ دڵ و ڕۆماتیزم بەکار دێت.



ئەو کەسانەی کەگێژ دەبن، بەتایبەتی کە تووشی بەرزبوونەوەی پەستانی گوێ دەبن دەبێت دوور بکەونەوە لەخواردنەوەی (چا و قاوە) و زۆر بەکارهێنانی خوێ و جگەرە



دکتۆرە دەریا عەلی

ناوەوە دەبن و دەبنە هۆی سستبوونی دەماری بیستن وەک:

سستبوونی دەماری بیستن بە هۆی تەمەنەوە، دەنگی بەرز وەکو دەنگی تەقەمەنی و زۆر بەکارهێنانی هێدفۆن بە دەنگی زۆر بەرز بۆ ماوەیەکی زۆر.

سێیەم: بەکارهێنانی هەندێک دەرمان وەکو دەرمانی دژی هەوکردن یاخود دەرمانی کیمیایی.

چوارەم: زیان گەیشتن بەمێشک

پێنجەم: هەوکردنی پەردەی مێشک

شەشەم : هۆکاری بۆ ماوەیی لە منداڵاندا، وە هۆکاری ڤایرۆسی وەکو سورێژە و ملەخرە، هەروەها زیاد دروستبوونی شلەی ناو گوێ کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی زەختی گوێ و سستبوونی دەماری بیستن، وە ئەو کەسانەی شەکرەو زەختیان هەیە، قەڵەون و

کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان، قەڵای هەولێر بە وێنەو ڕەنگ دەڕازێننەوە



لە درێژەی چالاکییە هونەرییەکانی خۆیدا کە دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان ماوە ماوە بۆ گروپ و تیمە هونەرییەکانی دەکاتەوە، بەبۆنەی یادەکانی نادارو نەورۆز، لە ڕێ و ڕەسمێکدا لە گەلەری قەڵای دێرینی هەولێری پایتەخت پیشەنگایەکی زەخرەفەو خۆشنوسی بۆ کۆمەڵێک بەهرەمەندی بواری خۆشنوسی کردەوە کە بەشداربووان جگە لەشاری هەولێر، شارەکانی دیکەشی لەخۆ گرتبوو. لەو ڕێ ڕەسمەدا (ئەڤین هروری) ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و عەلی سەلیم و صابر ئەحمد ئەندامانی دەستە و جەماوەرێکی تایبەتی هونەرمەندان و هونەر دۆستان ئامادەی بوون. پێشەنگاکە لە لایەن کۆمەڵەی خۆشنوسانی کوردستانەوە ڕێکخرابو. لە میانی بەسەرکردنەوەو تەماشاکردنی بەشەکانی پێشەنگاکە، بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان وێرای ستایشکردنی دەست ڕەنگینی هونەرمەندانی بەشدارببو، هاوکات هیوای بەردەوامی بۆ خواستن و کارەکانیانی بە کارێکی ئیبداعی وەسف کرد.

کەسنەزان: کرنەوەی پێشنگایەکی شێوە کاری

خەبات:ئریفە ئازاد

بۆ زیاتر گرینگی دان بە توانا و بەهرەکانی لاوان و نیشاندانی بەهرە شاراوەکانیان بە ئامادە بوونی بلند اسماعیل بەرپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و لاوانی سنورەکە ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی کەسنەزان سەر بە ناوەندی بالای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنی یادی 18ی شوبات هەڵسا بە کردنەوەی پێشنگایەکی وێنەی شێوەکاری بۆ سێ لاوی بەهرەند (ئیسلام ڕەسام،وەڵیپاک تاهیرەهەڵکەوت ڕەسام) ,کردەوە کە تێدا چەندین وێنەو تابلۆی شێوەکاری نمایش کران و گوزارشتیان لە ئەمرۆی کوردستان دەکردەوشایەنی باسە بەرپرسی لقی 16 بە گرینگیەوە لە وێنەکانی ڕوانی و ستایشی دەست ڕەنگینی و بەهرەکانی ئەو لاوە بەهرەمەندانە کرد و هیوای خواست لە داهاتووش بەردەوام بن بۆ نیشاندانی بەهرەکانیان بۆ ئەوەی زیاتر گرینگی بە بوارە هونەرییەکەیان بدەن.



بکوژی نوێ بکوژی گەورە نییە


ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت بە ناونیشانی (بکوژی نوێ بکوژی گەورە نییە) بابەتێکی بلاوکردۆتەوە نوسەری بابەتەکە دەربارەی ئەو بکوژە نوێیەی ناوی ڤایرۆسی کورۆنای لە خۆی ناوە دەنووسێ گوایە ئەم ڤایرۆسی کورۆنایە هەموو ناوەندەکانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووەو بە ئارەزووی خۆی دەست بۆ چارەنووسی خەڵکی دەبات، ئەمەش بۆ جاری یەکەم نییە کە ڤایرۆسێکی وا جیهان دەخاتە هەرەشەوە، بەڵکو پێشوتریش ئەو گەمەیە هەبووە. لەناوەڕۆکیدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم نیگەرانیەی جیهان لە جێگەی خۆیدایە، چونکە لەم سەردەمی عەولەمەیە هیچ شتێک نییە کە بە شاراوەیی بمێنێتەوە، ئەم ڤایرۆسی کورۆنایەش لە بەرامبەر ئەو پێشکەوتنە گەوردیەی جیهان سەری دانەنواندووەو سنورەکانی لە چین بەزاندووەو ڕۆژانە لە ولاتانی دیکەی جیهان بلاو دەبێتەوە. نوسەر پێ وایە کە ئەم بکوژە ڕۆژگاریک دێ و دەبێتە پاڵەوان و دیوەزمەی زۆرێک لەو چیرۆکانەی کە نەمانبیستووەو نەمانخوێندۆتەوە.




چاپکراوی نوێ

کتێبی وەهمی دیموکراسی، کە 19 هەمین بەرهەمی نووسەر و ڕۆشنبیر سمکۆ محەمەدە. کەوتە بەردەستی خوێنەران. لەم کتێبەدا نووسەر باس لەو وەهمە دەکات کە کۆمپانیا و دەوڵەتە زلهێزەکان دیموکراسییان وەکو کارتێک بۆ نەتەوە ژێردەستەکان بەکارهێناوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان و بەردەوامبوونی جەنگە جیاوازەکان. لە بەشێکی کتێبەکەیدا ئەم پەرەگرافە هەیە، کە دەڵێ "دیویی ناوەوەی ئیدیۆلۆژیای ئەم سیستەمە کە ئابووریە و ڕووە سیاسیەکەی وەکو فەرهەنگ تەنها کەڤرەکەیەتی، لەسەر باج ئەستاندن وەستاوە کە تەواوی دونیای کردووە بە ئینسانێکی تۆڵەسێن نەک لەئەویتر. بگرە تۆڵە لە خودی خۆشی بکاتەوە، کە تەواوی ژیانی کردووە بە قوربانی پاراستنی بەرژەوەندی و بەردەوامبوونی تەمەنی کۆمپانیا و خاوەنکار لە پێناو ژیانێکی شایستە، تەکنۆلۆژیا کە ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەیە لەڕێر پەرچەمی دیموکراسی بەرهەمهێنانی ئیدیۆلۆژیای پراکتیکی یە".


سمکۆ محەمەد ماوەی 30 ساڵە لەبواراکانی ئەدەب و فکر و سیاسەت دەنووسێت. سێ بەرهەمی دیکەی ئامادەن بۆ چاپ. بەناوی ڕەخنە و ئاراستەکانی. ئیستاتیکا دیالیکتیکی سێکس و سروشت و چاوپێکەوتنەکان



ئەمشەو لە کلاسیکۆدا ریال مەدرید هەوڵی وەرگرتنەوەی پێشەنگ لە بەرشلۆنە دەدات







کیکی: دەبێ وابکەن ریال مەدرید هەر بەدوای تۆپ غاربدەن

زیدان: سێ خاڵی یارییەکە مانای وەرگرتنەوەی پیشەنگ دەگەیەنێت



هاوار مورتکەیی

ئەمشەو یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆگرنگترین یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی ئیسپانی لە ئامیز دەگریت، کاتێک یانەی ریال مەدرید لە لووتکەی گەڕی **25**ی لالیگا، میوانداری یانەی بەرشلۆنەی رکابەرە سەرسەختەکەی دەکات، ئەمە لەکاتێکدا کە یانەی کەتالۆنی بە خاڵ پێشەنگی گرتووە و بەجیاوازی خاڵ لەپێش مێرینگییەوە دێت.

ئاشتبوونەوەی ریال

یانەی ریال مەدرید هەوڵی ئەوەدەدات ئەو یارییە کە لەناو یاریگاو لە نێو جەماوەرەکەیدایە، بقۆستەوە بۆ ئاشتبوونەوەی لەگەڵ جەماوەرەکەی، دوای ئەوەی لە دوو یاریی رابردووياندا **5** خاڵیان لەدەستدا و پێشەنگی لالیگایان رادەستی بەرشلۆنە کرد، ئەمە جگە لەبیرکردنی ئەو دۆرانەیان لەیاریی چوونی خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر یانەی مانچستەر سیتی.

گەڕانەوەی پێشەنگ

بردنەوەی ئەم یارییە بۆ ریال مەدرید زۆر گرنگە کە بڕوا و متمانە و لەهەمان کاتیش پێشەنگ دەگەڕێننەوە، چونکە بەپێچەوانەوە دۆڕان یان بەرامبەر بوون، جیاوازی خاڵەکانی لەگەڵ یانە کەتالۆنیەکە زیاتر دەبێت و لەم حالەتەشدا زۆر زەحمەت دەبێت قەرەبووی بکاتەوە، بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە فشاری مەترسی دەرکردنی لە خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپاشی لەسەرە.

لەبەرامبەردا یانەی بەرشلۆنە هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات پێشەنگ رادەستی مەدریدییەکان نەکاتەوە و مێرینگییەکان بەهەمان دەردی مان سیتی بەرێت، ئەگەرچی ئەرکی بەشلۆنە هێندە ئاسان نابێت لەناو سانتیاگۆ ئەو زەبرە بوشینیت، ئەویش بەهۆی ئەو پێکانانەی لە ریزەکانیاندا هەیە.

کلاسیکۆ دان بەهیچ نانێت

ئەو تایبەتمەندیەی کلاسیکۆ هەیەتی زۆر جیاوازترە لە یارییەکانی دیکە، کلاسیکۆ دان بەهیچ ئەنجامێکی پێشووی نێوان ئەو دوو یانەیەدا نانێت، تەنانەت ئەنجامی یارییەکانی پێشووی ئەو دوو یانەیەش لەگەڵ یانەگانی دیکەدا، هەروەها دان بەوەشدانانێت کە کامیان لەم کاتەدا بەهێزترن، تەنانەت کلاسیکۆ جیاوازی لەنێوان سانتیاگۆ بێرنابیۆ و کامپ نووشدا ناکات، کاتێک فیکەی ناوپژیوان لێدەدریت، بارودۆخی یارییەکە زۆر جیاوازتر دەبێت و هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی نێوان ئەم دوو یانەیە نازانریت کامەیان براوەدەبن.

لێدوانی راهێنەری ریال

سەبارەت بەم یارییەش زێنەدین زێدانی راهێنەری ریال مەدرید لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: ئەرکی ئێمە ئەمشەو زۆر گرنگ دەبێت، بردنەوە لەبەرشلۆنە واتە وەرگرتنەوەی پێشەنگ، بڕوایەکی تەواوم بە یاریزانەکانم هەیە کە ئەمشەو بتوانن **3** خاڵی گرنگی یارییەکە بەدەست بهێنن.

لێدوانی راهێنەری بەرشلۆنە

دواتریش کیکی سیتین راهێنەری بەرشلۆنە هەروەک رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی ئاماژەی بۆکرد زۆر پەرۆشی بردنەوەیەی کلاسیکۆیە لەناو سانتیاگۆ بێرنابیۆدا، ئەو راهێنەرە لەکاتی دواممشقی یانەکەیدا بەدەنگیکی بەرز هاواری بەسەر یاریزانەکانەوە کردووە و گوتوویەتی: دەبێ وابکەن یاریزانانی ریال مەدرید بەردەوام بەدوای تۆپدا غاربدەن، ئەی گەنجەکان دەمەوێ لەهەموکات زیاتر تۆپتان لابێت، وا لەیاریزانانی ریال مەدرید بکەن بیتاقەت بن لە راکەراکەی دوای تۆپدا.





رامۆس: مێسی مەزنترین یاریزانە لە مێژوودا

بەر لە یارییەکەی کلاسیکۆ کە ئەمشەو بەڕێوەدەچێت، سێرجیۆ رامرسی کاپتنی یانەی ریال مەدرید دووپاتی کردەوە کە رێزێکی زۆری بۆ مێسی کاپتنی یانەی بەرشلۆنە هەیە.

رامۆسی تەمەن **33** ساڵ زیاتر دەڵێت: دووبارە دەیڵێمەوە رێزێکی گەورەم بۆ مێسی هەیە و پێموایە یەکێکە لە مەزنترین یاریزانەکان لە مێژوودا، وەک هاوڕێیەکی پیشەگەرم هیوای باشتری بۆ دەخوازم، ئەو لای من رێزێکی تایبەتی هەیە.

هەولێر بەرامبەر نەفتی جنوب دۆڕا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی سێیەمی خولی نایابی عێراق بۆ تۆپی پێ،یانەی نەفتی جنوب میواندداری یانەی هەولێر کرد، هەولێر لەسەر دەستی ڕاهێنەری کڕواتی ڕادان تووشی یەکەم شکست هات، کاتێک لەخولەکی **17**دا لەرێگەی یاریزانی یانەی نەفتی جنوب عومەر مەنسوری گۆڵی یەکەم و بردنەوە بۆ یانەی خانەخوێ تۆمار کرا.

لەگێمی دووەم ئەمجاریان هەولێر پالەپەستۆیەکی تەواویان خستبووە سەر تیپی خاوەن یاریگا، بەڵام هەموو هێرشەکانیان بێ سوود بوون، بەمشێوەیە یارییەکە بەتاکە گۆڵێکی بێ وەڵام لەبەرژەوەندی یانەی نەفتی جنوب کۆتایی هات .

ئەنجامی یارییەکانی دیکەیش بەمشێوەیە دەبێت:

حدود *1نەفتی ناوەراست **0**
زەورا *1کارەبا **0**
مینا *0نەفت **2**
سناعات کارەبا *2نەفت میسان **0**
قوەی جەوییە *2تەڵەبە **1**

ڕێزبەندی خولەکە لەپلەی یەکەم تا پلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

1-قوەی جەوییە **9** خاڵ **2**-نەفت **7**خاڵ **3**- حدود **6** خاڵ **4**-زەورا **6** خاڵ **5**- هەولێر **6** خاڵ.

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ئەمشەو لووتکەی یۆڤی و ئینتەر بەبێ جەماوەر بەڕێوەدەچێت



ئەمشەو لە لووتکەی خولی ئیتاڵی هەردوو یانەی یۆڤینتۆس و ئینتەر میلان لە گەڕی **26** بەیەک دەگەن، یارییەکەش بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر بەڕێوەدەچێت، دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵی بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئیتاڵیا، بڕیاریدا یارییەکە بەبێ جەماوەر بەڕێوەبچێت.

لەمبارەیەوە ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕەخنەی لەو بڕیارەی ئامادەنەبوونی جەماوەر گرت و گوتی: یاریکردن بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر هیچ ناگەیەنێت، تۆپی پێ پێویستی بەجەماوەرە، بەڵام لە کۆتاییدا بەرگەی ئەو بڕیارەدەگرین چونکە لەبەرژەوەندی تەندروستی گشتیدایە.

جێی باسە یۆڤینتۆس بە **60** خاڵ لەپێشەنگدایە و بەجیاوازی یەک خاڵ لەپێش لازیۆ دێت، لەوڵاشەوە ئینتەر میلان لە پلەی سییەم دیت بە **54** خاڵ لەگەڵ یارییەکی دواخراویدا.



(ئەرشیف کاروان محەمەد سینق)

لە 41 ساڵەی کۆچی دوایی بارزانیی نەمردا وەفادار دەبین بۆ ڕێبازەکەی



ئاپۆڕای جەماوەری ڕۆژی بەخاکسپاردنی بارزانی لە شنۆ – 1979



ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی مەلا مستەفا بارزانی لە شنۆ – 1979

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
info@xebat.net
www.xebat.net
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun.1. Mar. 2020 No: (5943)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616